# ساباتی
# ئەدەب و روناکبیری

توێژینەوەی ئەکادیمی



د. رەئووف عوسمان

# ساباتی

# ئەدەب و رووناکبیری

## توێژینەوەی ئەکادیمی

د. رەئووف عوسمان

- ناوی کتێب: ساباتی ئەدەب و ڕووناکبیری
- بابەت: توێژینەوەی ئەکادیمی
- نووسینی: د. رەئووف عوسمان
- دیزاین: سکای دیزاین
- چاپ: چاپخانەی دیلان
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- ساڵی چاپ: ٢١٧
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

# نــاواخــن

**بەرچاو ڕوونیەك**.......................................٥

**دەقــی داخراو، دەقی کــراوە**.....................................١٠

**عیشقی سلێمانی لە ئاوێنەی بیری سێ کوچکەی بابـاندا**.........٤٦

**هەندێك یادەوەری و رامان لەئاستانەی نەمریدا** .........................١٠٩

**مەرجەعیاتی ڕووناکبیری و شاعیرێتیی شێخ نووری شێخ سالح**.............١٢١

**تابلۆی هەڵپەڕکێ لە پیشانگای قانیعدا**...............................١٣٨

**دیوانی سالم لە ئامێزی شیکردنەوەی ئەکادیمیدا**.........................١٥٨

**دەقی کراوە لە هۆنراوەکانی مەحویدا**...................................١٩٠

**سەرچاوەکان** ..............................................٢٢٢

# بەرچاو ڕوونیەك

خوێنەری ئازیز بابەتی دوو توێی ئەم كتێبە، لە چەند كات و شوێن و بۆ نە و هەل و مەرجی ج یاوازدا بەر هەم هاتوون، هەندێك لەسەر داوای گۆڤار و فیستیڤاڵە ئەدەبیێكان نوسراون و خوێندراونەتەوە، ئەوەی بۆ شاعیری شۆرشگێر و پێ شكەوتن خواز قانیع نو سیومە، لە سەر داوای كاك ئەحمەدی نەزیری بوە، بۆ كۆنگرە یەكی ئەدەبی لە مەڕ قانع، كەبڕیار وا بوو لە مەریوان ببە سترێت، تائێ ستا نازانم ئەو كۆنگرەیە، بەرێوە دەچێت یان نا؟! دیارە ئەم جۆرە بابە تە لەبەر كەمی كاتی پانێ لەكان، خە سڵەتی كورت بڕی هە ڵدەگرێت و نوو سەریش ناتوانێت پڕ بە پڕ حەقی خۆی بداتێ. بەرهە مەكان لەروی فۆرم و با بەت و ناوەڕۆ كەوە

جیاوازن، هەندێکیان مۆرکی مێژوی ئەدەبی پێوه دیارە، بەڵام هەرگێڕا نەوەو زانیاری ئەدەبی ڕووت نین، بەڵکوو خراونەتە بن دەسەڵاتی دنیا بینی نوسەرەوە لە شرۆڤەو نرخاندندا و بیر بۆ چونی ئەوی تیادەدروشێتەوە، واتە جگە لە پابەند بوونم بەڕۆحی تێکستەوە، هەوڵمداوە زانیاری فرە مەودای دەوروپشتی دەقیش بخەمە سەر کۆی بابەتەکەوە و پتر ئاشنای کەم بەخوێنەر و دنیای دەرەوەی دەق، کە لە ئەنجامدا دەکاتە دەوڵەمەند کردنی دەق و دروست کردنی جۆرێك لە هۆگری لە نێوان خوێنەرو تێکستدا. ئەو بابەتەی کەلەسەر دیوانی سالم نوسراوە زادەی بۆ چوونی تایبەتی خۆمە لەمەڕ جۆری تێگەیشتنم لەڕاڤـەی بەیتەکان، دیارە جیاوازی لە نێوان من و ڕاڤەکەری دیوانی سالمدا هەیە و ئەمەش نەك ئاساییە بەتەنیا، بەڵکو دەشێت بۆ چوونی تریش هەڵبگرێت، چونکە ئەدەبی سێ کوچکەی بابان ئامادەگی ئەوەی تیایە کە خوێند نەوەی جیاوازی بۆ

بكرێت، بەندە وای بۆ دەچم كە هیچ بەرهەمێكی ئەدەبی و ڕو ناكبیری وەك قار چك لە خۆوە هەڵ نەتۆقیوە و كم تازۆر پەیوە ندی بە داهێنا نەكانی پێش خۆ یەوە هە یە لە هەمان بابە تدا یان با بەتی نزیـ كی هەمان بوار، داهێنا نەكانیش هە ندێكی خـ ستنە سەر و (ا ضافة) هە ندێكی گۆرانكار یە... هە ندێكی وەر گرتن و دانەوە یە بە شێوازی جـ یا جـ یا ... هەندێكی... هتد.

داهێـ نان سەد دەر سەد لە هەر بوارێـ كدا ئە گەر هەبێت! گۆرانكاری جۆریە لە چەندێتییەوە و ئەم حاڵە تەش كەمتر لە بواری ئەدە بدا بە ئەنجام دە گات، بەڵام لە بواری زاذ ستی ڕوو تا، داهێـ نانی جۆرێتی بەر چاوترە، وەك دۆزیـ نەوەی كارەبا، رادیۆ، فلاٌنەمیكرۆب... هتد هەرچەندە ئەمانەش بیّ بـ نەمانین و كەم تا زۆر پەیوە ندیان بەداهێنا نەكانی پێش خۆیانەوە هەیە، دیارە هەر داهێنانێك لە هەر بوارێكدا بریتیە لە كارلێكی (تفاعل) بابەتەكانی بەر لە خۆیو وزە تایبەتەكانی

بیرو عەبقەرێتی نوو سەرەکە، وا تە نەوەکان درێژەپێدەری تاقیکردنەوە ئەدەبی و ڕوناکبیریەکانی پێش خۆیانن و بەپێی تواناو لێهاتویی و وزە تایبەتەکانیان ئەفراندنی نویٚ چیٚ دە کەن و سامانە کە دەوڵەمە ند دە کەن. لەبە شێك لە لێکۆڵینەوەکا ندا پابە ند نەبوم بە خودی دەقەکا نەوە بەتەنیا، بەڵکو بەرێگای بونیادی قووڵدا (البنية العميقة)، یان گەران بە دوای وا تای وا تادا، یان دۆزینەوەی ستاتیکای داهێنان و نهێنێکان، هەوڵم داوە دە قەکان ببە ستمەوە نەك بەتەنیا بەهەل و مەرجی ئەوی کاتەوە، بەڵکو بەسوسولوژیای کۆمەڵگای کوردیەوە و کەم تا زۆر دیدگای سەردەمانەیشم نمایش کردوە، چونکە ناکرێت رابوردو بە فلتەری ئێستادا نەبریٚ و دەر هاویشتە نوێکانیش پێش چاو نەخرێت، دیارە لە و حاڵە تە بەراوردکار یەدا جیاواز یەکان دەردە کەون و خۆێنەر هەست بەڕێژەی بەر و پێش چونی بیرو داهێنان و ئامرازە کان دە کات و رووی شار ستانێتی لە هەموو

بوارەکا ندا  نمایش دەبـ یـّت. با بەتی (عیـ شقی سلێمانی لە ئاوێـ نەی بیری سیٚ کو چکەی بابا ندا... ڕوداو.. مـ یـّژوو..) مۆرکی تەفـ سیرو پەل هاویـ شتن بۆ زاذ یاری پتر و دە قی هاوشێوەو شیکردنەوەی دیاردە مێژویی و سۆسۆلۆژی و ئابووری و سیا سیەکانی تـ یا دەدرەو شێتەوە، هەر چەندە خودی دەقەکانیش باس لە ڕووداوەکانی مێژوو دەکەن لە فۆرمێکی کەم تازۆر حەما سەت ئامێزدا، دیارە هزرو دذیا بینی نوو سەریش لە ذ یـّوان شرۆ ڤەکاندا نمایش دەبـ یـّت، دە توانین بـ لـّێین رابوردو مان بە هەردوو د یدگا و دذ یابینی ئیـّ ستا و جاران خوێندۆ تەوە و گەیـ شتوینەتە هە ندێك ئەنجامگیری، کەبە شی هەرە زۆر یان بەدا خەوە، دوو بارە بوونەوەی روداوە تراژیدیە ئامێزەکانە لە فۆرمی جیاوازدا.

# دەقــی داخراو، دەقی کــراوە

ئا یا دە شێت دە قە دێرینەکان، ئا مادەگی هەمیشەییان هەبێت بۆ پراکتیزەکرد نی تیۆرە نوێکانی ڕەخنە لە سەر داهێنانەکانیان و لە دواجاریشدا ئەنجامگیری ئەکادیمی و بابەتیانە بەدەست بهێنرێت؟ ئا یا دە شێت بە گەزو گرێی ڕو ناکبیری ئەم سەردەمە بە هەموو داهێنانە گەورەو فرەلکەکانیەوە، تێکستە نوێکان چیێ بکەین؟! دیارە بۆ ئەم مەبەستە دەڵێین هەر بابەتەو خەسڵەتی خۆی هەیەو ناکرێت تێکەڵاو بکرێن، لەوانەیە نەتوانین دیاردەو ڕووداوو بابەتە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و مێژوویە دێرینەکان بە چەمکی پێوانەیی ئەم سەردەمە تاوتویێ بکەین، چونکە هەر سەردەمە

کۆمەلێك خەسڵەت و دذیابینی و هەل و مەرجی بابەتی خۆی هەیە، بەلاّم بابەتە شیعری و ئەدەبیەکان جیاوازن و دەشێت هەندێك تیوری نویٚ بەسەریاندا پراکتیك بکرێت، ئاخر ناکرێت ئەو هەموو دەسکەوت و داهێنانە تیوری و فکری و ڕووناکبیریە جیهانیەی ئەم سەدەیە بخەینە دەرەوەی شیکردنەوەکانمان!، بما نەویٚ و نەما نەویٚ لێکۆڵەر مرۆڤی سەردەمی خۆیەتی و چەکی دەستی ئەم دەرەنجامە فکری و ڕۆشنبیریانەی سەردەمەکەیەتی و بەکاری دەهێنێت بۆ چیٚ کردنی چالاکیە فکری و ڕووناکبیرییەکان.

دیارە ئەرکی خوێنەرو ڕەخنەگری ئەم بوارە، هەمیشە قورس و دژوارەو دەبێت شارەزایی زۆرو فرە بوار لەپشت لێکۆڵەری دەقەوە هەبێت و سەرباری ئەمەشیان و لەبەرامبەریشدا، گەرەکە دەقەکە نەك بە زیندوویی و دروست لەدایك بووبێت بە تەنیا، بەڵکو ئامادەگیەکی بابەتیانەشی تیابێت و زەمینەیەکی بەپیتی هەبێت بۆ شەتڵ و بارگەکردنی

تیوره نوێکانی مەڕ دەسەڵاتی ڕەخنەی نوێ، دەقی داخراو بەبەراورد لەگەڵ دەقی کراوەدا، ناتوانێت بە سانایی وەڵامی تیوره نوێکانی ڕەخنە بداتەوەو خوێنەریش بخاتە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوەی قووڵ‌و چێژو لەزەتی هونەری پێ ببەخشێت، چونکە لە چەقی خاڵێکدا قەتیس دەمێنێت.

هەندێک دەقی ئایینی هیچ جۆرە بوارێك نادات بە چەمکی هێرمۆنتیکا بۆ لێکدانەوەی جیاوازو فرەلێکدانەوەو لێکدانەوەکانیش لەو سەروبەندەدا دەخرێتە گیرفانی دەقەوەو تاك گەرایی (التفرّد) خاوەن دەقیش دەبێتە باڵادەست‌و ڕۆڵی خوێنەریش بەرەو کزبوون دەچێت لە ئاستیا، چونکە بواری بژاردەی زۆر لەبەردەمیا نیه.

هیچ لێکدەرێك لە لێکدەرە هێرمۆنتیکاگەراکانی ئیسلامیی وەك خوالێخۆشبوان ئیبن عەباس‌و زەمەخشەری‌و ڕازی‌و ئیبن عەرەبی... هتد. ناتوانێت بڵێت (لاإلە الاّ اللّه) یان (و إلهكم إلهٌ واحد) لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، چونکە لە

لێكدانەوەیەك پتر دەچێتە خانەی سەرپێچی كردن لە چەمكی تاك خودایی، بەڵام لە تەئویل كرد نی ئا یەتی (ولـ كم في القصاص حياة)، یان (أطيعوا الله وأطيعو الرسولَ و أولي الأمر منكم)، چەندین بۆچوون هەڵدەگرێت، بەتایبەت لە لێكدانەوەی (أولي الأمر– القصاص).

تەنانەت خەلیفەی چوارەم، سەبارەت بە ئایەتەكانی قورئان دەفەرموێت (حمّال الأوجه) واتە چەند بۆچوونێك هەڵدەگرێت.

كێشەی تێكستی دا خراو و كراوە لە مێژو یەكی دێرینـدا سەری هە ڵداوە و پەیوە ندی بە گەشە سەندنی ئا ستەكانی مەعریفەی مرۆ ڤەوە هەبوە، لە قورئانی پیرۆزدا گرنگیەكی زۆر بەم بابە تە دراوە و ئایەتگەلێكی فرە هاتوە كەباس لەم ڕەهەندە دەكەن، وەك (هو الذي أنزل عليك الكتاب، منه آيات محكمات هن أم الكتاب و أخر متشابهات، فأما الذين في قلوبهم زيغ فيتبعون ماتشابه منه إبتغاء تأويله وما يعلم تأويله إلا الله و الرا سخون في العـلم يقو لون آمنا به كل من عـند ربـنا)، لای

هە ندێك لێ كدەرەوەی قور ئان ئا یاتی (محک مات) بەدە قە داخراو و یەك واتاكان نا سێنراوە، وا تە ئەو دە قە مەحكەم و بەهێزانەی كەلە چەقی یەك وا تادا وە ستاون و رێگا بە وا تای ترنادەن بێنە ناویانەوە، وا تە وەك وتویا نە(جامع مانع). بەڵام ئایاتی (متشابهات)، بەدەقی كراوە لێك دراوە تەوە و دە شێت خوێندنەوەی جیا جیای بۆ بكرێت، هەربۆیە مەرج دانراوە بۆ ئەوا نەی كەشرۆ ڤەی ئەم ئایە تە پیرۆزا نە دە كەن و دەبێت (الراسخون فی العلم) بن، وا تە لە زانیاری لێكدا نەوەو شرۆ ڤە كردندا قووڵ و لێهاتوو باڵا دەست بن، ئەم بۆ چوونە ئەمان گەیێنێتە ئەو ئەنجامەی كە ناشێت دەقی كراوە هەموو كەس خۆی لێ بدات و بەئارەزووی خۆی شەن و كەوی بكات و خۆی چی وی ست و مەبە ستی بوو ئەوە بڵێت، چونكە ئەم ئارەزو مەند یە لە لێكدا نەوەدا دەمانگەیەنێ تە لێكدا نەوەی ناوەكی (التفسیر الباطنی)، كە دوور دەكەوێ تەوە لە ڕۆ حی دەقەكەو مەبە ست ون دە كات، یان دەیشوێنێ و ئازاد یەكی

بێقه یدو شەرت و ڕه ها دەدا ته ده ست شرۆ ڤەکەر، زۆر جار لێ کدەرەوەکان بۆ دوورنەکەوت نەوه له حەقیق ەت وگرت نه ڕێ گای بابەتیا نه و بۆ پ شتیوانی کردن و به ه ێز بونی ڕاکاذ یان، ئا یەت به ئا یەت ، یان ئا یەت به فەرمودەی پەیام بەر (د.خ) ل ێك دەدە نەوه. ل ێرەوه دەگەی نه ئەو ئەنجامەی که ده قی کراوه ئه گەر بەهۆ شیارانەو بیری ورد و مێ تۆدی زاذ ستیانه مامه ڵەی له گەڵ نەکرێت وەك دی ناميتی شاراوه به سەر شرۆفەکەردا دەتەقێ تەوه! هه ندێك ئەوەش ده ڵێن که ده قی کراوەی قور ئان، ده شێت بەیار مەتی و پ شتیوانی ده قه داخراوه کان شرۆڤه بکرێت، ئێمه ناتوانین بەڕەهایی ب ڵێین ده قی دا خراو له کراوه با شتره، یان به پێ چەوانەوه، جۆری با بەت سنووری دەق د یاری ده کات، بابه ته زاذ یاری و زاذ ستیه پەت یەکان، لەتێک ستی دا خراوەوه نزیکن ودەب ێت هەرواش ب ێت، بەڵام بابه ته ئەدەبی و ڕوناکبیر یەکان تێک ستەکانیان کراوەن و لەو که شەدا هەوا

هەڵدە مژن، لەدەقی ئەدەبیدا هەتا تێک ست کراوە بێت، بەخوێندنەوەی جۆر بە جۆر دەوڵەمەندتر دەکرێت، یەکێك لە خاڵە دەوڵەمە ندەکانی شیعری نالی ئەو خوێند نەوە فرە ڕەهەندەیە، کە دەست دەبەیت بۆ هەر ڕەهەندێکی لەوی دی دەوڵەمەند و بەبرشت ترە.

لێرەوە دە چینەوە لای ڕۆلان بارت، کەرای وا یە کلیلی کرد نەوەی دە قە کراوە کان دەبێت بەدە ست شرۆڤەکەری بەتواناو خاوەن میتۆدی زاذ ستانەوە بێت، خۆ ئەگەر وانەبوو، ئەوا دەبێتە گێژاوو حەقیقەتمان لێون دەبێت. چونکە هە ندێك دە قی کراوە بواری فرە شرۆڤەیی نادات و وزە خودێکەی لەئاستێکدا وەستاوە، واتە دەقە کراوەکانیش وەك یەك نین لەقبوڵکردنی شرۆڤەو لێکدا نەوەدا و هە ندێکیان کراوەترن لەوی دی.

لەسەرو بەندی کێشەی چۆنێتی ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا، موعتەزیلە سەریان دەرهێنا و ڕاو بۆ چوونی

**جیاوازیان درکاند، ئەگەر پێش ئەمان  پیرۆزی بەخشرا بێت بەدەق لە سەر حیسابی  عەقڵ و بیرکرد نەوە،  ئەوا لای  ئەمان هاوکێ شەکە پێ چەوانە  بوە وە، ئەما  نە دە لێن دەبێت دەق ملکەچی  عەقڵ و  بیری تیژو با بەتی بێت، دیارە مەبەست  لە ڕاڤەو توێژینەوەو  شرۆڤەی دە قە زیندوکا نە، وا تە  دە سەڵات لای موعتەزیلە لەدەقەوە گوازرایەوە بۆ عەقڵ و   بیری خوێنەر و دەق بەبێ خوێنەر و ڕاڤەکەری  بە ئا گا  ئەو  ئەرزش و وزە و ئەهەمیەتەی نامێنێت، چاو خشاندنێك بەتەفسیری (الکشاف) دا، کەنوو سەرەکەی زەمەخ شەریەو  یەکێ کە  لە موعتەزیلە ناودارەکان ، گەواهی بۆ چوونی ئەهەمیەتی عەقڵە بەرامبەر بە ( نەقڵ)، ئە مە جگە  لە  بۆ  چوونە عەقلاّنیەکانی  قازی (ع بد الجبار المعتزلي الأسد أبادی ٣٥٩ / ٤١٥هـ، ٩٦٩ / ١٠٢٥٥م)، کە یەکێ کە  لە بیرمە ندە بالاّ کانی موعتەزیلە و ڕۆلێ کی کاریگەری هە بوە  لە ئارا ستە کرد نی  شوێن  کەوتوانی موعتەزیلەدا.**

کاتێك کە سەر بە دیوانی نالی یان مەولەوی دا دەکەین، وەك
هەر پێ شانگایەکی دەوڵەمە ند، چەندان تابلۆو وێ نەی
جۆربەجۆرو ئاڵ‌و واڵا لەبەردەسما ندا خۆی نمایش دە کات‌و
چەندان تاری جۆربەجۆری هەست‌و سۆز دە جووڵێ‌و هەر یەك
لە ئاوازێك دە چڕێت، هە ندێك لەم تابلۆو وێنە جۆربەجۆرا نە
پێدە چێت کۆ مەڵێك خوێند نەوەو بۆ چوونی جیاج یا
هەڵبگرێت‌و دە شێت دەوڵەمە ندترو تە مەن در ێژتر بکر ێت،
یەکێك لە ئەهم یەتی تابلۆ کانی بیکا سۆ ئەو خوێند نەوە
جیاوازانە یە بۆ بەها هو نەرێکانیان، تائێ ستا چەندان
خوێندنەوەو لێکدانەوە بۆ پێکەنینەکەی مۆنالیزا کراوە، دەقی
ئەدەبی کراوە ئەو تێکستە دەوڵەمەندەیە کە بۆی هەیە هەموو
تاقیکرد نەوە جۆر بەجۆرو ئەب ستمۆلۆژیەکانی خوێ نەرو
ڕەخ نەگر هەڵ مژێت‌و پە نجەرەی دەوڵەمە ندکردنی دەق
لەبەردەم خوێنەردا بخاتە سەر پشت، دەشێت تێکستی کراوە
بەر لەوەی ئێ مە بیخوێنی نەوە، ئەو ئێ مە بخوێنێ تەوەو

تواناکا نمان  تاقی بکا تەوە. ڕەخ نەگری نا سراوی فەرەذ سا ڕۆلان  بارت (١٩١٥– ١٩٨٥) تـ یورە ڕەخنەیـ یەکانی پـ شت  بە دە قی  کراوە دەبە ستێت و  ئەو دەکا تە کێڵ گەی تاقیکرد نەوە ڕەخنەیـ یەکانی، ڕۆلان  بارت ڕای وا یە  کە  هیچ تێکستێك ذ یە پەیوە ندی  بە تێک ستی  ترەوە  نەبێت و  کەم  تا زۆر  لە ئاووهەواکەیدا هەناسەی هەڵنەمژیبێت، واتە دە قەکان  لە ژێر کاریـ گەری  یەکتردا نو سراون، د یارە  ئەم بۆ چوونەی  بارت تاکمە  ندێتی (التـ فرّد) داهێـ نەر دەخا  تە ژ  ێر گوما  نەوە و ڕەسەنایەتی  داهێنەر بیّ بەها دە کات، ئەوە ندەی بە ندە  لەنێو ئەدەبی کلا سیّکی کورد یدا ژ یابم و دەورم کردبێ تەوە، وێ نەو تابلۆ گەل و میـ تافۆرێکی ئێج گار زۆر  لەنێوان  نالی و  کوردی و سالم و  مەحوی دا  بە  هاوبە شی، ئامادەگ یان هە یە و تەنا نەت زۆر جار  ناوەڕۆك و  شێوەش  چون  یەکن.  ئەم پـ ێك ڕالکا نە هونەریە دەرەنجامی لاسایی کردنەوە و لەسەریەك ژیانە!!

لەبەرامبەر ئەم بۆ چوونەی بارت دا عەرەبەکان زوو تر هەستیان بە دیاردەی ئەم کۆپی کاریە کردوەو سێ (٣) لکیان باسکردوە:

١- المتشابهات الأدبية.

٢- توارد الخواطر.

٣- السرقات الأدبية.

نووسەری گەورە (جاحظ) دەڵێت، شیعر شەقامێکە تیا یدا جێ پێکان دەکەو نە سەریەك!! سەبارەت بە دەقی کراوەو مامەڵە لەگەڵ دەرهاویشتەکانی، بارت چەمکی مردنی دانەری ( موت المؤلّف) چێ کردو وێستی ئەهەمیەتی دەق لە دەسەلاتی داهێنەرەوە رادەستی خودی تێکست و خوێنەر بکات، دیارە لەم حاڵەتەدا داهێنەر دەستەوسان و بێ ئەرزش دەبێت لە بەردەم تێکست و خوێنەردا، باڵاترین دەق بەبێ خوێنەر دەچێتە خانەی سفرەوە، ئەم پرسەی بارت لەگەڵ ئەهەمیەتەکەی و ئەو ڕۆڵەی کە لە بواری ڕەخنەی فەرەنسیدا

بینیو یەتی، بە شی  خۆی لاوازی تیا  بەدی دەكر ێت،  چونكە رایەكی تری پێچەوانە هەیە، كە ئەویش دەڵێت (شێواز بریتیە لە نوو سەر) (الأ سلوب  هو الرجل)،  چونكە  هەر دە ستەڵاتی نووسەرە كە تێكست بەرهەم دێنێ و خاوەنداریێتی دەكاو بۆی هەیە گۆڕانكاریشی تیا بكات، سەرباری ئەمەش بۆچوونەكانی رۆلان  بارت لە مەڕ دە قە پیرۆزە كانی  مەڕ  حەدیس و قور ئان كورت دێ نێ،   چونكە دا نەر خودا یەو خوێ نەریش ئادەم یە، خۆنا شكرێت  لەم حاڵە تەدا  وەك  بارت دەڵ ێت  خوێ نەر  بە ئەهمیەت تر بێت لە دانەری قورئان!! تیورەكەی بارت لە بواری دە قە دەوڵەمە ندو كراوەكا ندا جێدە ستی د یارەو بەر هەم و با بەتی  سەركەوتوی لێكەوتۆ تەوە، با ئەوەش لەبیرنە كەم  كە مەرجی بارت بۆ شیكردنەوەو خوێندنەوەی جۆربەجۆری دەقە زێ ندوەكان، بە تەنیا خوێ نەری ز یرەك و لێ هاتوو بە ئەنجامی دەگەێنێ و تێكستەكە دەوڵەمە ندتر دە كات، د یارە خوێنەری سادە لەوح ئەو ئەركەی بارت جێبەجێ ناكات، بەڵام ئەمە ئەوە

ناگەیێنیٚ کە دەقە داخراوەکان ئەفەرۆزو بێ ئەرزش کرێن، من وای بۆ دە چم کە خودی با بەتی (مو ضوع) دە ست بۆ براو، تاڕادە یەك سنوور دادەنێت بۆ چیٚ کرد نی (تأو یل)، وا تە تەئویل و شیکردنەوە دوای بەر هەمهێنانی دەق و جۆرو بابەتەکەی د یٚت، بەڵام ئە مە ناکا تە ئەوەی کە هە ندێك دە قی داخراو داهێنان نەبێت و لە ئەهمیەتەکەی کەم کرێتەوە.

لەوانە یە هێ ندیٚ راو بۆ چوونی بەهێزو جیاج یا لە سەر دەقێك، لە خودی دەقە کە بەهێزو وروژێنەرتر بێت، تێکستی کراوەی بەهێزو رە سا، هەموو خوێندنەوە یەکی نوێی ژیرا نە دەوڵەمەندتری دەکات و نهێنی داهێنانەکانی باشتر والأدەکات. مەرج نیە تێکستی کراوە بە تەنیا پابە ند بێت بە بەدیهێنانی ئەرکی هو نەریو چیٚ کرد نی مەر جە پۆزەتیـ ڤە جۆر بەجۆرەکانی مید تافۆر، بەڵکو ناوەرۆ کە دەوڵەمەندەکانیشی، چونکە شێوەو ناوەرۆك روە گە شەکەی تابلۆیەکی داهێنراون، ئەو تێکستانەی کە کێشە مرۆڤا یەتی و

ئەنتۆلۆژی‌و ژیاریەکان بەرجەستە دەکەن، هەمیشە ئا مادەگی خوێند نەوەی جۆر بەجۆریان بۆ دەکر ێت، بابە تەکانی خۆشەویستی، رق، ژیان، عەشق، سۆز، مردن، هاتنە دنیاو مرد نی بێ ئیرادەو نا کاو، خەزانی کوت‌وپڕی تە مەن، نامۆبوون...هـ تد بەدر ێژایی رەو تەکانی م ێژوو لە گەڵ بیرو هە ستی مرۆ ڤدا ئا شنان و کراونە تە چەندان دە قی زی ندوو درەو شاوە، کێ شە مرۆڤا یەتێکانی ذ ێو دا ستانی گل گامش تائێ ستا خە سڵەتی نەمریان نەدۆڕا ندوە. خە مە ئەنتۆلۆژ یە نەمرەکانی ئەنکیدۆ، تا ئەم چرکەساتە هەر لەگەڵما ندا دەژی، گەڕان و کێو ماڵی مرۆڤ بەدوای ئاوی ژ یانی هەتا هەتایی‌و نەمری، تائێستا خەم و خول یای مرۆ ڤەو بیری لێدەکا تەوە، (ئازارە کانی ڤار تەر)ی گۆ تە، چەندان خوێند نەوەی سۆ سیۆلۆژی‌و سایکۆلۆژی بۆکراوە، چونکە تاقیکرد نەوەی خۆشەوی ستیەکی دەگ مەن چێ دە کاو در ێژەدان بە ژ یان بە ئەهەم یەت دەگر ێت، نەك هەر ئە مەش، بەڵکو خۆشەوی ستی

مرۆڤ نابەستێت بە چەندێتی تەمەنەوەو بەتەنیا هەر خودی خۆشەویستی بەهای موتڵەقە لای ئەو.

بەراوردێك لەنێوان چامەی (حوجرەکەی نالی) کە دەڵێت:

وەك قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتومیە ناو

تارو پۆیی عەنکەبووتە، زۆرە لێی کردومە مار

لەگەڵ چامەیەکی تریدا کە دەڵێت:

مووی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط

شۆرە شەط یەعنی کە تێدا خود بە خود قەل بو بە بەط

ئەمانگەیێنێ تە ئەوەی کە تێک ستی حوجرە کەی نالی داخراو ترە لە دە قی دووەم، چونکە دە قی یە کەم وەك پیشانگەیەکی ئەتنوگرافی سەد ساڵ لەمەوبەر، لە مۆزەخانەی یادەوەرێکانما ندا بە سەرمۆری بمێنێ تەوە، وا تە بە شت (التشیّؤ) کردنی وێنەو فۆتۆگرافەری دیمەنەکان باڵی بەسەردا کێشاوە، هەرچەندە بەدەریش نیە لە تەنزو سکاڵا لەدەست وەها حوجرەیەکدا، بەڵام دەقی دوەم سەرلێوە لە وزەو جووڵەو

دەر گاو پە نجەرەکانی لە بەردەم زە ین و بۆ چوونی خوێنەردا کراوە ترە، چونکە باس لە کا تەکانی تە مەنی مرۆڤو لێژبوونەوەی گلۆڵەی ژیان و ئەو خە سڵەت و نیشانانەی کە هەموو مرۆڤێکی هۆشمەند خۆی تیا دەبینێتەوە، کەم شاعیر هە یە خەزانی گەڵای زەرد هەڵگەڕاوی تە مەن بەدەم کزە بای پیریەوە، هەست و هۆشی نەوروژاندبێت.

نالی دەڵێت:

سەردو گەرمی ئاهەکەم سەوزەی گیای کردم بە پووش

پایزی روو بوو بە بوردی سورو زەردی موختەلەط

لەم بەیتەدا نالی خە مە ئەبەد یەکانی تە مەنی هەڵکشاو، دەلاوێنێتەوە، کاریگەری هەنا سە ساردەکانی ما جەرای ژیان د یاری دە کات، تابلۆی دەم و چاوی، بە چوار رە نگ دەنەخشێنێ کە هەر رەنگەی وزە یەك، توانا یەك، ختورە یەك، هە ستێکی جیاواز، د یاری دە کات، رە شی موو لە مرۆ ڤدا قۆناخی هەرەتی لاویە کە پڕە لە شەوق و هیواو ئاواتی گەرم

و گوڕ بە ژ یان و دا هاتوو، لە بوز یاتی قووڵی بەیتە کەدا، دەبینین؛

نالی تە مەنی مرۆڤ و وەرزە کانی ساڵی خستۆتە سەریەك خەتەڕێگاو مامەڵەیەکی هوشیارانەو چونیەکی لەگەڵ کردون و مرۆڤیشی وەك بەشێك لە سرو شت ئەژمار کردوە، ئەوەی کە موە رەشەکانی هەڵگەڕاندوە بە سپی، چوونە ساڵ و خەزانی تەمەنی داکشاو نیە بەتەنیا، بەڵکو ژیانی پڕ لە کوێرەوەری و ئازارو چورتمە، هەناسە ساردەکانیەتی کە وەك کزەبای سەرد تاڵە رە شەکانی ردێنی سپی هەڵگەڕا ندوە، ئەوە گڕو گەرمی هەناسەکانیەتی کە پرزەی لێ بڕیوەو بەربۆ تە سەرو ریشی و شەتاوی هەموو دنیا نایکوژێنێتەوە.

نالی نا یەوێت بڵێ تە مەنم بە ئا سایی هەڵکشاوە، بەڵکو ناخۆشی و ئاوارەیی و دوورەوڵاتی دە ستی ناوە تە بینم، ئەوە خەمی بە د یدار شادنەبونەوەی سەر چنارو شارەزورو خاكوخۆڵە. نالی بە ئازارو خەمی سپی هەڵگەڕانی مووە کانی

داناكا سێ، بەڵكو بە پەرەموو چەكەی وێنەی دەموچاوی شی دەكێشێ، رویەكی زەرد هەڵگەڕاوو رەنگ پەڕیوو تەنراو بە مووی سپی كە هێمایە نەك بە تەنیا بۆ پیربوونێكی ئاسایی، بەڵكوو بۆ تەمەنێك كە قوڕاوو چڵپاوی ئەم دنیایەی پیا هەڵپڕژاوە، تەمەنێك كە لە یەكێك لە وێستەگەكانیا میرزشینی بابان كە تەنیا ئاوات و قیبلە پیرۆزەكەی بووە، تێك و پێك دراوە، هەر بەدوایدا هەڵاتنی بۆ شام و لەوێشەوە بۆ حیجازو دواجاریش وەك هەڵۆیەكی پەڕو باڵكراوی زامدار بە ناچاری لە ئەستەمبوڵدا كەوتۆتە خوارێ، مەولەویش بەم شێوەیە باسی پیری دەكات:

سفیدێت قەلغان پەی رووی سیات بۆ

كەمانیت شەفیع تیردیات بۆ

هەر مەولەوی دەڵێت:

كوێستانان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتۆ

یارم تۆراوەو ئاشتی نابێتۆ

**لە فۆلکلۆری کوردیا هاتوە:**

**ئاخ خۆزگە جوانی ئەهاتە دواوە**

**گلەیی پیریم دەکرد بەلاوە**

**عەرەب دەڵێت:**

**ليت الشباب يعود يوما**

**فأخبره بما فعل المشيبُ**

**قورئان دەفەرموێت: وآشتعل الرأسُ شيبا**

**نالی جیاوازیەکی ئێجگار گەورەی کردوە لە نێوان ئەرکی موو لە هەردوو تەمەنەکەدا، سەیرکەن موو لە تەمەنی گەنجیدا لای نالی چیمان پێ دەڵێت و چ ئەرکێکی گەنجانەی خستۆتە ئەستۆ؟!**

**سەری هەر مووی بەدەنم طهرزة تەمەنناێکە**

**گەردشی تووکی سەرم دووکەڵی سەوداێیکە**

**وەرە سەر سەیری صەفاگاهی نەظهرگەی چاوم**

**کە عەجەب مەنظهرەیی سەیرو تەماشاێیکە**

لە بەیتەكەی نالیدا كۆمەڵێك هونەری ڕەوان بێژی ڕەنگی داوە تەوە بێ ئەوەی زۆر لەخۆكردنی پێوەدیاربێت و وەك خۆرسك خۆی نمایش كردووە. ( سەرد– گەرم)، ( سەوز– پووش) ئەمە هونەری (طبا قە)، دیارە مەبەست لە سەوز ڕەشەو لە پووش سپیە.

هونەرێكی تر كە (ترا سل الحواس)ە بە دەردەكەوێت، ئەویش كاریگەری سەرماو گەرمایە بۆ سپی هەڵگەڕانی سەوزە گیا. ئەمە جگە لە هونەری میتافۆر، كە تابلۆی دەم و چاوێكی زەردهەڵگەڕاوو بێ هیوای پیرێكی خەمباری كێشاوە، پیرێك هەموو دەرگاو پەنجەرەكانی ژیانی لێداخراوەو بەدوای تروسكاییەكدا وێڵە.

خوێندنەوەی ئێمە وەك تاك گەرایەك بۆ ئەم دەقە زیندوەی نالی و دەستنیشانكردنی نهێنی بەكاربردنی موفرەداتەكانی و ڕەنگدانەوەیان لە دەوڵەمەندكردنی واتای گشتی بەیتەكەدا، دەمانگەێنێتە ئەو ئەنجامەی كە ئەم تێكستە، فرە دەوڵەمەندو

درەوشاوەیە لەڕوی بەها ئەنتۆلۆژیەکانی ژیانی ئادەمیزادەوە، ئەمە جگە لەو مەبەستە مۆراڵیو ئاینیانەی کە نالی مەزن لە دوا هەنگاوەکانی تەمەنە پڕ لە خەمەکەیدا ئاشکرای کردووەو نەیویستوە چیتر بە خەفەکراوی ئازاری دڵە گەورەکەی بدات، ئەوەتا لە مەککەدا لە دەست ئاوارەییو غەریبی، دەریا یەك خەم هەڵدەرێژێو هەر خەمیشە یارو یاوەریو هەر هانا بۆ ئەویش دەبات:

**شادمانیی بێ وەفایە، یاری تێریو مەستیە**

**یاری تەنگانەم خەمە با هەر غەمی خۆم خۆم بخۆم**

با ئەوەش نەبوێرم کە هێرمۆنتیکای عەقڵانی سودمەند لە جەدەلیەتی دیاردە دژەکانو کەشف کردنی شیعریەت وەك توخمی بە شیعرکردن، دەتوانێت گیانی نەمری تێکست لە لاپەڕەکانی ڕەخنەی بونیات نەردا بنەخشێنێ.

بە پێچەوانەی تەئویلی دەقە دەوڵەمەندەکان، بیرۆکەی وشكو شکڵ گەراو مەودا کورت لە دەقدا، چێوە بەند دەبێتو

جوگرافیای تێکست له فەزای کا تەکان دا بڕ دە کات، وا تە پرۆسەی بە شیعرکردنی دەق، مەودا کورت دەبێت‌و پر سیارەکانی داهێنان بێ وەڵام دەهێڵێتەوە، شێوازی دارشتنی زانستەکان، یا سا، لۆژیك لە سەر خۆیان دا خراون‌و ڕێگای تەئویلی جۆر بەجۆریان لەسەر داخراوە.

وەك لە سەرەتادا ئاماژەم پێ دا، دەقی دا خراو بواری تەئویل‌و فرەواتاییمان ناداتێ، بەڵام مەرج نیە بە شێك لە تێکستە داخراوەکان بەدەربن لە داهێنانی رەسەن‌و دلۆڤان.

هەر بۆ نموونە کاکەحەمەی ناری دەڵێت:

زەمم دەکەی تۆ، مەدحت دەکەم من

جەزای درۆ با هەر درۆ بێت

له نیوەی یەکەمی بەیتەکەدا هەستێکی پاکی لێبوردەیی‌و پێکەوەژیان‌و گونجان دەبینین، ئەم لەبری وەڵامی قورس‌و شەڕئامێزو زەمی ئەو، مەدحی دەکات، نیەت پاکی لەبەرامبەر زەمی ئەودا چێ دەکات، ئاکارەکانی پەیامبەر عیسامان بیر

دێنێتەوە لەمەڕ لێبوردن، بەڵام کە دێینە سەر ذیوە بەیتەکەی تر، فەزایەکی جیاواز سەردەردێنێ، لە کوتوپڕێکدا بیرۆکەی تۆڵە، بەرامبەرووەستانەوە، دەست لێوەشاندن، بەڵام بە لۆژیکی خیتابێکی نەرمەبڕی ئەوتۆ کە بەرامبەر دەسەوسان دەکات، بابزانین چۆن؟! کە شاعیر دەڵێت ( جەزای درۆ) مەبەستی، وەڵامو سزای زەمەکەیە، کە بە درۆ ناوزەدی دەکات، واتە ئەو زەم کردنەی شاعیر لەلایەن نەیارەکەیەوە ناڕاستو درۆیە، کەواتە لێرەدا ئەستۆپاکی پیشاندا لەبەرامبەر زەمی ئەودا، لە ڕستەی ( با هەر درۆ بێت)دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە مەدحەکەی ئەمیش بۆ ئەو هەر درۆیە، واتە ئەو مەدح هەڵناگرێو جەزای درۆی ئەو درۆی ئەمیشە، ئەنجامی بەیتە کە: ئەوەی کە زەمی ئەمی کردوە درۆ دەکات، مەدحەکەی ئەمیش بۆ ئەو هەر درۆیە. سەیرەکە لەوەدا یە درۆکەی ئەم  واتە شاعیر  درۆ ذیەو ئەو خراپە، بەڵام درۆکەی ئەو هەر درۆیەو شاعیر زەم هەڵناگرێت.

لە بەیتەکەدا دوو (طباق)ی تیایە (مەدح  زەم) (تۆ  من)، لە ذ یوەی دوە می بەیتە کە (ذم ماي شبه ا لمدح)ە، یان پێ چەوانەکەی! شیکردنەوەی بەیتە کە لە سەر مەذ هەجی بونیاتگەرا، ئیشکردنە لەنێو وشەو پیتو دە ستەواژەکانەوە، واتە لە ناوەوە بۆ دەرەوە، دیارە لێرەدا، پێویستمان بەوە ذیە کە لە دەرەوە بێینە ناو بەیتە کە، بەواتای گرنگیدان بە ناوی شاعیر، یان ئەو زە مانو مەکا نەی کە تیا ژیاوە، یان سیاقی وتنی بەیتەکە، یان دانەری تێکستەکە کە (ناریە)، واتە تەنیاو تەنیا خودی تێکست خۆی نمایش دە کات، وەك بەیتێکی بێ ناوونیـ شان، خودی دەقو خوێ نەر بوونە تە خاوەنی تێکستەکە، بەڵام دەرپەڕا ندنی دا نەری دەق بە جێگرتنەوەی خوێنەر کاتیە، تا ئەوەندەی تێکستو خوێنەر یەکتر پڕدە کەن لە تێگەیشتن، لای رۆڵان بارت دەق درێژەدا نە بە ژیان، بەڵام داهێنەر درێژەدانە بە فەوت بوون، وا تە دەق بە هەزاران ساڵ دوای نەمانی خاوەنە کەی بە زیندوویی دەمێنێ تەوەو لە گەڵ

هەر خوێندنەوە یەکی نو ێدا تازە دەبێ تەوەو شێوەیەکی تر وەردەگرێت، بەڵام خاوەن دەق نە تازە دەبێتەوە، وەك دەق، نە بەرهەمی تازەش چێ دەکات!

مەحوی دەفەرموێت:

**نە ناوی رۆژو مە بردن، نە باسی صەدر و شەمە کردن**

**مووەحید هەردەبێ هەریەك بناسێ هەر لەیەك دەدوێ**

ئەم بەیتە لە چامەیەکدا سەری دەرهێناوە، کە باس لە شیرازە دەرچوونی پەیوەندیو بەها کۆمەڵایەتیکان دەکات، کە وەك شاعیر دەری دەخات هیچ شتێك لەم سەروبەندەدا لەجێی خۆی نەماوە، وا تە لەکۆی چامەکەدا جۆر ێك لە یەکێتی ئۆرگانی (الوحدة العضوية) رەنگی داوەتەوە، کێشەکە لەنێوان دوو لایەندا یە، موەحـ یدو خەڵ کە لادەرو رێ گا ونکەرە کە، مەحوی لەوەدەچێت دەستی لە خەڵکەکە شتبێو هەر خەمی موەحـیدیی هەبێت، وا تە ئەو خەڵکا نەی کە یەزدان بە تاكو

تەنیا ناناسن‌و شەریکی بۆ پەیدا ئەکەن‌و لە حەق لائەدەن، ئەو دوو لایەنەی کە مەحوی دژیان وەستاوەتەوە:

١- ئەمانە بریتین لە دوو گرووپ:

أ- بەشێکیان پەرستنی (مانگ و رۆژ) پەسەند دەکەن‌و لە پەرستنی یەزدان دووردەکەونەوە، دەشێت مەبەست لە مانگ و رۆژ ئافرەتی جوان‌و دلۆڤان بـ ێت، وا تە سیفەتی هێـناوە لەجیاتی مەوسوفی لابراو، کە ئەمە میتافۆری شاراوەیە.

ب- مەبە ست لە مانگ‌و رۆژ، ئەو بیرو بۆ چونانەی ئەستێرەناسەکانە (منجّم)، لەمەڕ گەردون‌و ئەهەمیەتەکەیان لە ئیدارەی ژیانی سەر زەمیـندا لە ڕوی گۆڕانکاری ئاوو هەواو بەخشینی وزەو روناکی بەسەر زەوی، دیارە هەر لە سەردەمی یۆنانیەکا نەوە، خودای مانگ و خودای رۆژو خودای ئەستێرەکان‌و خودای هەبوە....هتد.

٢- نزیك بوو نەوە لە بر یق‌و باقی دە سەڵات بە هێـمای ( صدر و شەه)، وا تە سەرۆك وەزیرو پاد شاە، مەبە ست لە

( صدر) ( صدر الأعظم)ە كە دەكا تە سەرۆك وەزیران، وا تە پابەندبوون بە دەسەلآت و پشتكردنە خوداو بەها ئیمانیەكان.

لە نیوەی دوەمی بەیتە كەدا مەحوی بەتوندی فەرمان دەردەكات بۆ موەحید كە ( هەردەبێ یەك بنا سێ)، وا تە دووركەوێتەوە لە هەردوو لادانە كەی پێشوو، رووكردنە پەرستنی خودای تاك و تەنیا، دیارە بەر لە مەحوی، سۆفی و زانای بەناوبانگ ئیبن عەرەبی فەرمویەتی (دینُكم دینارُكم) واتە دینار جێگای دین دەگرێتەوەو دەسەلآت لە هەموو شت بە گرنگتر دەزانرێت. واتە نزیكبونەوە لە (صدر و شەه) كە سەرچاوەی بەخشینی سامان و داراییە.

و شەی ( هەر) سێ جار بەكارهاتوەو مەبەست لێی سووربوون و پێ داگرتنە لە سەر جێبەجێكردنی ئەركە كە، هەرچەندە ئەم تكرارە جۆرێك دانئاڵ بونەوەی تێدایە لەڕوی مۆزیكەوە. رستەی (هەر لەیەك دەدوێ) واتای نوێ و جیاواز نیە، بە قەدەر ئەوەی كە سووربوون و پێ داگرتنە لە سەر

جێ بەجێکردنی فەرمانە کە.  ئەم  پێ داگرتنەی  مەحوی  بۆ موەحید بە سێ (هەر) لە (بونیادی قووڵدا) یان (واتای وا تادا) بەڵگەی لە شیرازە دەرچونی کۆمەڵگا یەو موەحیدیش یەکێکە لەوان، (لەجیاتی هەر لەیەك دەدوێ)، مەبەست لەیەك خودا یە، ئە گەر بیوتا یە، (لە یەك  بدوێ) گو نجاوتر  بوو،  چونکە  لەو حاڵەتەدا، کاتی هەردوو رستەکە (ئێستا) دە بوو،  نەك ( یەکێ ئێستاو یەکێ غائیب).

وا تای دنەوەی بەیتە  شیعرەکە (البنیة العمیقة) ترسانی مەحو یە تەنا نەت  لە موەحیدیش، وا تە دا بڕانو د شێوی کۆمەڵگا کە موەحیدیش راپێچێتە  سەر رێگای رە شەخەڵكو مێگەلە کە،  هەر لەبەرئەوە شە  کە  مەحوی  فەرمان دەدات  بە موەحید  کە نەخلیسکێو رێگای خوداپەرستی بگرێتە بەر. دە توانین (موەحید)  بە  مەلاو  شەرع  ناسو رێگا پێشاندەر بنا سێنین،  با  ئەوەش لەبیرنە کەم  کە  مەحوی  کەم  تا بێشێ

سەرودڵی بەناو خودانا سانی سەردەمەکەی گر توەو فێڵ و ریابازی‌و پیلانەکانیانی بۆ خەڵك ئاوەڵا کردوە.

ئەم هەڵوێستەی مەحوی بەرام بەر بە کۆ مەڵگا لەلا یەك‌و تیژکرد نەوەی موەحـ ید بۆ لا نەدان لەڕێی را ست لەلا یەکی ترەوە، جۆرێ کە لە ئازا یەتی‌و بەرەنگاربو نەوەی واقیعێ کی دوا کەوتو، لەهەمانکا تدا ها ندان‌و بێ هیوا نەبوون لە گۆڕانکاری لە بیرو هەڵسوکەوتی خەڵکدا.

زۆر جار سووربون لە سەر هەڵوێست‌و چاونەتر سان‌و بێ ئومێد نەبوون پەیوە ندی بە تە مەنی مرۆ ڤەوە هە یە، نالی لە دواکا تەکانی تە مەنیا لە حیـ جاز، لە چامەیەکی عەرەبـ یدا توو شی رە شبینی‌و بێ هـ یوایی بوە بە کۆ مەڵگا دواکەوتوەکەی، ئەوەتانێ دەفەرموێت:

**إن يجادلك عالمٌ فتجاهلْوتنزّل عن رتبة العلماء**

واتە، هەرگیز خۆت بە زا نا مەنا سێنەو لەئا ست خەڵکا بە نەزان‌و جاهیل خۆت دەربخە!!

ئەبو عەلای مو عەریش دذ یای  لیٚ بۆ تە  شەوو  تەمی  بێ ه یوایی‌و  خەمێکی  قورس ئالأوە  تە  سەرتاپای  هۆش‌و ویژدانی، ئەوەتانێ دەڵێت:

ولمّا رأيتُ الجهل في الناس فاشيا

تجاهلتُ حتى ظُنَّ أنّي جاهلٌ

دیارە حاجی قادری کۆیش لە هەموان خراپتر نوقمی بێ هیوایی بوە، ئەوەتانێ دەفەرموێت:

من یەخەی خۆم لە بۆیە دادەدڕم

ئێوە نابن بە هیچ و من دەمرم

دیارە نالی هەر زوو کە لە کوردستان بوە توو شی د یاردەی نامۆبوون و  بێ ه یوایی  بوە  لە کۆ مەڵگا دوا کەوتوو و نەخوێندەوارەکەی، ئەوەتانێ دەڵێت:

موددیکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم وت و کەس تێ نەگەیی ئێستە خەمۆشم

مەو لەوی یەکێ کە لەو شاعیرانەی کە تێکستی کراوەی زۆرە، ئەوەتانێ دەفەرموێت:

**دڵ بی یەن وەدار سەرکەل لای وەشت**

**لافاوان ئامان ریشەش وست وەدەشت**

**چەمەرای وایێن نەسیم بدۆ لێش**

**ریشەکە نش کۆ ساکن بۆ پەی ویش**

قووڵی خەیاڵی مەو لەوی و تابلۆ هو نەرێکانی، بەیتێك بەتەنیا بەشی ناکات و بەناچاری دەیکاتە دوو یان سێ بەیت، چونکە بەیتەکان دە بڕ گەیین و کەم و شەن، قوتابخانەی رۆمانتیك هەمیشە پشتی بە سروشت و خەیاڵی فراوان و سۆزی گەرم و گوڕو هەستی ئینسانیانە بەستوە، مەولەوی لەم دوو بەیتەدا دڵی خۆی لێکچواندوە بە درەختێکی سەرکەل، کە تۆف و باران لە رەگ و ریشەی دەرهێناوەو ژیانی کەوتۆتە مۆلەقە، ئەم درەختە خەمبارە گەلاکانی رۆحی هێدی هێدی هەڵدەوەرێت، هیواو ئاواتە نەپشکوتوەکانی لەژێر لێزمەی

تۆف و بارانی رۆژگاردا خەزان دەکات، ئەمە دیوی دەرەوەی واتای بەیتەکەیە، بەڵام لە بوذیاتی قوولدا (البذیه العمیقة)، مەبەست لە بذکەن بوونی درەختەکەی، ئاوابوونی هیواکانی رۆحیەتی و نایەوێت چیتر درێژە بە ژیان بدات، چونکە بنەماکانی مانەوەی لە وەها دنیایەکدا، خولانەوەیە لە وەهم و هیچگەراییدا، هەربۆیە لە بەیتی دوەمدا چاوەڕێی شەماڵێکە کە بە یەکجاری هەڵی کەنی و رزگاری کات، شەماڵێکی فریادرەس کە فوو لە چرای ژیانی بکات و کۆتایی بەخەمەکانی بێنێت، مەولەوی ناڵێت زریانێك یان رەشەبایەکی توند درەختی تەمەنی لەبن هەڵکەنێ، بەڵکو شەماڵێك!! واتە هێند لاواز بوە سوسەی نەسیمێك بەلایدا دەهێنێت.

وشەی (چەمەرای) بەواتای چاوەڕێ یە، واتای ئەودیوی و شەکەوێنای چرکە ساتێکی دراماتیکی سای نێوان دوو هێز دیاری دەکات، واتە هێزی مردن و هێزی ژیان، دیارە هێزی سامناکی مردن ئامادەگی زۆرتری هەیە، چونکە خواستی

شاعیرە، مەو لەوی لە سەرەمەرگ دا یەو چاوەڕێی خامۆ شبوونە، تر سناکترین کات نەك چاوەڕێکردنی مرد نە بەتەنیا، بەڵکو ئاوات خواستنە بە مردن، مردنێك کە دەرگای حەشرو نەشری دنیایەکی تر والآدەکات، مردنێك کە ئاودەکات بە ئاگری جەستەیدا.

ئەبوعەلای موعەریش بە هەمان دۆ خی نائومێد یدا گوزەری کردوەو دەڵێت:

أيا موتُ زُر فأن الحياةَ ذميمةٌ

ويا نفسُ جِدّي فأنّ دهرَك هازلُ

دیارە هۆکارەکانی سەرچاوەی رەشبینی هەردوو شاعیرەکە ج یاوازە، مەو لەوی لە تو خمەکانی سرو شت (درە خت، سەرکەل، وەشت، لافاو، ریشە، نەسیم)، تابلۆیەکی رۆمانسیی وای نەخ شاندوە کە ئامێ تەی ژیانی مرۆ ڤی کردوە، (أمبر تو إیکو) سوورە لە سەر ئەوەی کە تێکستی کراوە، یەك وا تای د یاریکراوی هە یە، بەلاّم ئەم حاڵە تە د یارە، دە شێت

لێکدا نەوەی جـ یاوازی بۆ بکر ێت و لەو رێگا یەوە، تێک ست دەوڵەمە ند دەبـ ێت و لە دۆخێ کدا داناکا سێ، چونکە وا تای فەرهەنگیی وشە جیاوازە لە واتای وشە لە سیاقی دەقدا. ئێمە بۆ لێکدانەوەی ئەم تێکستە، گوێ نادەین بەوەی کە ئا یا بۆ کۆ ستی هاوڕێ یەکی، کورە کەی، هاو سەرەکەی، کارە ساتێك خەمێکی کوت وپڕ، وتویەتی، ئایا ئەم دەقەی لە چ قۆ ناخێکی تە مەنیا لە چ مەکان و شوێنێکدا و توە؟ پرۆگرا می ئێ مە لە شیکردنەوەی دەقە کەدا، لە خودی و شەو ڕ یت و دە ستەواژەکانەوە دە ست پێ دە کات، وا تە لە ناوەوە بۆ دەرەوە، نەك لە دەرەوە بۆ ناوەوە، م نی خوێ نەر چوومەتە جێگای داهێنەرو لەگەڵ دەقدا ئامێتەبووم، دەق تواناکانی من دەخوێنێتەوەو منیش بەپێی توانای خۆم رامی دەکەم و پێ کرا ل کاوین، لە بوذ یاتی قووڵ یان وا تای وا تادا، تابلۆی ئەم درەختە جۆرێك لە پاکژبوو نەوەی رۆح چێ دەکات، چەمکی تراژ یدیای تە مەنی مرۆڤو درە خت و وەرزە کان، تابلۆ

خەمناکە کە دەنەخ شێنێ، تراژ یدیای ئەم تابلۆ یە، بێ دە سەلاتی مرۆڤ بەو هەموو هێزو دە سەلاتەوە، بەرام بەر بە مردن و کارە ساتە سرو شتیەکان چێ دە کات، تابلۆی دوورێیانی مردن و ژیان بەرهەم دێنێ.

بەپێی هەڵ سوکەوتی شاعیرانی کورد لە گەڵ د یاردەو تو خمەکانی سرو شتدا، ئەوان لە هەڵوەرینی گەڵاو گوڵی درەخ تەوە خەم دایگر تون و پایز یان لاواندۆ تەوە، گۆران لە وە سفی پایزدا، وێ نەی داوەر ین و رژا نی گەڵای درەخ تی کێشاوە، ئاخر درەخ تەکان لای ئەو شان و مل روو تن و لە سەرما هەڵدە لەزرن، بەڵام مەو لەوی رەگ و ری شەی درەخ تی دل یی رووت و قووت کردۆ تەوە، لای مەو لەوی درەخ تی دڵ خەری کە لە ل یدان دە کەوێت و بۆ هەتاهەتا یە سەردەنێتەوە، بەڵام لای گۆران هەڵوەرینی گەڵاکان دوا وێستگەی ژیان ن یەو لە بەهارێکی دیدا چرۆ دەکەن و دەبووژێنەوە. ئەگەر مەو لەوی لە تابلۆکانی تریا هێزی بەردەوام بوونی ژیانی ئادەمیزادی لە

توخمەکانی سرووشت وەرگرتبێت، ئەوا لەم تابلۆیەدا سرووشت ویرانی دەکات، وەشت و  باران و نەسیم رەگ و ریشەی دڵی لەبن دەرد ێنن و بەلا یدا دە خەن.  ئەم دوو  جۆر مامەڵە یەی مەولەوی لەگەڵ توخمەکانی سروشتدا بەپێی بۆنەو بابەتەکان، بەڵگەی تواناو لێهاتویی  شاعیرە، وا تە  توخم‌و کەرەستەکانی سرو شت  سنوور  بۆ بەر هەمهێنانی واتا کان دا نانێن،  ئەوە  خودی مەولەو یە  کە تو خمەکانی سرو شت،  چۆنی بو ێت رێکیان دە خات‌و دەیانخا تە ژێر رکێفی عەبقەریەتەکە یەوەو دلۆڤانترین داهێنان‌و واتایان لێ بەرهەم دێنێ.

# عیشقی سلێمانی

## لە ئاوێنەی بیری سێ کوچکەی باباندا..

## ڕووداو...مێژوو...

ئەم شارە، ئەم مەڵبەندی جوامێری و ئازایەتیە، ڕۆژێك لە ڕۆژا نی تەمە نە جەنجاڵە کەی، پێ ڵوی ئارامی ل ێك نەناوە بەدەست پاتەخۆر و داگیرکەرانی کوردستانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا نا ڕاستەوخۆ، دیارە بەشێك لە و جوامێری و بوێریە، یان هەر هەمووی، ئەو ئاستە ڕوناکبیری و هەستە نەتەوەییە پاکەیە کە بە درێژایی مێژوو، بۆ تە پاشخانی هەموو ڕاپەڕین و ڕووبەڕوبونەوەکانی لە مێژووی نوێدا، با ئەوەشم لەیاد نەچێت کە زۆر جار ئەم شارە بۆتە پەیژەو نالاّ ندوێتی بەدەست کە سانی چاو چنۆك و هەڵمە تەکاس و بەسەر قوربانی و ماندوبونەکانیا سەرکەوتون، بۆ بەدیهێنانی

پەرژەوەندی خۆیان و بنەما ڵەكانیان نەك نیشتیمان، دیارە ئەمەشیان خەمێكی ترەو یەخەی شاری گرتوە، داگیركەرانی كوردستان چ لە ئاستانە یان لە بەغداوە هەمیشە كاربەدەست و فەرمان ڕەوای داخ لە دڵ و ڕە گەز پەر ست و زاڵم یان بەرداوەتە!! ئەم شارە وخڵ تانی خوێذیان كردوەو كۆیان لە هیچ تاوان و كومەڵ كوژیەك نەكردۆتەوە.ئەدمۆنزی نوێنەری ئەو وڵاتەی كە خۆری لیَ ئاوا نە ئەبوو هەربۆ چاو ترساندن ، بەبەرچاوی خەڵكی شارەوە، كتێبخانەی بابانەكانی لە ذێو مزگەوتی گەورە دەرهێنا و سووتاندی، كەبەری رەنجی هزر وداهێنانی چەندان نوو سەری كوردی تیا فەوتا، ئاخر سوتاندنی كتێب خۆی لە خۆیدا هێمایەكی ئێجگار ترسناكە، لەبەغداوە عومەر عەلی ڕەگەز پەرست و داخ لە دڵیان وەك پارێز گار كردە سەر سلێمانی ، بۆ سەركوت كردن و بەرانگاربوو نەوەی گ یانی موقاوە مەتی خەڵك و دواكاتەخەمناكەكانی مەلیك مەحمود، كە ئەوی كات وەك

هەڵۆ یەکی زا مداری باڵ شکاو لەئا ستانەی داریکەلا یدا نیشتەوە، دیارە هەڵۆ لە لوتکەدا نەبێت نامرێت! ئەمە جگە لە زەعیم صدیق و مولازم موحسین و رائید تەها و دە یان خوێن ڕێژی تر لە کورد و غەیرە کورد کە بێ ئابروا نە درودێنەی گ یانی تێکۆ شەر و لاوا نی سلێمانیان دە کرد، سەیرکەن مصطفی بەگی کوردی چۆن وێنای دڵپاکی کورد دەکات :

**بەدۆستی خۆم دەزانی عالە مولا**

**کەچی هەرچی دەهات ئەغیاری من بوو**

لەم بەیتەدا دووڕەهەند دەخوێنمەوە :

١- دڵساڤ کورد و کاڵ بونەوەی بیرەوەریە تاڵەکانی.

٢- دوژمنایەتی تاسەر ئێسقانی داگیر کەرانی کورد ستان بەرامبەر میللەتی کورد.

میرز شینی با بان ، لە ئەنجامی بۆ شاییەکی سیا سی و ئیداری و سەربازی لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێرانیدا چاوی هەڵهێناوە  ئەمە جگە لە کێشە قووڵەکانی

ئەم دوو ئیمپراتۆریە تە و خەریك بوذیان بە گیرو گرفتەکانی ناوخۆیانەوە،هەروەها هەڵکەوتنی کۆمەلێك میرو کەسایەتی بەهێزو کارا، ئەم هۆکارا نەو گەلێکی دی بوە هۆی فۆرمە ڵەبونی میرذشینەکە، ئەم قەوارە یە بوە ج ێی ه یواو ئاواتی جەماوەر و ڕزگاربووذ یان لە سێبەری قور سی دە سەلاّتی بێگا نەو وەك مستەر (ریچ) دەڵێت ئەم میرذشینە، هەنگاوی گورج و درێژی هەڵهێناو دەسکەوتی نیشتیمانی و ژیاری لە زۆربەی بوارەکاندا چیٚ کرد، سالم دەڵێت :

**لەوسایەوە کە حاکمی بابان بە دەرکران**

**نەیدیوە کەس لە چیهرەیی کەس جەوهەری هونەر**

شکستی میرذشینەکە و کوژا نەوەی چراکانی، کۆ مەلێك هۆکاری با بەتی و خۆیی لەپشتەوەیە دیارە ئێرە جێگای درێژەدان نیە بەم بابەتە.

پرۆگرامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە تیشك خستنە سەر داهێنان و دنیا بینی و وێنای سێ کوچکەی بابان (نالی و سالم و کوردی) لە مەڕ سلێمانی و میرنشینەکە لە بوارە جیاجیاکاندا، وەك : چیان بۆ پێ شنیار کردوە؟! و هەڵوێستیان بەرامبەر میرەکانی؟، جەنگاوەرەکان؟، کاربەدەستان؟ دوژمنەسەر سەختەکانی؟، کێشە هەمیشەییەکان؟، هەڵسوکەوتی دوو ئیمپراتۆریەتەکە؟، پەیوەندیان بە میرەکانەوە ؟، ئەوانەی کە کلکیان لە گەڵ دوژمندا گرێ داوە؟،شەرەکان؟.... هتد.

سالمی ساحێب قران لە چەند چامەیەکدا دوو حاڵەتی تێکەڵ کردوە، کە ئەویش کوژاندنەوەی یەکجاریی چرای میرنشینی بابان و ئەو کۆتا شەرەی کە عەزیز بەگی پیرمەسوور ئەنجامی داوەو پاڵەوانێتییەکی بێوێنەی تیانوادوەو ئیتر لە دوا جاردا عبداللە پاشای بابان روەو (ئەستەمبوڵ) ملی ناوەو میرنشینەکەش بەتەواوی روخاوە ،

د یاره  ڕو خانی میرنشینەکە  بەدە ست  تورکەکان و هەلاتن و پرژو بڵاوبونەوەی  سەربازو  کاربەدەستانیش، ئەمە جگە لە و نا ئارامی و  پێ کدا هەڵبژانا نەی   کە  لە ن ێو   سوپای تور کە داگیرکەرەکان  و پاشماوە کەمەکانی  بابانیەکان  رو یدەدا  لە سلێمانی و دەوروبەری، دەرهاویشتەی ئێجگار  دڵ  تەزێن و خەمناکی لێهاتە کایەوە، پرۆگرامی  لێکۆلینەوەکەم  ڕێگەدانە  بە  سالمی  ساحێبقران   کەوەك کامێرا یەك  ورد   بەوردی ماجەرای ڕەوشی  سلێمانی، وێنەی تراژیدیاو  کارە ساتباری تێک شکانی  سەربازانی  میرن شینەکە و  بەرگری  هە  ندێك سەرکردەی  مەیدانی، بشێوی ناو شار، سەر هە ڵدانی  هێزی ڕاو ڕووت ، خیانەتی هەندێك  هێزی چەکدار بگرێت... هتد.

بەدا ئەحوالی  ئەشخاصیٚ کەخاصصەی موڵکی بابانن

لەبیٚ دادی فەلەك  هەریەك سەراسیمە و هەراسانن

جەوانانی سەهی قەد بەسکی داماون لەبیٚ چیزی

لە ژێرباری غەما هەریەك، لەخەمدا میپلی چەوگانن

سالم با سیی ئەوا نە دە کات، کە میرز شینەکەیان بەرێوە بردوەو هەوادارو تایبەتمە ندی بابا نەکان بوون، ئەما نە سەراسیمەو هەراسان و پرزە لێبڕاو بوون بەدە ست سەربازە داگیرکەرەکانی تورکەوە، لە خە م و خەفە تدا ئەو بالاّ رێك و جوانەیان وەك گۆچان نوشتاوەتەوە، زۆرجار شوعەرای کۆن لەجیاتی زو لّم و زۆری دا گیر کەر ، و شەی (فە لەك) یان (ڕۆژگار) یان بەکارهێناوەو بەزوڵمی زەما نەیان لەقە ڵەم دەدە ن و هە ندێك جاریش بۆ خۆ دەربازکردن لە لیٚ پێچینەوەو سەرشاخ گرتنی دە سەلاّت یان دا گیر کەر، ئەم شێوازەیان بەکارهێناوە. کەس وەك سالم و هاوەڵانی ( نالی و کوردی) نەتلاوە تەوە بەدە ست داگیر کەرانی کورد ستانەوە و خەمی نەخواردوە بۆ شاری سلێمانی، سالم دەلێت:

میحنەت ئەوەندە زۆرە ، دڵم هێندە تەنگ بوە

دودی هەناسەی سەحەرم هەوری گرتەبەر

ئەوەتانیٚ م صطفی  بەگی   کوردیش لە هەمان  بۆ  نەدا دەلیٚت :

**نوری مەهدی لەتەرەف مەککەوە وە قاهیر بوەیا**

**غەلەبەی ڕۆمە لەبۆ کوشتنی (من کان کفر)**

م صطفی  بەگی  کوردی  ئەم تیٚک شکانەی بابا نەکان و داگیرکردنەکەی سلیٚمانی بەرۆژی قیا مەت ناو زەد دەکات  و دەپرسیٚت ئەوە  ڕۆژی دواییە؟ وا تورکەکان کەوتونەتە گیانی خەڵك و  دەڵیٚن، هەرچی کافرە دەبیٚت بکوژریٚت و لەناو ببریٚت، وا تە داگیر کەرانی کورد ستان  کورد  بە  کافر لەقە ڵەم  دەدەن چونکە ئەوان نویٚنەری خەلافەتی موسڵمانن و کوردیش  لادەر لەئاین!!  ئەم  بۆ چوونی  سەربازە تورکا نە  لە گەڵ فەلسەفەی (ئەنفالی) سەدامدا یەك دەگریٚتەوە،  چونکە لای  ئەویش ئیٚمە بت پەرست و ئەویش نویٚنەری ئیسلام و  پیٚغەمبەر  (د.خ) لیٚ د یٚت!! دوای دوو سەد  ساڵ،  جاریٚکی دی  ئەنفال  سیٚ  بارە دەبیٚتەوە،بەڵام لە  نمایشیٚکی ئیٚجگار دڵ رەقا نەو  فا شیانەدا،

ئەویش کارەساتی جەرگبڕی شەنگالە، بە کۆیلەکردنی ژن و منداڵ و پیاوەکانیا نە. سالم لە سەر ئەحوالی خەڵکی شار دەڵێت :

**لە ظولمي چەرخی دون پەروەر سەخی گەبانی حاتەم دڵ**

**بەراهی کۆیی دوونا نا لەهەرسو کاسی گەردانن**

**لەبابان ئەمیستە چونکە قاوەی نۆکەری دۆغە**

**لەحەلقەی ئەهلی حەسرەتدا هەموو کە مۆڵە فنجانن**

لەبەر نادادپەروەری و زوڵمی ڕۆمیەکان، هەموو ئەوانەی کەژیانیان پربوو لە خۆشی و وەك حا تەم دەست و دڵ باش بوون، ئەمێستا کا سەیان بەدەستە وە یە و ما ڵەو ماڵ سواڵ دەکەن و دەست لەخەڵك پان دەکەنەوەو ئێستا کە ڕۆژ ڕۆژی هەتیو مچەو ناکەس بەچەیە، ئەم دیمەنە دڵ تەزێنە، ڕووخانی سا سانیەکانم بیردەخا تەوە، کە پا شاو خا نەوادەکانی دوای ڕوخان، ئاوارە بوون و کەوتنەسواڵ کردن بەشارانەوە، بەدیعی هە مەدانی لە بە شێك لە مەقاما تەکانیا، پا ڵە وا نە سواڵ

كەرەكانی، بەشێكیان  لە خانەوادەی ساسانیەكانن و بەفرت و فێڵ خۆیان دەژێنن.

**صە ڤ باشانی (باب ئوغلی) لەدێی كۆستەو دەباشان**

**بەدەوری گەللەدا چۆماغ دەركەف، جوملە چۆپانن**

كاربەدەست و هەڵسوڕاوانی  ئیدارەی بابا نەكان  ئێستاكە لەدێی  كۆستەو دەباشان، شوانی و كار لە وەرا ندن  دە كەن و سەریان  كزو  پەژ  مردەن، مەبە ست  لە (كۆ ستە) گو ندی كۆ ستەی  چەمە و دەبا شانیش  ئەوی  كات   هەر گو ند  بوەو كانی و ئاوی تیابوە.ئەم دیمەنە تراژیدیانەی  شاری  سلێمانی دوای  هاتنی  حوكمی داگیر كەر،  هەمان وێ نەی دا گیر  كەرە لەهەر ولاتێكدا،  سەربازەكانی  تەیموری  لەنگ،  سەربازەكانی ع ێراق  لە كو ێت   یان ئ ێران، ئێ ستای  تورك یا   لە ئا مەد وشارەكانی  تر... هتد، وا تە داگیركەر هەر داگیركەرە ، بەڵام هەڵس و كەوتەكانی  بەپێی هەل و مەرجی جیاواز دەگۆرێت ، سەیركەن مصطفی بەگی كوردی لەهەمان بۆ نەدا چی دەڵێت :

**زەمانە ڕۆژی کردینە شەوی تار**

**صەفای (ئاستانە) و (تارانە) ئەمشەو**

**لەلایێ شینی و لایێ بەزم و شادی**

**یەقین دیاری ستەمکارانە ئەمشەو**

**بەبالأی دلێ کەکالأی غەم بڕاوە**

**وەکو تەختی (بەبە) وێرانە ئەمشەو**

**هو شیاری نە تەوەیی لای سێ کو چکەی با بان ئێج گار قوولێ و دەوڵەمە ند بوە، بە شێك لەو هـۆشیاریە کاردا نەوەی زوڵم و زۆری تورك بوە بەرامبەر میللەتی کورد، مصطفی بەگ لەم دێرا نە ئا ستانە و تارانی بە یەك چاو سەیرکردوەو هەردوکیانی بەداگیر کەرانی کورد ستان لەقە ڵەم داوە، ئە مە لەکاتێکدا کەداگیرکەری سلێمانی تورك بوە نەك فارس ، بەلأم لای ( کوردی) داگیر کەر هەر داگیر کەرە، م صطفی بەگ بەر لەنزیك دوو سەدە، هۆشیاری سیا سی لەما نەی لای خۆمان و ئێستا باشتربوە، چونکە ئاستانەو تارانی لەیەك ئاستی داگیر**

کەریا  بینیوە، بەڵام ئەمێستا دوای پتر لە دوو سەدەی ڕە بەق لە نوشوستی و هەڵسانەوەو تاقیکردنەوەی تاڵ بەدەست داگیر کەرەوە، هەندێك بە بەگ؟  بەڵام بەخێرایی سەدوبیست ڕوەو تور کان دەڕۆن  و دەیانکە نە فر یاد ڕەس!  خۆ هە ندێکی  تر بەئوتومبێلێکی عەذ چە،  کە گ ێری پێ شەوەی تیا نەماوە ، بە بەگ ڕوەو خۆرهەڵات چنگ لە سەر  شان  ڕەودە کەن!  هە ندێك لە بەر بێمتما نەیی  بەدەرو و دروا سیێ روەو بە غدا  بۆ پێ شەوە رادە  کەن! وەك   ئەو فرە  باش و دڵ  سۆزبێت و   کەمی   پیێ نەکردبین!! هە ندێك دە ڵێن  عە شرەت  با یەك  بین و هەرلێرەش بمرین ،   چونکە بێگا نە داد مان نادات...هەندێك...هە ندێك!!

ئەم هەندێکا  نە لە  بەر ژاوە ژاوی ذ  ێو خۆ  یان، ئاگا  یان لەوانەکانی  مێژووی دورونزیك نەماوەو   دوور لەبەرژەوە ندی نبشتیمان ولۆژیك، رەو رەوەی سواوی مێژوی خودی خۆیان و د نەماڵکانیان  ئەراێنن،  ئەم هەندێکا نە هێ ند  سادە  لەوحن ، ئەوە  نازانن  کە دە سەڵاتدارانی   باکور و خۆر هەڵات  و بە غدا

نەك لەژێری ژێرەوە بەڵكو لەسەری سەرەوەش یەك راو یەك ستراتیژو یەك فەلسەفەن، دریغ بۆ نیشتیمان ! خۆزگە ئێستاكە سێ كوچكەی بابان لەسوچێكەوە پانۆرامای عەقڵی سیاسی ئەم هەندێكا نەی! دەبینی، بتزانیا یە چۆن لەخەمدا توكیان لەسەری خۆ یان دەبڕی!! ئەو بەیتا نەی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنن كە توركەكان، نەهاتوون بەتەنیا هەر میر لەناو بەرن، بەڵكو وەك كودەتا یەكی خوێناوی گشتگیر، هەموو ئەوا نەی كە لەمیرنشینەكەدا مو چەخۆر و باڵا دەست و فەرمان بەربوون تارومار یان كردون و ئاڵای شەڕو لەناوبردنیان دژ بەرزكردونەتەوە ! ئەم هەنگاوە مەترسیدارە ئەوە دەسەلمێنێت كە توركەكان دژی دەوڵەتداری كوورد بوون و هەرگیز بڕوایان بەوە نەبوە كە كورد دەتوانێت یان دەبێت خۆی حوكمی خۆی بكات و پێویستی بە بێگانە نەبێت! سالم دەڵێت :

نەبانی و نەباغی ما لە فەوجی لەشکری ئیسلام

لەخۆفا طیفلي مەردوم وەك عەیالی ئەهلی زەنگانن

کەس نەڵێ ڕۆمی لەتەسخیری مەمالیك چابوکن

سستی بەختی عەشیرەت بوو بەچالاکی ئەوان

لەئەصلا بانی ئەم  کارە کاسبهای شەهری بون

لەئەمری فیتنە ئەنگێزا سەراسەر میثلي مەروانن

لە ظولمی چەرخی  چەپگەردش درێغا، حەسرەتا داد!

بە میثلي (سالم) ی بێکەس، گەلێ کەس و ێڵی شارانن

ئەوەی هەمیشە برینی خەمە  ئەبەد یەکان  دێنێتەوە سویێ ئەوە یە، کە  سالم  جارێکی دی با سی  ناکۆکی و برا کوژی و کلکی تەورەکە دەکات، هێما  بۆ  شێر پەنجە دێرینەکەی ذێو ماڵی کورد  دەکات، کە بەئامان و زەمان  لێی نابێتەوە و چۆتە کرۆمۆسۆماتەکانی میرو سوڵتان و سەرکردە چاوچنۆکەکانی، دیارە ناکۆکی و دووبەرەکی زێفی لە میرنشینەکە سەند بوو،

وەك  مارەكەی شێخ هۆمەر ئالاّبوە ملی ، برا دژی برا، برازا دژی مام، هەر هەمویان دژایەتی هەرهەموویان دەكرد!!  ئاخر هۆكارە كە  خۆ ج یاوازی  بیرو ڕا  نەبوو، ج گە لەپ لەو  پارە وپۆ ست هی چی دی  لەئارادا  نەبوو. لەوەدە چێت بابا نەكان نەیاریان زۆربووب ێت و  ئەم دیاردە یە   لەژیانی سیا سی و حكو مەت داریدا ئا ساییە، بەلاّم نەیاری سەرەكی  بابا نەكان وەك  سالم دەلێت، كاسبكارەكانی شاربوون، دە شێت بپرسین ئەم كا سبكارانە  بۆ دژا یەتی بابا نەكانیان دە كرد؟  تۆبلێی بابا  نەكان وەك دەرە  بەگ و   خۆ  بەزلزان  و   فەرمانڕەوای هەژمون  كەر  هەلّس و  كەوتیان  لە گەلّ  ئەم كا سبكارانە كردب ێت؟ ئا  یا دە شێت كا سبكارەكان  وەك  پیتی بور جوا هەلّسو كەوتیان كردبێت؟ كوا مەرجە  چینایەتێكانی  درو ست بونی  چینی بۆر جوا  لە كۆمەلّگا یەكی دوا  كەوتوی  ئەو سەردەمەدا؟ تۆبلێی باج و قورسایی  خرابێتە سەر ئەم چینە لەلایەن  دەسەلاّتدارانی بابانەوە؟ مامەلّەو  سەرچاوەی هێنانی

شمەك بۆ بازاڕی سلێمانی لە بەغداوە بوە، یان تەورێز یان ئاستانە یان هەمویان؟ بابانەکان بۆ کام لەم شارانە مەرجی هەبوەو رێگای لێداخستون؟ ئەم کاسبکارانە وەك سالم دەڵێت دەستیان لەگەڵ تورکەکان تێکەڵ کردوەو دەسکێشیان کردون. فایەق بێکەس هەمان بۆ چوونی سەبارەت بە کاسبکاری شار هەیە :

وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان

هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان

حاجی توتنەکەت مادەم فرۆشرا

قیروسیا لەصەد کوشتن و هەرا

هەڵدا نەوەی ئەم لا پەڕە جۆربەجۆرا نە ئەوەمان بۆ دەردەخات کەهەستی نەتەوەیی لای ئەم چینە بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئێجگار لاواز بوە، بەڵام ئەمەیان بە پێچەوانەی ئەورووپاو درو ست بونی دەوڵە تە ناسیونالیزمەکانی وەك ئەڵمانیاو ئیتاڵیا، بەتایبەتی لەسەر و

بەندی یەك گرتنەوەی نەتەوەی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا ، کەپاڵەوانی نە تەوەیی وەك گاریبا ڵدی و بـ سمارکی هێنایا نە گۆڕیٚ، دە شێت توێژێ نەوەی وردی زاذ ستانە لە سەر ئەم د یاردە نامۆیەی کاسبکارو بازرگانی کورد بکرێت، ئا یا دە شێت بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەگەڵ نەتەوەی سەردەستا کلك گریٚ بدەن و پـ شت بکە نە میللەتە کەی خۆ یان؟ ئا یا لەژێر چەکمەی رە قی سەربازانی تور کدا چ خوا ست و هیوا یەکی ئەمانە دێتە دی؟!

با ئەوەشمان لەیاد نە چێت کە زۆرێ نەی دەرەبە گەکان و سەرۆك خێ ڵەکانیش هەر هاو کاری دە سەڵاتی بێگا نەیان کردوەو لە زۆر قۆنا خدا چەکیان بۆ هەڵگرتوە و بوونە تە پیاوی. دیارە ئەمە ئەوە دە گەیەنێت کە کومەڵگەی کوردی گەشەی چینایەتی ئاسایی نەکردوە، بەدەر لە هەموو تیۆرێکی سۆسیولۆژی و سیا سی و ئابووری ژیانی بەرێکردوە، ئێـ مە تائێ ستا ناتوانین پێنا سەیەکی زاذ ستیانە بـ کەین بۆ

کۆمەڵ گەی کوردی با شوور، ئا یا ئەم کۆمەڵگە یە کۆچەریە،کشاوەرزیە پیشە سازیە، بازرگاذیە؟ یان هەمویا نە یان هیدچیان ذیە؟! یان تێکەڵە یەکی بێ سەروبەرە؟ ئەم گەشەسەندنە بێ سەروبەرو ناسروشتیە، هێندەی تر پێکهاتە ئۆرگانیە کەی و یران کردوە، سالم لە سەر دەرەنجا مە تراژید یەکانی ڕوو خانی بابا نەکان دەرواو پانۆرا مای وردەکاریەکانی دەخاتە پێش چاو:

ئەوانەی بەرشکەستی ئیلتیزامی حاصیلی ڕۆمن

لەتاو بێنەو نیە، گاگەلچەرینی میری جافانن

چەر کەردەی ئیجارەی پادشاهی چوونە دەروێشی

فەقیری موڵکی (هەوشار) و غەریبی شاری تارانن

بەدیهقانی بڵاوبوون دایرەی بێ کەس بە قۆپی دا

لە بەڵخەو دۆکەرۆ و نەوتی و دەللوجە و سەیووسێنان

حەیادارانی بێ حورمەت لەتاو بێ ماڵیی و عوسرەت

فەقیری دێی فەقیرە و تەکیە وو ئەستێڵ و تافانن

زاراوەی (ئیلتـ یزام) ئەوا نە دەگرێ تەوە  کە زەوی و زاری دەوڵەتیان بە کریێ گرتوە بە برِێك پارە، واد یارە ئیتر ئەو باجەیان بۆ نەدراوەو لەتاو دا نەوەی قەرزەکە را یان کردوەو ئاوارەبوون بەدێهاتە کانداو بە وەرزێری و شوانی و گاوانی و مزوری و خز مەتکاری خۆ یان ژیا ندوە، هە ندێکی تر یان بوونەتە گاوانی میرانی جاف، دیارە ئە مە ئەوە دە سەلمێنێت کە عەشیرەتی جاف لەو سەرو بەندەدا بە بەهێزی ماونە تەوە و لەدەرەوەی میرنشینی با بان بوون، یان لەنێوە ندی هەردوو دە سەڵاتی با بان و ئێرا ندا بوون و جۆر ێك لەدە سەڵاتی کۆچەری گەرۆکیان هەبوە بەسەر ئەو ناوچانەی کە گەرمیان و کوێ ستانیان تـ یاکردوەو ئەو شوێنانەش کەوتونە تە ناوسنورەکانەوە، ئەوەی کەلەدەقە کەدا دەردە کەوێت، سوپای تورکەکان لەو سەرو بەندەدا بەتەنیا لەشاری سلێمانیدا بوون و دە سەڵاتیان بە سەر دێهاتەکا ندا نە شکاوە یان نەیان ویـ ستوە پرژۆ بڵاوبـ نەوە ، ناوی ئەو دێهاتا نەی قەرەداخ

که سالم هێ ناونی (بەڵ خه، دۆ کەرۆ، نەوتی، دەلوجه،سەیوسێنان، فەقیره، تەکیه، ئەستێڵ.... هتد تائێستا وەکو خۆیان بەئاوەدانی ماونەتەوە و گۆڕانکاریان بەسەر دانەهاتوە، جگە لەناوی دوو دێ نەبێت (سۆفیلەر) کە ئێستا نەماوە، لەگەڵ (قۆرخ)، ئیتر نازانم مەبەست لە (قۆرخ) (قرخ)ی شوێنی لەدایك بونی شێخ ڕەزا ذ یە؟ لەرا ستیدا د یاردەی ئاوارەبون و ڕەوکرد نی تاك و کۆ مەڵ دوای ڕوو خانی دەسەڵاتە کوردیەکان، یان شکستی ڕاپەرین و شۆڕشەکان،یان شەرو شۆری ذ یوان خ یڵ و عە شیرەتەکان، زۆر باوبوە لە م یژوی پڕلەنەها مەتی و شک ست خواردوی کوردا، ئائێستاش عەشیرە ت و خێڵەکان بەشێکیان لە عێراق و ئەوی دیش لە ئێران، دیارە هێڵی سنوری نێوان ئەم وڵاتانە سەپاوو وزۆرە م لیٚ یە. دوای ڕو خانی شۆر شەکانی شێخ سەعید و شێخ عوبە یدوڵا و بەدرخاذیەکان، زۆر بەی سەرکردەو کادر و جەنگاوەرو خەڵکە دیارەکانیان، لەچنگ مەرگ و بەند یخا نە و

ئازار،ڕوەو سوریا ومیسرو فەلەستین و عێراق و تەنا نەت ئێرانیش رەویان کردوە، یان خۆیان شاردۆتەوە ، دیارە بەم حاڵە تە کورد هێزی مرۆ یی فرەی لەدەست داوە، دوای ڕوخانی کۆمارە تاقانەکەی کوردستان سەدان تێکۆشەرو سەربازی نەنا سراو پەنایان بردە بەر عێراق و سوریا و ئازەربایجان و سۆڤێت، هەژارو هێمن و زەبیحی و حەسەنی قزڵجی و دەیان تێکۆشەری تر هاتنە باوەشی گەرم و گوڕی باشوورەوە و لەوێ جارێکی دی کوانوی تێکۆشانیان گەرم کردۆتەوە، دوای ذسکۆی ئەیلولیش سەدان تێکۆشەری ذێۆ شۆڕشەکە، دە سەڵاتدارانی عێراق دووری خستنەوە بۆ ناوچەکانی خواروو ناوەراست و هەندێکی تریشیان ڕوەو ئەمریکا و هەندەران ملیان نا، دیارە ئەم کۆچ و کۆچباری و ئاوارەیی و دەربەدەری وڵاتانە لە دێرەوە بە باڵای کورد براوە و بەئامان و زەمان لێی نابێتەوە، مەولانا خالیدی شارەزوری لە ئاوارەیی کابول و غەزنەین و قەندەهارەوە، لە

ڕۆژی جەژنا، هەنا سەی سارد، فرمێسکی گەرم، گریانی بێ دە نگ، هەڵدەڕ ێژێت بۆ سەر چنار و بەکرەجۆ و ئەڵهای شاردەکات، باگوێ رادێرین :

موسم عیداست و مانومیداز دیدار یار

عالمی درعیشی و نوش و ما دوچشم اشکبار

بێ نواو دڵ پر ازخار و غریب و درد مند

دست بردل، سربزانو، چشم در ره، دل نگار

بکره جویی شد زهر چشم روان ز خون دڵ

عاقبەت کردم دوا داغ فراق سرچنار

خالدا گر نیستی دیوانه و صحرا نورد

توکجار و کابل و غزنین و خاك قندهار

د یارە ئاوارەیی و دەربەدەرێ کەی مەولانا پەیوە ندی بە پێکهاتەی ناجێگیرو پڕ وەیشومەی میرنشینەکەوە بوە و هیچ دەرفەتێکی نەماوە، نالی مەزن، هەمیشە سلێمانی قیبلەی د ڵە خەمبارەکەی بوە، لەو ئاوارەیی و بێ نەواییەیدا چ لەشام چ لە

حێ جاز هەر چاوێکی لای سلێمانی بوە، لەبیرەوەری و یادەوەرێکاذ یا سلێمانی سونبولی پیرۆزی و نەمری و دلۆڤانی بوە، سەیرکەن چۆن وە سفی ئەم شارە دە کات لە هەموو ڕویە کەوە، خاك، بەرد، کەش و هەوا، خەڵکە کەی، تۆزو غوبارەکەی.

**خاکی میزاجی عەنبەر و داری رەواجی عود**

**بەردی خەراجی گەوهەرو جۆباری عەینی نور**

**شامی هەمو نەهارو فضولی هەموو بەهار**

**تۆزی هەمو عەبیرو بوخاری هەموو بوخور**

**ئەهلێکی وای هەیە کەهە موو ئەهلی دانشن**

**هەم ناظمی عقودن و هەم ناظري ئومور**

نالی لەکاتێکدا کە شام و مەککە و ئە ستەمبوڵی بیذیوە و تیاژیاوە بەبەراورد لە گەڵ شام و ئە ستەنبوڵدا، سلێمانی زۆر خوارترە لەهەموو ڕویەکەوە، بەڵام بەوشێوە دلۆڤان و هە ست ئامێزە سلێمانی چێدەکات.بائەوەشم بیرنەچێت کەدوا بەیتی

ئەم کۆپلە یە  جاردانی نالـ یە،  بۆ  سلێمانی  کە پاێ تەختی ڕۆشنبیریە، وەك نالی دەلێت، خەڵکەکەی هەموو  زانا و شاعیر و ئەهلی نەزەرن، واتە ئەم بە پایتەخت کردنەی سلێمانی بەری رە نج و عەبقەر یەتی  ئەو  سەدان ڕو ناکبیرو  شاعیرو  خەڵ کە هۆشیارو  چەلەنگ و ئازا یەن، خۆنالی  هەر  بەزمانی  کوردی ئەمەی بۆ سلێمانی نەکردوە، ئەوەتانیٚ بە زمانی عەرەبیش لە حیجازەوە  هەر  بۆ  سلێمانی دە گری و  شارەزووریش دەکا تە پاێ تەختی   ئەم دنیا  یە،  شارەزوور لای  نالی  ئەو گو ڵە مێخەکە یە  کەدراوە  لەکاکۆڵی  جوانترین کنا چەی  سەرزەوی، سەرچنارو بەکرەجۆ ئەو شمشالەن کەبەسەر لێوی ڕۆژگارە وە خەمناکترین ئاواز دەچرن، یان ئەو دوجۆگەیەن کەلەچاوەکانی نالیە وە بەخوڕ دێنە خواریٚ.

**زورت زورة الی الزوراء**

**أو الی الروم أو الی الشهباء**

**أو الی شهرزور مسقط رأسي**

**موطن العلو موطئ الآباء**

**ماء وجه العراق وردا ووردا**

**فهي خضرائها على الغبراء**

**نالی لەنێوان بەغداو و ئەستەنبولٚ و شامدا، شارەزوور هەڵدەبژێریٚ و دەیکاتە مەکۆی پیاوەتی و باڵانمایی، نالی لە داهێنانێک یا چامەیەکی بە کوردی و عەرەبی نو سیوە و دیسانەوە بەیادی سلێمانی یەوە پڕ شکۆی خەمەکانی دەگەشێتەوە، خۆشەویستی نالی بۆ سلێمانی گەیشتۆتە ترۆپك و لێکدا تواو نەتەوە (وحدة الوجود) ی مرۆڤ و خاك هەرلەنالیا دەبینرێتەوە، دیارە ئاوارەیەکەیشی هێندەی تر هەست و سۆزی گڕ تێبەرداوە.**

**دەرونی لدار الشارەزوور و بردە**

**کەفرمێسك گەرم الی ئاوی سەردە**

**شەوانی قەرەداغ هەوای دار زەردە**

**أما سرچنار، عینی جاریە لە**

**أما تانجەرۆ قد صار مجنون هەردە**

لەم ئاوارەی یەوە دەرو نی نالی هەرلای دارو بەردی شارەزورە، شەماڵی پیرمە سوور و شەوانی قەرەداغ و داری زەرد هەر لەدڵیا قو ڵپ ئەدەن و نانی شنەوە، تا نجەرۆش هەروەکو مەجنون وێڵی هەردەی شارەزورە و سەر چناریش وەك چاوەکانی بەخور دا ئەکات، ئەم سۆزو خۆشەویستیەی نالی و دڵەسوتاوەکەی، ڕوباری سیروانیش نای کوژێنێتەوە.

خۆشەویستی و پیاهە ڵدانی سلێمانی لەو سەروبەندەدا تایبەت نەبوە بەسێکوچکەی بابانەوە بە تەنیا بەڵکوو گەلێکی دی سۆز و عیشقی ئەم شارەیان لەئامێزگرتوە و بەپێی توانا و لێهاتوی یان شیعریان بۆ و توە، ( موخلیس) کە تەخەلو صی مەلا رەسولی دێلێژەیە، لەوەسفی سلێمانیدا دەفەرموێت :

مەدینەی موڵکی بابان موخلیصا یەعنی سلێمانی

کەجێی دوو حەزرەتی وابێ، ئەبێ وەك کەعبە توللاّبێ

موخلیص بێ هیچ دوودڵ یەك سلێمانی بە موڵکی با بان ئەژمار دەکات، سلێمانیش لەڕوی پیرۆزی و خۆشەویستیەوە

دەبێ تە کەع بەتولاّ و لە هەر چوار لاوە ڕوی تێدەکریٚ و بە سنگەوە دە گیریٚ، ئەو دوو حەزرە تەش بریتین لەحاجی کاك ئە حمەدی شێخ و شێخ حـ سەینی قازی – وەك د.ع یزەدین مو ستەفا دەڵێت، د یارە شێخ حو سیەنی قازی خو شکەزای حاجی کاك ئە حمەدە و زانا یەکی گەورەی سەردەمی خۆی بوە، موخلیس لەم بەیتەدا هێزو پیرۆزی و گەورەیی ئەم دوو زا تەی بەبالاّتر دا ناوە لە شارەکە، وا تە کاتێك سلێمانی دەبێتە کەعبەتولاّ، کە ئەم دوا نە تیشتەجێی بن، وا تە وەك عەرەب دەڵێت (شرف الم کان بالمکین) وا تە ئەهمە یەتی جێ گا بە نیشتەجیٚ کەیەوە یەتی، ئەم بەیتە کارلێکی (تفا عل) مرۆ ڤ و جێ گا چیٚ دە کات و بە هەردوو تەرەفی هاوکێشەکە(معادلە)، کە مرۆ ڤ و جێگا یە، ڕەمزێکی مێژوویی نویٚ بەرهەم دێنن کە ئەویش بریتیە لە شارێکی کەع بە ئا سای پیرۆزی وەك سلێمانی، وا تە ئەهەم یەتی سلێمانی بەکەسە گرنگەکانیەوە یەتی، کە ئەڵێن نە جەف وا تە

(علی)، كەئەڵێن (معرة) یەعنی ابو العلاء، كە ئەڵێین (بیركۆت) یەعنی عە بدولاّ پە شێو... كە ئەڵێین شارەزور وا تە ( نالی)، كەئەڵێین مەهاباد یەعنی پێشەوا قازی محمد...هتد، ئەوە ئەم زاتا نەن كە هـ ێزۆ و پیرۆزی و نەمریان بەخ شیوە بە شارەكانیان، ز ێد قود سیەتێكی مەء نەوی پیێ بەخ شراوە لەلایەن ئەمانەوە ، شێخ ڕەزای تاڵەبانی كەس نەماوە بە زما نە ز برو چەقۆ ئا ساكەی فەلا قەی نەكردبێت، هەر لەمام و عە شرەتەكەی خۆ یەوە هەتا دوا كەس!، بەڵام كاتێك كە هەڵوێ ستە لە سەر حاجی كاك ئە حمەد و سلێمانی دە كات، ویژدانی هاواری لێدەكات ، كەشارو كەسەكان چون یەك نین!! گەرەكە هەركەسەو وەك خۆی بناسرێت و بنرخێنرێت، وا تە وەك سالم دەڵێت : بە حەیا بڕ ێرە حزورو بە ئەدەب سوجدە بەرە.

شێخ ڕەزا دەڵێت :

**مەربوتە حەیاتم بە سلێمانی وخاکی**

**خۆزگەم بەسەگی قاپیەکەی ئەحمەدی کاکی**

شێخ ڕەزا سلێمانی و حاجی کاك ئەحمەدی پێکەوە گریێ داوە، ئەم دوانە پێکرا تواونەتەوە و سونبولێکی نەتەوەیی پڕ شکۆیان نەخشەکێ شاوە لەم ێژووی کوردا. سەبارەت بەپایتەختی سەردەمی بابانەکان دەڵێت :

**لەبیرم دێ سلێمانی کە دارو مولکی بابان بوو**

**نەمەحکومی عەجەم نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو**

**لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەولا و زاهید**

**مەتاف کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو**

شێخ ڕەزا بە گ یانێکی نەتەوەیی بالآوە، بەیادەوەر یەکی نمو نەیی پڕ مێ هرەوە، وە سفی سلێمانی دە کات، تەواف کەعبەش بەو هەموو پیرۆزیەوە دە چوێنێ بەزیارەتی گردی سەیوان، بونیادی قوڵی (البنیة العمیقة) ئەم لێکچواندنە، ئەو

ئەدركێنیٚ  كەحەجی كورد زوبان دەشێت لە سلێمانی بێت ،
بۆ نا؟!   حاجی  كاك ئە حمەد  لەویٚ راك شاوە،  ئەوی كات
سلێمانی  ئازاد بوە،نەعە جەم   نەئالی عو سمان  حوكم یان
نەكردوە، خۆی خاوەنی خۆی بوە، ئەم هەستی خود شانازیە
سۆزو كۆنە ستێكی خۆر هەلآتی لەمێژینە یەو لای  شوعەرای
كورد وەك هە ستێكی  نە تەوەیی  خاوەن  نەخش و م یژوو
سەری هەڵداوەو بەشێكی دەگەرێتەوە بۆ بیرۆكەی جولآ نەوەی
(الشعوبیة) بەلآم بەبارێكی تردا!! واتە خۆبەشت زانینی  كورد
لەئاست نەتەوە سەردەستە كاندا، چونكە خاوەنی دەو لەتێكی
دێرێنەی وەك (میدیا) بوە كەئەمە جۆرێكە لەشكۆی م یژویی.
ئەوەی كەجێی  سەر سورهاتنە، ئەم دوو  شاعیرە خوانا سە
سلێمانیان بردۆ تە ئا ستی مەك كە و كەع بە و  حاجی  كاك
ئەحمەدیشیان وەك هەر خەلیفە یەكی  مو سڵمانان نا ساندوە،
بیٚ  ئەوەی كەس پێ یان بڵ یت ئ یوە  لە ئیسلام لا تان داوە!!
بە شێك  لە  بە  كەع بەبونی  سلێمانی  ئەو ملنەدانە یەتی  بە

عە جەم و ئالی عو سمان، ئە مە جگە لەوەی کەهەمیز شە لەباوە شی گەرمی ئەم شارەدا ئەو هەمو شاعیرو تێکۆ شەرو ڕوناکبیرانە لاوێنراونەتەوەو بەهرەمەند بوون.

سالم لە چامەکەیدا تیشك دەخاتە سەر هێزی راو ڕووت کە لەکاتی هێر شی سوپای تور کدا بۆ سەر سلێمانی، چ غەدرێکیان لەم شارە کردوە، تالان و بڕۆ گە شتۆتە ئا ستێ، بەتاید بەت بۆ سەرماڵ و حاڵی بابا نەکان، کەما ڵەکانیان ڕووخاندون و خشتەکانیان دەرهێناوەو بردویانە بۆ دێهاتەکان بۆ درو ست کرد نی خانوی سەرلەنوێی جوتە یاران، د یارە زۆربەی ئەم کارە خەڵکی دێهاتەکانی دەوروپشتی شاربوون، سالم دەڵ ێت تەنا نەت یەکێکی وەك حاجی کاك ئە حمەدیش نەیتوانیوە بەرگری لەخۆی بـ کات لەئا ست ئەم چەتەو ڕاو ڕووت کەرا نەدا، سەیرکەن سالم چەندە بە سەر سوڕهاتنەوە باسی دڵ ڕەقی و بەد رەوشتی ڕاوڕوت کەران دەکات!

**هەی پەنا بەخوا لەدەست ئێڵی غەوارەی دەوری شار**

**كافرۆشی و چنگنی و چوچانی و جاف تەلان**

**عەزمی هەركاتی بكا  هەرچەن  ئەگەر (كاك ئەحمەد)ە**

**وای دەماڵن سیٚ كەرەت تادێنە (كانی ئاسكان)!**

**بۆ نەجیبانی و یلایەت بوونە ئافەت نانەجیب**

**چامەیی  شەهری لەدەست صەحرا  نشین بەس  دادڕان**

لێرەدا پرسیارێك  سەر دەرد ێنیٚ، بۆ چی بابا نەكان هێند دوژمن داربوون؟ بۆچی خەڵكەكە بەم شێوەیە بەربوونە تە مڵك و ماڵ یان؟  تۆبڵێی مەبە ست  لەم ڕاوڕوو تە، دەستخ ستنی سوودی  ماددی بێت ،  یان تۆڵە سەندنەوە لەبابا نەكان؟ دوژمنایەتی دێهاتیەكان  بۆ گەشتۆتە سنوورێك كەخشت بە خ شتی ماڵەكانیشیان دەربهێنن؟! ئە گەر وادا نێین  نەریتی ڕاووڕوت  لای دێهاتێكان  ئاسایی بوەو بەجۆرێك لە ئازا یەتی دا نراوە!!  بۆ ئەما نە بیر یان نەكردۆ تەوە  كە  سوپای تورك جانەوەرە؟  ئەی بەچاوی خۆیان نەیان بینیوە؟ ئەی كا سبهای

شار بۆ هێ ندە دوژمنا یەتی بابا نەكانیان كردوە؟ ئەی خەڵكە كەی تر بۆ بەپە لە ج ێی ئەوانیان گرتۆ تەوە و پ لەو پۆستەكانیان دابەش كردون؟ دیارە ئەم كاسەیە بیٚ ژێر كا سە ن یە!! كورد لە فەرمان ڕەوا یەتی خۆ یدا نەیتوانیوە تاقیكرد نەوەی سەركەوتوی عادیلا نە پیادەب كات ، هەر ئەوە ندەی دە ستی گەی شتبێتە پ لەو پۆ ست و سامان و پارە، ئیتر نەهەستی نەتەوەیی، نە بەهای ئینسانی،نەوڵات بەهە ند زا نین، دادی نەداوەو دە ستی كردوە بەتاڵان و بڕۆ لە ژ ێر پەردەی یاسا و تۆڵەسەندن و چەندەها بیانووی پڕو پووچدا، دوای ڕزگاركردنی گەلی جەزائیر لەدەست فەرەنسێكان و ئەو هەموو قوربانیەی كە گە شتە ملیۆنێك شەهید، گەلی جەزائیر هێ ند فەرمان ڕەوا خۆماڵ یەكانی خۆی زوڵم یان لێكردن، لە خۆپیی شاندانەكاندا داوا یان كرد كە بافەرەن سا بگەڕێ تەوە و حوكم یان ب كات!! د یارە ئە مە گەڕا نەوەی م ێژووە بەرەو دواوە، سەدامی دیكتاتۆر و خوێن ڕێژ چی بە كورد نەكرد؟!

هەرئەوە  مابوو لەبنی دەربێنێت، کەچی ئێستاکە لەتاو دزی و ڕاو ڕوو تی حیز بی خۆ ماڵی  کوردی!! بە شێك  لە خەڵکە کە دەڵێن ئاخ بۆ سەدام!! دیارە ئەمە گەورەترین شکست و خەمە، کە کورد  نەیتوانی و ناتوانێت بە عەدالەت و یاسا و یەکسانی حوکمی  خۆی بـ کات!! با شە خۆئێ ستا نزی کەی ۲۰۰ ساڵ تێ پەریوە بە  سەر  ئەو م ێژوەدا،  ئەی  بۆ کاربەدە ستە خۆماڵ یەکان  خراپتر دە کەن؟! با شە  بۆ دەبـ ێت م ێژو  خۆی دو بارە بکا تەوە،  بەڵام  لەدارو  بارێکی  خراپتردا  نەك با شتر؟! تۆبلێی  پاشماوە کانی   نەریتی کۆ چەرێتی و  تیرە و خ ێڵ دوای ۲۰۰ سەد ساڵ  هەر  لەکاردا بـ ێت و  کاڵ نەبێ تەوە؟! لە شەڕی  ئەیلولی رە شی حەفتاکا ندا،  کە  لە ن ێوان پا شای ئوردون   مەلیك حو سەین و فەلە ستینیەکان  ڕوو یدا،  مەلیك حو سین کەعەرە بە و مو سڵمانە و  ئەهلی  بەیتی پەیام بەرە (د.خ)لە سەر بـ ێت!!،  بەجۆرێکی  هێ ند تو ند و  بیێ بەزەییا نە پەلاماری  فەلە ستینیەکانی دا، بەنا چاری و  بۆ خۆپارا ستن

لەژیانیان، پەنایان بردە بەر وڵا تی ئیسرائیل، کە جوولەکە وغەیرە عەرەبن ! واتە لەیەك لایی کردنەوەی یان دووڕێیانی ژیان و مردندا، خەڵکە کە نەتەوەو ئاین وەلادەنێن و ژیانی خۆ یان دەخەنە پێش هەموو شتێکەوە، لە سەردەمی عەبا سیەکاندا (موعتەزیلە) کەتاقمێکی عەقلانی هۆ شیار بوون، دەیان وت سەرۆکێکی غەیرە عەرەبی ناموسڵمان، بەڵام عاد یل، با شترە لە سەرۆکێکی عەرەبی مو سڵمان، بەڵام ناعاد یل!! چونکە لای ئەوان عەدا لەت ئەسا سی فەرمان ڕەوایەتی یە وا تە (**الـ عدل أ ساس الـمـ لك**)، لۆژیکی ژ یان و تاقیکردنەوەکانی فەرمان ڕەوایانی کورد، گەیاندومیەتە ئەو قەناعەتە ی کەهەرگیز فەرمان ڕەوا یەکی خۆ ماڵی (کورد)ی ناعادیل، باشتر بێت لە داگیرکەرێکی عادل!! با شە بۆ دەبێت فەرمان ڕەوای خۆ ماڵی یان بابڵێین سەر بەنەتەوەی خۆ مان هەردەبێت ناعادیل بێت!! بۆ سیفەتی نا عادیلی و نا شەفافی هەمیشە ئاوێزانی کاربەدە ستی کورد بێت و بوتر ێت

تاقیكردنەوەمان نیە؟! بۆ فەرمان ڕەوای خۆمان دادپەروەر و دڵسۆز نەبێت؟! لای بەندە فەرمان ڕەوای داد پەروەری كورد هەمیشە باشترە لە فەرمان ڕەوای داد پەروەری غەیرە كورد ئەمە حەقیقەتە و خۆزگە وادە بوو، ئەوا نەی دەڵێن فەرمان ڕەوای كورد ئەگەر دیكتاتۆریش بێت باشترە لە فەرمان ڕەوای بێگانە ئەگەر عادلیش بێت، ئەمەگریمانەیەكی لاوازو دوور لە لۆژیكە و دەبێتە پاساوو ڕێ خۆشكردن بۆ خەڵكە هەڵمەتەكاس و بێ بەزییەكە بە ئارەوزی خۆیان زوڵم و زۆر بكەن لەژێر سێبەری كوردا یەتی و نە تەوەو زاراوە لەخشتەبەرەكاندا. دەبێت چەمكی پیادەكردنی عەدالەت و یەكسانی بەرامبەر یاسا ، خواستی باڵای ئینسانی كوردبێت ، نەك پاساوی بێ بنەماو دوور لە لۆژیك و هزری سەردەم،

چونكە مەفهومی نە تەوەو دەو ڵەت لە سەر دە ستی گۆرانكار یەكانی بیرو فەلسەفەی گلۆبالیز ما ئاڵ و گۆڕی ریشەیی بە سەردا هاتوەو چەمكەكانی ئا یدۆلۆژیای

سەردەمی شەری سارد بەسەر چوەو (مقاید سە)ی لە سەر ناکر ێت، با ئەوەشمان لەبەر چاو بـ ێت کە ئیمپراتۆریە تە نەخۆ شەکەی عو سمانی، سەرباری ئەوەی کەخۆی بە کۆ مەلێك کێ شەی ناوخۆوە تلاوە تەوە، لەرێ گەی کۆ مەلێك یاسا و ریێسای نابەجیێ و دوژمن کارانەوە، باج و خەراجێکی زۆری لەسەر میرنشینەکان دا ناوە، وا تە خەڵکی میرنشینەکە دوو جار چەو سێنراونەتەوە، جار ێك لەلا یەن خودی ئیمپراتۆریەتە کەوە، جارێکی دی لەلا یەن میرو دە ست و پێوەندەکانیا نەوە، ئەم دو جار لەقاڵبدانە یە کەوا خەڵکە کەی توورەو بێزارکردوە و ویستویانە هەرچۆنێك بـێت لە یەکێکیان ڕزگار یان بێت. سالم بەدورو در ێژی با سی لە شیرازە دەر چوونی دە سەڵاتەکانی نـ یو شاردەکات دوای ڕو خانی میرنشینەکە، کە هیچ شت وەك خۆی نەماوە، خاوەن پیشەکان کارەکاذ یان گۆر یوە، هەربۆ یە دەرخ ستنی ئەم بـ شێویە وادەست پیێ دەکات :

**دڵ لە میحنەت كەیلە،تابی سەیری ناو شارم نیە**

**عەینی چاوم خوێنی تیٚ زاوە لە داغی مەردومان**

**سالم با سی  كۆ مەڵێك  ناوی  خەڵكی د یارو  نا سناو و پیـ شەكانیان دە كات  كەئێ مە نایاننا سین،  بەڵام  ئەم  خاوەن پیـ شەو  خەڵكا نە  لە ژ ێر   سێبەری دە سەڵاتی  توركا ندا گۆرانكاری بیٚ سەرو بەر و لنگە و قوچ  هاتوە بە سەریاندا،  بۆ نموو نە (دەرو ێش ئا غا)  لە جیاتی (مـ ستۆ)  گۆرانی دەڵ ێت، لەجیاتی (محمود ئاغا)ی حەكیم با شی، با بەجانی حەمامـچی دا نراوە،  سالم  گاڵ تەجاری  بە هە ندێك  ناوو پیـ شەدەكات ، چونكە  سەر  براوەتە لای كلك و كلكیش براوە تە لای  سەر و ئەوەی  عەقڵ قبوڵی  نەكات  بە سەر  شاریان هێناوە، لە بەیتی (٢٠) وە  هەتا   بەیتی (٤٧) وا تە (٢٧) بەیتە شیعر  ڕەخ نەو لاقر تی و  تەنزە بەدٔ یدارەی دوای بابا  نەكان   كە تور كەكان دایانمەزرا  ندوە، د  یارە   ئەم  بـ شێوی  و  بیٚ   سەروبەری ولە شیرازە دەر چوونی شتەئا ساییەكان، دەرهاوی شتەی دوای**

شەڕە، بەرهەمی حوکمی بێگانە شەلم کوێرم بەربۆتە سلێمانی و خەڵکانێکی دەو یێت کە خز مەتکاریی ب کەن و وەك هەرئامێرێکی بیٚ ئەرزش بۆ بەرژەوە ندی خۆی بەکاریان بهێذ یێت، ئیتر مەبە ستی ذ یە کە ئەما نە پیڕ شەیی بن ، درزو جەردەبن، پ یاو خراپ بن، گرنگ ئەوە یە کارە کەی فەرا هەم بهێنێت و حوکمی وڵات بکات، هەمیشە بێگا نە بە چاوێکی سووك و ر سوایی سەیری کە سانێك دە کات کە داردە ستی خۆ یان بن و هەرگیز متمانە شیان پیٚ نا کەن، سالم کەمتر خەمی نەکردوە لەدەرخ ستنی ڕوی رەش و قێزەو نی ئەم داگیرکەرانە :

زستانی ئەوڵێن بوو دڕا بەرگی شێخ هەباس

ڕۆمی ئەوەندە شوومە لەشەخسیش دەخەن زەرەر

واتە ئەوانە نەك لە زیندوو بەڵکو لە مردو یەکی خوانا سی وەك شێخ هەباس کە گوڵکۆکەی لە خواروی سلێمانیە دە ست دەوەشێنن و عەلەمەکەی دەدرێنن، م‌صطفی بەگی کوردیش

سالم ئا سا خەمێکی زۆری هەڵر شتوه لەده ست تور کە دا گیر کەرەکان :

**عەجەب مەگرە نەهەر ڕۆ ڕۆی عەجەمە**

**پەشێوی ظوڵمی ڕۆمی نانەجیبم**

نالیش لە حێ جازەوه هەر بەهێر شکردنه سەر تور کان نەوەستاوه، بەڵکو ئێرانیشی خستۆته پاڵ :

**ويح جارين جائرين عن القصد**

**وحق الجوار و الاتقاء**

**فيم تبكي من فرقة الفرق الرو**

**م وترك الأعاجم العجماء**

**كنت فاكهتم فهل ذقت منهم**

**بلغة من بلاغة البلغاء**

نالی کۆڵێك خەم و داخ لە دەست ئەم دوو دراو سێیه وا ته (تورکیا و ئێران) هەڵدەرێژێت کەزوڵم وزۆر داریمان لێ دەکەن و هەرچی واتای دراوسێیەتی و پیاوەتیه تیایا ندا نیه، نەك

هەرئه مەش بەڵكوو ڕۆژ ێك له ڕۆژان ة سەیەكی خۆش و جوانی لیٚ نەبیستون ، خەمه كەی نالی لەوەدا یه كه ئەما نه دراوسێن وهەمیشه لووتت به لوتییانەوەیه.ئەم چامانەی سالم له مەڕ شەڕو شۆڕەكانی ذ ێوان تورك و كورد، لەو سەرو به ندەداو كوژا نەوەی یەكجاری چرای میرذ شینی با بان، دەچێته خانەی نووسینەوەی مێژوەوە بەلاٌم بەهۆنراوە، وا ته مەرج ذ یه ئێ مه به تەمای تو خمەكانی شیعریەت و دە ست نیشانكردنی میتافۆڕو وێنەی شیعری و جوانكاریه و شەیی و واتا یەكانی بین، لەم جۆره نەزم و با بەت و كەره ستانەدا، ورده كاری لەدەرخ ستنی ڕوداوەكا ندا بیٚ پێچ و پەنا، مەبه ستی سەرەكی دەپێكێت، با ئەوەش لەبیرنه كەم كه سالم جارو بار بەتایبەت له وێناكردنی تابلۆ حەما سەت ئامێزو دیمەنی سەرسام كەری پا ڵەوانی شەڕەكاندا، دە چێتەوە سەر ڕێچكەی شاعیریەت و كەم تازۆر توخمەكانی شیعریەت و جواذ كاری فۆرم و خەیاڵی فراوان و وێ نەی شیعری

بەکاردەهێنێت، بەتایبەتی لە وەسف و پیاهەڵدانی عەزیز بەگ کەپاڵەوانی سەرەکی شەڕەکەبووە. لەسەر و بەندی ڕووخانی میرنە شینەکەدا سالمی ساحێبقران، پا ڵەوانێکی نە تەوەیی بەناوی عەزیز بەگ نمایش دەکات، ئەم سوارچاك و پاڵەوانە ئام بازی دا گیر کەرە تور کەکان دەبێ تەوە، خۆ یو جەنگاوەرەکانی بەگیانێکی نەبەزین و موقاوەمەتەوە بەرگری لە سلێمانی دەکەن و لەو پێناوەدا زۆر بەیان بە شەهیدی سەردەنێنەوە و ئەوانی دیش یان بریندار، یان دیل ، یان ئاوارەی دێهات وکەژو کێوەکان دەبن، ئەم داستانەی سالمی ساحێبقران پانۆراما یەکی هەمەلایەنەی ئەو شەڕە بەرگری و عادیلانەیە کە هێزەکەی عەزیز بەگی بابان دژی تورکانی بێ هو نەر و دا گیر کەر ئەنجامیان داوە، ئەم چامە مێژوویە ڕۆحێکی درامی هێند دەوڵمەندی تیا یە کەدە شێت بکرێتە کورتە فلیم، هاوکێشەی دراماکە لەنێوان دوو هێزی نابەرامبەر دا یە، هێزێکی داگیرکەری هەمەجی پڕچەك و تفاق و مەشق

دیدەی دەوڵەتی، یان بابڵێین ئیمپراتۆری، لەبەرامبەر هێزێکی لۆکاڵی کەم چەك و تفاق و ژمارەکەم، بەڵام خاوەن بڕواو ئازاو چاو نەترس، سالم لەم کارەیدا بۆتە مێژوو نوسێکی بەئاگاو ورد و بابەتی، بەڵام وەك وتم بەشێوازی شیعر کەرەسەکانی شەڕو پێکدادان نمایش کراون، ( شەڕ کەر، تفەنگ،ڕم،تیر، خەنجەر، تۆپ، قەمە، سوارە، کوژراو، شەهید، بریندار، خوێن، ڕا کردن، بەرگری،مەیدانی شەڕ، پالەوانێتی، خیانەتکردن،دەست و قاچ پەڕین ، هاوارو فیغان، خۆتەسلیم کردن...هتد) سالم وەك پەیامنێری بەرەکانی جەنگ وکامێرا یەکی شایەدحاڵ بەسەر ڕووداوەکا نەوە، وێنەی ما جەراو وردەکاری شەڕەکەی بۆ کێشاوین. ئەم بەرهەمە شیعریەی سالم، سەرجەم مەرجەکانی نۆڤلێتی سەرکەوتوی تێدا یە، شوێن= سلێمانی، کات = دواکاتەکانی سەردەمی بابانەکان، شوێنی شەڕ = گەڕەکی پیرمەسورو حاجی حان، پالەوانی سەرەکی = عەزیز بەگی بابان، کەسایەتی نەرێنی

= خۆفرۆش و تالآذ چێکان، ڕوداو = ما جەرای  شەڕی ذ ێوان سەربازەکانی تورك و هێزەکەی عەزیز بەگ ، جۆری گێرانەوە= بەشیعر، گێرەرەوە (ڕاوی)= سالم،جۆری گێرانەوە =تێکەڵەیەك لەبا بەتی و  خودی،  دیمە نەکان = پێ کدادان و  خوێن ڕژان و دە ست و  قاچ  پەڕین و  هاوارو فیـ غان، جێ گەی  جولاو = دیمە نەجیاوازەکان  بەدێها  تەکانی قەرەداخیـ شەوە، با  بەتی نۆڤلێت = شەڕی نێوان داگیر کەر کە نەتەوەی سەر دە ستە لە گەڵ نەتەوەی ژێر دەست.

کەدەڵێم گێڕانەوەی  خودی (السرد ا لذاتي) مەبە ستم لە و لایەنگیر یەی سالمە لە عەزیز بەگ و یاوەرانی، وا تە سۆز و هە ستی  خودیی نە تەوەیی لەهە ندێك دیمە ندا زا ڵە بە سەر گێڕا نەوەی ڕوداوەکا ندا.  سالم  پەنا و ها نا دێنێ تە  بەر پاڵەوانی جەنگەکە، کەعەزیز بەگە،  چونکە باری شار ئاڵۆزە، دوژ من هێزێ کی زۆری  هێ ناوە، خەڵکە کە  لە دڵەڕواك ێدان، لەئان و ساتدا دوژمن هێرش دەکاتە سەر شار، ئەم سوار چاك

و جوامێرە ئە گەر بە شاخی ئەلبورزدا گوزەربـ کات، سمی ئە سپەکەی هێـ ند بەتو ندی ئەدات لە بەردی چیاکە وردو خاشی دەکات، خۆبریسکەی شیری دەستی لەکاتی هەڵمەتدا شەوی یەڵدا ڕوناك دەکاتەوە.

**پەناهم شەهـ سوارێکە، گورزەکا گەر بە ئەلبورزا**

**سمی ئەسپی لەخارا تووتیا پەیدا**

**ئەگەر خورشیدی تیغی بێ بەسەر شەودا شەبەیخون کا**

**دەکا بەرقی بەیەك پرتەو لەیەڵدا چیا پەیدا**

لەم جۆری وەسفی سوارچاك و جەنگاوەرانە، پڕ بە پڕ لە قور ئانی پیرۆزدا هاتوە، د یارە مەبە ستی جەنگاوەرەکانی پێغەمبەرە (د.خ) کە سوێندیان پێدەخوات (**والعاديات ضبحا، فالموريات قدحا،فالمغيرات صبحا، فأثرن به نقعا،فوسطن به جمعا**)، نالی لەسەر وەسفی عەزیز بەگ دەڕوات و دەڵێت.

**هەماوەردی عەروسی قەبرو تیغی ماشیطە ی مەرگە**

**لەزەخمی  موردەگان  بۆ دەست و پا، ڕەنگی حەناپەیدا**

**لەمەیدانا بەرەسمی رەزم، ئەگەر مەرکەب بدا جەولان**

**لەناڵەی گاوو ماهی، دیٚ لەژێر خاکا  صە دا پەیدا**

عەزیز بەگ هەرکاتیٚ ئەسپەکەی لەمەیدانی جەنگدا تاوبدا، زەوی دە لەرزیٚ و  ئەو  گاو ما سیەی  کەدەوترێت زەوی لە سەر  یان وە ستاوە  دە ست دە کەن  بەهاوارو نا ڵە  ناڵٚ، لەوە سفی  بەرامبەرە کەی  عەزیز  بەگ دا دەڵ یٚت،  لەجیاتی ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیٚ، عەزیز بەگ دەیکاتە بووکی دە ست و   پیٚ  خەناوی، موتە نەبیش لەوە سفی ئازا یەتی (سیف الدولە) ی حەمدانیدابەرامبەر دوژمنەکانی  دەڵێت.

**فمساهم و صبحهم حریر**

**وصبحهم و بسطهم تراب**

سالم  لەڕووی هو نەری  شیعریەوە لەوە سفی  عەزیز بە گدا ئێج گار  سەرکەوتوەو هیـ چی  کەم ذ یە  لە  وە سفەکانی

فیردەوسی لەشانامەدا بۆ ڕۆستەم، وەسفەکانی لە سیٚ بابەتدا خۆیان دەنوێنن، لا یەنی مەعنەوی کە بریتیە لە ئازا یەتی و بەرخودان، لایەنێکی دی ئەسپ و تفاقی چەك، لا یەنێکی دی باری جەستەیی، سالم با سی پا ڵەوانێتی (ظاهر و قادر) بەگ ناوێك دەکات لەو شەڕەدا و ڕۆڵەکەیان بەرز دەنرخێنێت :

وەختی حەملەی ڕۆژی مەیدان موددەعی واپیٚ دەکەن

دێتە لەغزش پیٚ و ڕیکاب و سست دەبیٚ دەستی عینان

شێری بێشەی موڵکی بابان مەردی مەیدان ظاهیرە

گەر کەسیٚ بێنێتە خاطر دەست و بردی گەرمیان

سالم لە بەرامبەر وەسفی جەنگاوەرانی کوردا، لاوازی و بیٚ ئیرادە یی دوژ منی دا گیر کەر دەردە خات ، لەنێوان ئەم بەیتانەوە ئەوە دەردەکەوێت کەزۆربەی شەڕکەرانی هەردوو لا سوارەبن و کەمتر پیادەی تیابێت، هەرکاتێك سوارەکانی کورد پەلاماریان دابێت، دوژمن پێی لەئاوزەنگی شل بوەو دەستی جڵەوی ئەسپەکەی سست بوەو سەری لیٚ شێواوە و خۆی

له بەردەميا نەگرتوه ، لەوەدە چێت لە سەرەتادا هێزە کەی عەزیز بەگ سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ و دوژمنی کردبێتە گورگی چوارچاو و لەکۆڵانەکانی پیرمەسوور و حاجی حا ندا سەریان لێ شێواندبن، سالم وەك فۆتۆگرافەرێکی بە سەلیقەو شارەزا وێنەی گەرم و گوڕی شەڕەکەی کێشاوە : هاوارو فیغانی تورك ( سەن سەن) و (گێل ئولان)، غەوی تۆپ و تفەنگ، دەست و پەنجەی پەریو، هەو هەوی با بان، جەنگاوەری گلاو ، ڕا کە ڕا کەی شەر کەران، پەلامار و کشانەوەی لەپڕ....هتد

هاتە ژێر پاساری تەنگ لەشکر، ریکاب ئەندەر ریکاب
کەوتنە سەر کۆڵان و بێ ڕێگە، عینان ئەندەر عینان
بوو بە جێی بەبر و غەضەنفەر کوچە کوچە و ناوسوقاق
سەر محەللە ڕەنگی بێشەی گرت لەنێزەی جانستان
زەنگی صە حرای مەحشەری بوو شێوەکەی لای پیرمەسوور
گرمە گرمی تۆپی ڕۆمی هەو هەوی سوارەی بابان

دوای شەڕێکی سەخت لەوە دە چێت کە ترازوی ھ ێزو سەرکەوتن بەلای دوشم ندا کەوتبێ تەوە، بەتای بەتی دوای بەکارھێنانی تۆپ و ھێزی تازە نەفەسی تورکان و خیا نەتی بەشێك لەشەڕکەران، دیارە شانۆی مە یدانی شەڕەکە گەڕەکی پیر مەسورو حاجی حان بوەو لەسەراوە دراونەتە بە ر تۆپ ، لەسەرەتاداو دواییش ھێرشیان کردبێتە سەریان.

**گەرچی پێشا پێش بەھەیبەت چوون و ئازا کەوتنەبالْ**

**حەسرەتا، باز ھەم باز ھەم نەیانزانی نیڤام وابیْ حەیان**

**سیْ بلووك لای پشتی گرت و سونگی دووران ھاتنەپێش**

**فیرقەییْ لای (پیرمەسوور) نیوەی کۆڵانی (ئەحان)**

سالم باسی ھەندێك جاش و بەکرێگیراو دە کات کە لەپێش دوژمنەوە بوون و شەڕی عەزیز بەگیان دەکرد، دیارە شەڕەکە کۆڵان بە کۆڵان و مالْ بەمالْ بوە و ھێزە کە تێك ھەڵپڕاون و دەرگای جەھەنمی شەڕ خراوەتە سەر پشت.

**سەر بلوکیان خاڵەکەی هەورامی بوو و قاڵەی شەریف**

**هەم ڕەفیقان بوو (عزیز)ە حیزەکەی (چووچانیان)**

**پێشی دەمیان ئۆغلەمەی تۆپ پشتی سەر ئەو ئاگرە**

**گەییە چەرخی هەفتەمین لەو حینەدا ئاە وفیغان**

**گوێی فەلەك کەڕبوو لەبەر ناڵەو نەفیری ئەهلی شار**

**لامەکانی گرت صەدای ناڵەو فیغان و (الامان)**

سالم دیمەنی دواکاتە تراژیدیەکانی شەڕمان پێشان دەدا و خەم و پەژارە و فرمێ سکێکی زۆر مان بۆ هەڵدەر یێژێ، جەنگاوەرانی دەست و پێ پەڕیو لە کۆڵانەکانی حاجی حان و پیرمەسووردا ئەناڵێنن، پاڵەوانانی جەنگ، بەشێکیان شەهید، بە شێکیان دیلکراو، بە شێکیان ڕایکردوە، شار کەوتۆتە ژێر نێڵەی تورکی داگیر کەرەوە، چرای میرنشینەکە پرتە پرتیەتی ولە کوژانەوەدایە، خەڵکەکە بێ نەواو دڵ پر لەخەم، چاوەرێی تالان و بڕۆن، چاوەرێی رەشبگیرو بێ سەرو شوێن کردنن، شاری سلێمانی لەو ڕۆژەدا وەك حو سەینی کوڕی ئی مام

عەلی بێکەس و شەهیدە، میرو سوار چاك و پیاو ماقوولان سەرکزو پەشموردە و ئاوارەن، من لێ دەگەڕێم با سالم خۆی دەردی دڵی خۆی بکات :

ڕۆژی قەتل ئەمڕۆیە، ئەلحەق (واحوسەین)ی پێ دەوێ

بۆئەدای قە چیە سەراسەر نیلگوونە ئاسمان

یادگاری حاکمان و جانشینی سیلسیلە

نامورادو نەورەس و مە قصە د نەدیوو و نەوجەوان

سافەلەك! کەیخەسرەوی خوێن سیاوەش گوم مەکە

ڕۆستەمی پانی (عەزیز)ە و موددەعی تۆرانیان

گوللە وەك تەرزە دەبارێ، ئەهلی لەشکر کەوتنە باڵ

بەعزێ کوژران، جوملەتێ گیران و چەندێ ڕووت کران

ئەم لەغەمدا هاتە جۆش ، ئەو سێرو ئەمیان بوغەنی

سەگ لەلاك، عەسکەر لەماڵ و دڵ لەتیغی قاتیلان

شێری بێشەی موڵکی بابان بوو (عەزیز) ئەمما دریغ!

وەك گرێی داموسکی بێ، ئاو قەومەکەی زوو هەڵوەشان

سالم لەکۆتایدا بە شێك لەشکستەکە لە سەر عەزیز بەگ لادەباو دەیخاتە سەرقەومەکەی، کەیەك ریزو یەك دڵ نەبوون، هەر بەدوای لەناوچونی میرنشینەکەدا، سالم بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە فاتیحا لە سەر کڵ کۆی بێ نازی میرنشینەکە دەخوێنێ و خواحافیزی لێ دەکات :

الوداع ئەی موڵکی بابان الوداع

الوداع ئەی جایی جانان الوداع

ئەشکی دیدەم ڕنگی گوڵناری هەیە

الوداع ئەی ناری بۆستان الوداع

ئیتر شاری سلێمانیش لەو کاتەوە وەك جوانو ئەسپێکی سرك و بزێو ،شاخ و کەژ و کێوی دنیای دادریوە و هەربەدوای دایکیا ڕادەکا و نایدۆزێتەوە!!

سالم و کوردیش بەجووتە سەبەبکاری شکستەکە دەست نیشان دەکەن وشفت و شۆیان لێ دەبڕن و دەیان کەنە پەنی زەمانە :

**جووتە مام وبرازا شێر لەیەكدی ساودەدەن**

**جاریٚ دەرباری (ئەمان) و گا لەویٚ باری لەمین**

واتە مام و برازا خوێنی یەكدی حەڵاڵ دەكەن، مەبەستی لەمیرەكانی بابانە،یەكێكیان پیاوی ئێرانە، واتە (ئەمان الله) خانی ئەردەڵانی وئەوی دیش پیاوی توركەكانە، لەشوێنێكی دیدا تانە لە عبدالله پاشای بابان دەدا كەهەر جارەی پیاوی لایەك بوە و دەسكێشی بێگانەی كردوە :

**لەجێگەی شێر كرۆژان و دلێرانی بەبەی دوێنیٚ**

**(شوغاڵ) سەردارە، ئەمما گورگ بەدوو گوێیدا دەلورێنیٚ**

پا ڵەوانی نمو نەیی یان جەنگاوەری نەتەوەیی، لە هەل و مەرجی ئەرێنی لەباردا سەردەردێنیٚ، ئەو هەلومەرجا نە هەندێكیان پەیوەندیان بەخودی جەستە و دەست و بازو و بوێری جەنگاوەرە كەوەهە یە، وەك توخمێكی فیزیكی، كەلە شەڕی سەردەمەدێرینەكاندا باشتر دەردەكەوێت،وەك هەرقل و سپارتاكوس و هانیپاڵ، ئەمە جگە لەوەی كە ئەركی

چینایەتی و ئیذسانی سپارتاکوس بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆیلا یەتی ئێجگار مەزن بوە، هە ندێکی تر پەیوە ندی بەو کێشەو پرسەوە هەیە کەلەپێناویا دە جەنگێت، یەکێکی وەك جبڤارا بۆ تە جەنگاوەرێکی جیهانی، جگەلەئازایەتیە کەی، ڕەفزکردنی سامان و دەسەلاّت بووە، ئەو نەیویست ولاّتەکەی کۆلۆن بێت و خۆیشی لەخۆشترین ژیا ندا بێت، لە ئەلیازەی هومیروس و ئەنیازەی فرجیل دا، کۆمەلێك پالەوانی نەتەوەیی وەك ئەخیل و ئەجامەمنون و هیکتۆر دەردەکەون، لەئودیسادا یۆلسیس وەك پا لەوانی نە تەوەیی و نموو نەیی. هۆمیروس شاعیری گەورەی یۆ نان بە شان و بالّی ئەما نەدا هەلّ ئەداو ئەیانکاتە ڕەمزو کاریزمای یۆنانێکان، لەشانامەدا فیردەوسی رۆ ستەم و گەلێکی دی دەبا تە ئا سمان، بەناوبانگ بوونی ئەما نە پەیوە ندی بە گەورەیی نە تەوەو سوپاکانیانەوە هە یە، کەنەخشەی جوگرافیای دنیایان گۆریوە،ئەمە جگەلە داهێنانی فیردەو سی و هۆمیرۆس کەدوو شاعیری گەورەی جیهانی

سەردەمی خۆ یان بون، عەرە بەکان لە سەردەمی ئیسلامدا، خالیدی کوری وەلیدیان کردە پالەوانی عەرەب و ئیسلام، دەمەوێت پێ لەسەر ئەوە دابگرم کەبوونی شاعیر بۆ ئەو مەبەستە یەکێکە لەزەرورە تەکان، موتەنەبیی ( سیف الدولة الحمدانی) کردۆتە پالەوانێکی ئیسلامی نەتەوەیی و ئەو شەڕانەی کەلەگەڵ ڕۆمەکاندا ئەنجامی داوە کردۆێتیە داستان و چامەی دورودرێژی بۆ هۆنیونەتەوە وەك چامەی:

**على قدر أهل العزم تأتى العزائم**

**وتأتى على قدر الكرام المكارم**

ئەبو تەمام خەلیفە (معتصم)ی کردۆتە پالەوانی عەرەب و ئیسلام، لەکاتی گرتنی شاری (عەموریەدا)، دوای ئەوەی کەژنێك زولمی لێکراو هاوری کرد (وامعتصماه!) ئەویش بەسوپایەکی قەبەوە روەو عاموریە رۆشت وداگیری کرد ئەبو تەمام بۆباسی ئەم شەڕە جوانترین چامەی هۆنیوەتەوە :

## السيف أصدق انباء من الكتب في
## حده الحد بين الجد و اللعب

یەكێك لەو هۆكارانەی كەرێگای نەداوە، پاڵەوانی نەتەوەیی لەنێو كوردا سەردەربێنێ، ئەوەیە كە ڕاپەرین و شۆڕشەكانمان لە گەڵ دا گیر كەرا ندا بەكۆ نەبوە، هەرجارەو لەپار چەیەكی كورد ستانەوە، ڕا پەرینێ یان شۆڕ شێكی لۆ كاڵی و ناو چەیی كراوە بەقەبارەیەكی بچووك، ئەمە جگە

لەهە ست نەكردنی یان پ شت گویٚ خ ستنی شاعیرو ڕوناكبیره كان، بە درو ست كرد نی رە مزی جەنگاوەری نە تەوەیی، تائێ ستا لەنێو هەر چوار پار چەكەدا كاوە وەك ڕمزێ كی ئەف سانەیی نمایش كراوە، قازی مد مد و شێخ مدموديش لە بەر كۆ مەڵێك هۆی خودی و با بەتی بەپا ڵەوانی نەتەوەیی ناسراون، بۆ شێخ مدمود هە ندێك شیعر نو سراوە بەڵام دوای لە دذ یا دەر چوونەكەی لەبا بەتی شیوەندا، حەمە صالح د یلان و شیخ نوری شێخ صالح و بێخود، ئە مە

جـگە لە شانۆنامە بە بایەخە کەی شێرکۆ بێ کەس کەباس لە شەرەکەی دەربەندی باز یان و د یل کرد نی شیخ مەحمود بەبریندارى دەكات، هەروەها لاوکەکەی کاویس ئاغاش کەبۆ شیخ مەحمودی و توە پڕە لەگیانی حەماسەت ئامێز و پێویستی میللەتی کورد بەسەرکردەیەکی لەوجۆرە.

بائەوە شم لەیاد نە چێت کەلە سەردەمی گەشە سەندنی تەکنۆلۆژیاو ئەنتەرنێت و زانستە سەربازێکاندا، پا لەوانی نەتەوەیی و نیشتیمانی کەم دەبێتەوە، یان هەر بزر دەبێت چونکە ئامێرە کانی جەنگ ڕۆڵ دەبینین و ئەهەمیەتی تاك پاشەکشەدەکات، واتە دەست نان بەدوگمەی ئاراستەکردنی رۆکێتێکدا هیچ ئازایەتیەکی تیانیە، هەر لەم هەل و مەرجی پێ شکەوتنی زانستەدا د یاردەی سەربازی نەنا سراو دێتە گۆری و چ سەرکەوتن یان دۆرا ندن بەر هەموو دە کەوێت، بەدرێژایی دەیان سالْ شەری ڤێتنامیەکان لەگەلْ فەرەنسا و ئەمریکا دا، جەنرالْ جەیابێك دەردەکەوێت، بەدرێژای شەری

جیهانی دوەم  رۆملّ و مۆنتگۆمری و ژوکوف دەردەکەون. لای فلیپینێ کانیش (لا پۆ لا پۆ)  کراوه  به پا ڵەوانی نه تەوەیی، چونکه بەتەورەکەی  دەستی ماجەلانی کوشتوه، جگەلەمەش کورد وەك  ئەو نەتەوا نه  شانامه و ئەلیازەی نەبوه، هەتا بەشان و باڵی خەڵکا هەڵدات و پاڵەوان چیّ بکات، لای ئێمەی کورد جەنگاوەری ئێجگار پاڵەوان و ئازا مان هه یه  که ڕۆڵیان هەبوه له شەری ڕزگاری  میللەتەکەما ندا و  شەهیدیش بون، بەڵام بەدا خەوه  شاعیرەکانمان نمایشیان  نەکردون و  به نەناسراوی ماونه تەوه، پا ڵەوانێکی وەك ما مه ریشه هێندەی لەنێو  خەڵکا  بەناوبانگ و خۆشەویستە هێنند  لەنێو لاپەڕەکانی ئەدەب و شیعرا جێی  خۆی نەکردۆتەوه  دەتوانم بڵێم، چەندان  ئازاو  جەنگاوەری وەك ما مه ریشه لەگەر مەی ڕوداوەکاندا ، بیّ ناونیشان ما نەوه، وەك لەسەرەتاوه ئا ماژەم بۆ کرد، گەورەیی  پرس و  سوپا لەجوگرافیا یەکی فراوا ندا، رۆ ڵی د یاری دەبێت  لەدە ست نیشان کرد نی  پاڵەوا ندا،

ئەمەجگە لە شاعیری بەتواناو حەما سەت ئامێز، بەدرێژای شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد، هەردە ڤەرو ناو چەیەك پاڵەوانی ئازاو چاونەترسی لۆکاڵی خۆی هەیە و شانازیشی پێوە دەکرێت، بەڵام ئەمانە سنوری ناوچەیەتیان نەبەزاندوە و نەبونەتە پاڵەوانی نەتەوەیی، پاڵەوانی ئەرێنی و بەوناوبانگ، دەبێت لەبارودۆخی نمونەییدا تواناو وزەکانی بخاتە گەڕ و لەگەڵ دەوروبەردا کارلێکی ئەرێنی بکات.

ئەگەر سالمی ساحێب قران نەبوایە عەزیز بەگ کەس نەیدەناسی و پاڵەوانیەتێ کەی ون دەبوو، ئەوە سالمی ساحێبقرانە کەئەو پاڵەوانە لەمێژودا بەزیندوی دەهێڵێتەوە، وەك ڕمزێکی موقاوەمەی میللەتی کورد لەقۆناغێکی سەختدا لەونبون ڕزگاری دەکات. سالم لەپەنای عەزیز بەگدا لاپەرەکانی ئەو مێژووە بە هەموو ئەرێنی ونەرێنیەکیەوە بەزیندوی دەهێڵێتەوە ، چامەکەی سالم ئەوەمان پیشان دەدات، کە شێوازی شەڕی ئەو سەردەمە چۆن بوە، چەکی

جەنگاوەران کا مە بوە، ئەو تۆپی دوژم نەی کەلە سەرای سلێمانیەوە گرتۆیێتە یە جەنگاوەرە کوردە کان چ ڕۆڵێ کی هەبوە، پێکها تەی کۆمەڵ گەی سلێمانی لەڕووی پیشەییەوە چۆن بوە،تەنا نەت تیـ شکی خـ ستۆتە سەرناو و نا سناوی خەڵ کەکانیش، نالی و سالم و کوردی، ئەو ڕو ناکبیرە نیشتیمان پەروەرانە بون کەتاسەر ئێسقان بەرگریان لەگیانی نە تەوەیی کردوەو شیعرەکانیان ئاوێ نەی بالاّ نمای سەردەمەکەیان بوە، ئەمان بانگی کوردا یەتی ودژا یەتی بێگا نەو خۆشەویـ ستی نیـ شتمانیان لەنێو مـ ێژوی کوردا چریوە، نەك هەرئە مەش بە تەنیا، بەڵکو وەك ڕو ناکبیرێکی ئۆر گانی (**المثـقف العـضوي**) ڕەخـ نەی بوز یات نەرانەیـ شیان ئارا ستەی دە سەلاّت و کەم وکوڕ یەکانی کردوەو هەمیـ شە لە بەرەی دژە بێگا نەدا بون. ئەم سێ کو چکەی بابا نە جـ گە لەوەی کە سەردەقی شیعر وتنـ یان بەزمانی کوردی شکاندو ڕ شتیان کردە ز مانی فار سی کەزمانی ڕو ناکبیری باوی

سەردەمەکەیان بوە،ئەوەشیان سەلماند کەزمانی کوردی هێند هێزو پێزی تێدا یە کەشیعری نەوازەو دلۆڤانی پێ بوترێت، د یارە مەحوی و شێخ ڕەزاو شێخ نوری و بێخود.... هتد درێژە پێدەری ئەو ڕێ و شوێنەی ئەوان بوون.

ئەگەر ئەمان نەبوونا یە بەو شێوە ڕاستەوخۆ و ڕوونە، جانەوەری و زوڵم و زۆری داگیرکەرە تورکەکانمان نەدەزانی و بە شێکی زۆری ئەو مێژوەش لەتاریک یدا دەما یەوە، د یارە ئەمانە زۆریش پێش سەردەمەکەیان کەوتوون و هەرئەمەشە کەتووشی جۆرێك، لەنامۆبوونی کردوون، لەنێو ئەو کۆمەڵگە هەژارو نەخوێندەوارەدا، د یاردەی ئەو نامۆبوونەش لە نێو دیوانەکانیا نەوە بەڕوونی خۆی دەنوێنێت. ئەوەی کە جێی خۆشحاڵیمە ئەم سێ کوچکەیە هەرگیز بەدەورو خولی میرو دەوڵەمەندو دەست ڕۆشتوەکاندا نەچوون و دیاردەی شاعیری دەربار و بێگانە خواز لەئەدەبیاتی کورد یدا ئێجگار دەگمەنە، یەکێکی وەك نالی ستایشی سەربازەکانی ئەحمەد پاشای بابان دەکات

**ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصصە ی شاهن**

**ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپا هن**

لەباتی ستایشی میر ستایشی سەرباز دەکات! نالی ئەم سەربازانە بەرەمزی بەرگریکەرلە سەربەخۆیی میرذ شینەکە دەنا سێنێت، سالم هێرشی زۆر توندو کەمەر شکێن دەکا تە سەر عەبداللە پاشای بابان چونکە پێیەکی دڵ و هەڵوێستی لە ذ ێران و ئەوی د یش لەئە ستەنبوڵ! سێ کو چکەی با بان ئەوەیان زانیوە، کەمیرو دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار لەدواکا تدا دەبـ نە ژ ێر دە ست و پـ ێی ڕووداوەکا نەوە و حەقیـ قەتی تاقیکردنەوەکانی مێژوو بەپێ لەقە یەك دووریان دەخا تەوە لەنەمری و پیرۆزی. لەنێو ئەو مـێژوە بەربڵاوەی ئینگلـتەرەدا لەنێو ئەو هەموو لۆرد و سیاسەت وان و کەسایەتیانەدا، ئێمە هەرشکسپیر دەناسین! شاعیری نابینا (مڵتۆن) دەنا سین کە بە گۆچانێکەوە پێش جەنگاوەرانی وڵاتەکەی کەوت بۆ بەرگری و مقاوە مەت، مـێژووی را ستەقینە نەك دەوڵمە ندو خاوەن

سامانە قەبەو دزەکان یان سیاسیە بازرگانە شەروالٚ پلٚیتەکان پشت گویٚ دە خات، بەلٚکو دەیانکا تە پە ندی زەما نە، ئە گەر سالمیٚکی دی لەم سەروبەندەدا گوزەر یٚك بەکورد ستانی باشووردا بکات، دەبیٚ چیمان پیٚ بلٚیٚت؟!

# هەندێك یادەوەری و رامان لەئاستانەی نەمریدا

مامۆ ستا عەبدول كەریمی  مودەریس زانا یەكی  گەورە و ناوداری  كوردەو رۆڵێ كی ئێج گار د یاری  بیذ یوه،  لەبواری ئاینی و شەرعی و گەیاندنی زانستەكانی قورئان و حەدیسدا بە خوێندكارەكانی، ئەم زاتە سەدان خوێندكار لە بەر دە ستیا لەمزگەو تەكانی نێرگزە جارو ب یارە و هەڵە بجە و  سلێمانی و كەركوك  و بە غدا   پەروەردەبون.  لەبواری زیندوكرد نەوەی ئەدەبی كورد یدا  جیٚ دە ستی د یارەو  جێ گای   شانازی  و بەبالاٌبرینە، دیارە لەم مەیدانەدا كاك فاتیحی بەهە شتی و كاك موحەمەدی كوری درێغیان نەكردوە و هەمیشە پشت و  پەنای بوون و كارەكاذ یان  بە دە ستەجەمعی  ئەنجام  داوە، ناب ێت

ڕۆ ڵی شیخ مد مد ع لی قەرەداخی بە کەم بزانین لەبواری یار مەتی دا نی مامۆ ستا بۆ راپەرا ندنی کارە کانی تەفـ سیری نامی. فۆرمە لەبونی ئەم کە سایەتیە لەو ئا ستە بالاّ و پر مێ هرەدا بە ندە بەکۆ مەڵێك توخم و هۆ کاری با بەتی و زاتیەوە، کەدیا ترینیان. زیرەک یەکی لەرادە بەر و بیرەوەر یەکی تـ یژ و ئا مادە گ یەکی هەمێ شەیی لە بواری وانەوتـ نەوە و بەخـ شیندا،دیارە هەموو شتێك بە بەکارهێنان کەم دە کات جـ گە لەزانـ ست نەبێت کەزیاد دە کات. دا نەبرانی ئەم زا تە لە تەدریس و تەئلیفات لە بوارە جیاجـ یا کا ندا رو بارێکی خوڕی ترە کە دەرژێـ تە سەر دەر یای. لەبن نەهاتوی تواناکانی و گەشەسەندنی وزەی زانستخوازی، کارلێکی ئەم بوارە جیاوازا نە بەو چڕو پڕ یە مامۆ ستای بەرەو جۆر ێك لەمەو سوعیەت بردوەو دـ یابینی ئەدەبی و زاـ ستی فراوان ترکردوە. نابێت کاریگەری ئەو مامۆستایانەی کەوانەیان پێ وتوّتەوە بەکەم بگیرێت، بەتایبەتی یەکێکی وەك شیخ ع مری

ابن القرداخی. بائەوەش لەبیر نەکەم کەجێگای شانازییە بۆ میللەتی کورد کەبەدرێژایی پتر لەسەدەیك پۆستی (موفتی عیراق) کەبڵند ترین پایەی شەرعی و زانستی یەلە عێراقدا، بۆ کورد بوەو لە چەقی پایتەختدا بۆ تە چرایەکی گەش ودەسەڵاتەکەی بەکابردوە. محمد فیض الزهاوی کەنەوەی فەقێ ئەحمەدی دارشمانەیە و لەبنەچەی بابانەکانە لەساڵی ١٨٥٣ دا بوە بە موفتی عێراق، هەردوای خۆی محمد سعید الزهاوی کوڕی کرایە موفتی عێراق،دوای ئەمیش أمجد زەهاوی کوڕی کرایە موفتی یەکەمی عێڕاق، دیارە ئەم زاتانە هەموو ئەو مەرج و رێنما ییانەیان تیابوە و ئیجماعی عولەمای عێراقیان لەسەر بوە، ئەم حوکمی بنەماڵەییە لەبواری زانستدا شکۆمەندییەکی گەورەیە، نەك وەك لای ئێستای خۆمان کەبەتۆپزی کوڕ دەخرێتە جێی باوك،کەئەمە زوڵمێکە بەر لەهەرکەس لەباوك و کوڕ و خودی میلتەکەش دەکرێت، هەر بەدوای ئەمانەشدا مامۆستا محمد قزڵجی و مامۆستا

عبدالکریمی مودریسی کرانە  موفتی عێراق  و بونە مەرجەع بۆ هەموو  راوێژو پرسێکی شەرعی و زانستی لە ولاتدا.

ئەو کاتانەی کە خوێندکار بووم لە زانکۆی بەغدا ئامشۆی هەمیشەیی  ئەم زاتەم دەکردو  سوودی  گەورەم لێ دەبینی، دیارە پەیوەندی خوێندکارێکی زانکۆ لەگەڵ کەسایەتیەکی وەهادا حاڵەتێکی خۆڕسکو  کاتی نیە، بەقەد  ئەوەی  کە پەیوەندیەکە خێزانیو کۆمەڵێك  شتی  ترە، وەك  ئەوەی  کە مامۆستا عەبدولکەریم جگە لەوەی کە  هاوڕێو خۆشەویستی باوکمو مامەکانم بوو،  لە کاتی خۆیشیاو لەسەردەمی  شێخ صدیقی شێخ  مەعروفی نێرگسە  جاردا  کراوە  بە مودەریسی مزگەوتی نێرگسە جار کە مەڵبەندو زێدی بنەماڵەکەمان بوەو کۆنترین شوێنەواری زانست بوە لەو ناوچەیەداو تەنانەت شێخ عەبدولقادری گەیلانیش سەردانی کردوە،، دیارە لەم هەلو مەرجە لەبارەدا هاتو چۆو سەردانو پەیوەندی توندو تۆڵی من لەگەڵ ئەم زاتەدا ئاساییو تەنانەت پێویستو ئەرکیش بوە.

مامۆ ستا عەبدول کەریم ئەوکاتا نەی کە لە مز گەوتی

ئە حمەدی نز یك وەزارە تی دیـ ڤاع بوو لە بە غدا، زۆر بەی

کاتەکان بەتایبەتی شەوانە دە چووم بۆخز مەتی و لە نزیـ کەوە

لە مەجلیسەکانیا دادەنیشتم و، زۆر جار ئەوەی کە لە زانکۆ

قورس بوا یە لە لام، یان بمویـ ستایە پێش وە خت بـ یزانم

پر سیارم لێ دە کردو ئەویش وانە کەی پی دەوتم‌و شتە

نەزانراوەکانی بۆ ڕوون دەکردمەوە، ئەو صرف‌و نەحوەی کە

ئەو دەیزانی مەگەر دوو کەس زانیبێتی لەو کاتەدا، ئەویش د.

فا ضل سامەرائی و کەمال ئـ یبراهیم بوو، جارێک یان

پرسیارێکی (صرف)ی لێ کردم کە ئەویش ڕە چەڵەکی و شەی

(أ شیاء) بوو، چونکە هێ شتا نەم خوێ ندبوو نەمزانی، بە

پێکەنیـ نەوە فەرموی ئەم پر سیارەو گەلێکی دی لەخۆم کرا

کاتێك کە ها تمە بەغداو لە مزگەوتی ئەحمەدی دامەزرام، بەڵام

من خێرا زانیم نەك وەك تۆ! ئەوە ندەی من لە مەجلیـ سەکانی

را مابم هەمیـ شە ڕەڤـ تارو وەڵام‌و پەیـ ڤەکانی لە ئا ست خەڵـ کە

جیاوازەکا ندا بە قەدەر خۆ یان بوو، زۆر جار لە ئا ست
م یوانێکی گوندنشینی نەخوێندەوار دا بەجۆرێك ئەئاخاوت
وات دەزا نی یەکێکی چون خۆ یەتی، جاریش هەبوو لە گەڵ
ڕۆشنبیرو زانا گەورەکاندا بەجۆرێك دەپەیڤا کەریّو شوێنیان
پیشان بدات، یەکێك لە خە سڵەتە گرنگەکانی ئەم زا تە ئەو
مەو سوعیەتەیە کە لە هەموو بوارەکا ندا ئە سپی خۆی تاو
داوەو لەوەدە چێت دوای ئەمو مە سعود موحە مەد ئەو جۆرە
مەو سوعیانە لەنێو کوردا نەمابن، هەزار ئەفسوس! هە ندێك
جار دە چووم بۆ شێخ عە بدولقادری گەیلانی بۆ سەردانیو
ئامادەی مەجلیسە فرەکانی دەبوومو چێژو سوودی تایبەتم لیّ
وەردە گرت، ئەو هەموو ڕو ناکبیرو مەلاو خوێندکاری بالاّو
دکتۆری زانکۆ یە بەبیّ ج یاوازی ڕە گەز دەهاتنە خز مەتیو
لەبوارەکانی نحو، صرف، بلا غە، شرع، مذطق، فرائض،
کلام...پر سیاری پێ چەڵ پێچو قورس قورسیان لیّ دە کردو
وەلاّ می هەمویانی ئەدا یەوە، جار هەبوو کێشەی شەرعیو

قەزائی  گەورەیان  بۆ دەهێ ناو  ئەویش داوای مۆ ڵەتی لێ دەكردن، دیارە پێویستی بە را مان‌و فەتوای تایبەتی هەبوو. جارێك یان  لە ذ یوان  هەردو نو یژی  مەغریب‌و عیـ شادا  لە خزمەتیا دانیشتبووم، میلی ڕادیۆكەم دەگێڕا، بەڕێكەوت چوە سەر گۆرانیەكی هەورامی خۆش كە ئەگەر بەهەڵەدا نەچوبم گۆرانی (هەی یاران یاران) بوو، مامۆستا فەرموی بیوەستێنەو دەنگی بدەرێ، مەگەر ئەم گۆرانیە ئاو بكات بە دڵدا، وانیە شێتە؟!  منیش وتم  چۆن وانیە؟! مامۆستا لە بەر خۆیەوە گۆرانیە كەی دەو تەوەو  خەریك  بوو شاگە شكە بێت  لە خۆشیدا.

دوای شكست و نسكۆی شۆرشی  ئەیلول و لەسەرو بەندی ڕاگوا ستنی دێها تەكانی كورد ستاندا، بە ندە  سەردانی مامۆستام كرد، بەرێزی هەواڵی كوردستانی لێپرسیم، دوایی هاتە سەر هەواڵی  نێرگزەجار، ئەز پێم ڕاگەیاند كە ئاواییەكە لەلایەن  مەفرزەی روخاندنی رژێمەوە تەقێنراوەتەوە،  فەرموی

مزگەوتەکەش؟ وتم بەلیٚ، ئیتر تەمی خەمێکی قورس نیشتە سەر ڕوەنوورانیٚ کەی و چەند دلۆپ یٚك فرمیٚ سکی خوڕ لەچاوەکانیەوە دابارین و بەدەم هەنسکەوە فەرمووی یەکەمین وێستگەی تدریس و مەلایەتیم بۆ چەند سالێك لەم ئاواییەوە دەستی پێکرد ، لەم ئاوایە میهرەبا نەدا بەیارمەتی و سۆز و باوکایەتی شیخ صدیق هاوسەرگیریم لەگەڵ دایکی فاتیحدا کرد. دوا تر تەمی بێدەنگ یەکی سامدار نیشتە سەر دانیشتنەکەمان، بۆ دڕدان بەو تەمە، وتم دەشێت بۆ ئەم دۆخە نالەبارە پەنابەرینە بەر چەند ئایەتێکی پیرۆز؟ فەرمووی وەك؟ ئەز وتم (وعاملوهم بمثل ماعوملتم به) یان (ومن قتل مظلوما فقد جعلنا لولیه سلطانا)، دیارە مەبەستم شەرعیەتدان بوبە چالاکی مەفرەزە جوامیرە سەرەتاییەکانی (ی.ن.ك) ئەوانەی کە بەخوێنی دڵیان نەخشەی جیهانێکی نوێیان چیٚ دەکرد، مامۆستا پاش کەمێك فەرمووی دەبێت بەدوای ئەسبابی نزولدا بگەڕێین، ئەز وتم خۆ ئەم ئایەتانە مەنسوخ نین،

دوایی فەرمووی (ان الملوك اذا دخلوا قرية أفسدوها و جعلوا أعزة أهلها أذلة). جارێکیان لێم پرسی لەمەسەلەی زەنبوریەدا سیبویە لە سەر حەق بوو یان کە سائی، فەرمووی دە بوو سیبەوەیە ناوەند گیری و شەهادەتی عەرەبی دە شتەکی قبوڵ نەکردایە چونکە (الآعراب أشد كفرا ونفاقا)، دواجار فەرموی ئەمە یەکەمین جارە عەرەبی دەشتەکی فارس بخەڵەتێنێ.

جارێک یان داوای لێ کردم کە پەرەگرافێکی لەتەفسیری کەشاف بۆ بخوێنمەوە، دوای گوێ گرتن و تێڕامان فەرموی ئەگەر رای تایبەتی خۆتت نەبێت لەنێوان ئەم بۆ چوونە جیاجیا یانەدا ون دەبێت. دیارە پەرەگرافەکە راڤەی ئەم دوو ئایەتە بوو : یەکەمیان (وما يعلم تأويله الا الله و الراسخون في العلم يقولون أمنا /ال عمران- أيه ٦) دووەمیان(وقل الحق من ربكم فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر- سوره الكهف- أيه ٢٩) خاوەنی تەفسیرەکە زەمخشەریە و لەموعتەزیلە بالاکانە،

گ ڤت و گۆ و کێ شەی بە ندە و بەرێزی لە سەر دوو با بەت بوو،ئەز پرسیم

١-ئایا(و)ی پێش (الراسخون) واوی عەتەفە یان استئناف؟ د یارە واتا کە گۆڕاذ کاری چۆنێتی تیٚ دە کەوێت لە هەردوو حاڵەتەکەدا و هێرمۆنتیکادێتە گۆریٚ، واتە تأویل.

٢-ئایا ئایەتی دوەم هەموی مەنسوخە یان بەشێکی.

هە ندێك جار مامۆ ستا بە کاك موحە مەدی کوڕی دەوت حەمکولٚ، جار ێك لێم پر سی مامۆ ستا حەمکولٚ ئێ سمی تەصغیرە، یان تەخەلوصە یان چیە؟

فەرمووی تەحبیبە، ئەزوتم ئەگەر لە کوردیا زانیاری صرف هەبێت بەم گۆرانکاریا نە لە مدمەدەوە بۆ حەمکۆل دە شێت چی پیٚ بڵێین؟ فەرموی حەزف و ئیزا فە و چوزانم چێ شتی مجەور.

جارێکیان ناردمی بۆ خزمەت سید عبدولرحمانی تاوگۆزی کورەزازای مەو لەوی، گوا یە دەو ترا بەرێزی دەسنو سی

(الـ فوائح)ی مەو لەوی لەلا یە، سید ع بدالرحمان فەرموی عەرزی بـ كە : هێ ند وە مەولەو یەوە خەریك نەویٚ، بانەدارێیكەی مەولەوی لەویش نەدا،، مامۆستا بەپێكەنینەوە فەرموی خۆمن شیعر نانوسم و هەر شەرحەكەی دەكەم، وا تە بە هەردوو سەر – خوا نەخوا ستە– نەگ بەتم و خوابیر كات بەجەزای قیامەت،

جارێكیان لێم پرسی شەرحی (الفضیلە) ی مەولەویت چۆن ئەنجام داو چ كۆ سپێك ها تە بەردەمت و ئەز وادە زانم شەرحەكە بە قەدەر مەتنە كەی گرن گە؟ فەرمووی مەو لەوی لەدانانی (الفضیلە) دا، لەگەڵ هیچ زانایەكدا بەراورد ناكریٚ و ئەوەی ئەو كردوێتی تا ئێستا لە نێو كەلتوری هەموو جیهانی ئیسلامدا تاقانەیە، ئەگەر فەزڵ و گەورەیی خوا نەبوا یە ئەو كارەم بۆ تەواو نەدەكرا.

جارێك لەمامۆستام پرسی بۆ زۆربەی زاناو پیاوە ئایذیە ناودارەكانمان لەنێو ئەو هەموو رێبازەدا ئەشعەریان پیٚ باشە؟

فەرمووی پەڕگیری (تطرف) و دابڕان و یەك لایەنە بیرکردنەوە لەگەڵ تەسامح و ئاسانکاری ئیسلامدا نایەتەوە، تەگەرە بۆ موسڵمانان دروست دەکات، خوداوەند دەفەرمووێت (وكان بين ذلك قوا ما) وا تە ئیعتیدال، یان سوود بینینی هو شیارانە لەخاڵە ئیجابیێکانی هەردوو بەرەی قەدەری و جەبری.

# مەرجەعیاتی ڕووناکبیری و شاعیرێتیی شێخ نووری شێخ ساڵح

شێخ نووری شێخ ساڵح یەکێکە لە شاعیر و ڕوو ناکبیر و تێکۆ شەرە ناودارە کانی کورد. ئەم هە ستە نە تەوەیی و نیشتمانییە پا کەی شێخ نووری بە شێکە لەو میرا تە پیرۆز و پشتاوپشتانەی کە بۆ نەوەکانی جیٰ هێ شتووە و بووە بە پەیام و خەمێکی پیرۆزی ئەوتۆ کە تاك بە تاکی بنەماڵەکەی لە کۆڵیان کردووە و بە ئا مان و زە مان لێی نابنەوە. د یارە ئە مە شەرەفێکی باڵا یە و دە ست هەموو کەس نا کەوێت. مەرجەعیا تی ڕووناکبیری و ئەفراندنی ئەم زاتە فرە لك و پۆ پە و کارێ گەریی د یار و بەر چاوی هە یە لە سەر کۆی بەرهە مە

ڕوو ناکبیری و ئەدەبی و هەڵ سوکەوتە سیا سی و کۆمەڵایەتییەکانی، بە درێژایی قۆناخەکانی ژیان. سەرچاوە و بنەماکانی بیر و هۆشیاری و ڕوو ناکبیریی شێخ نووری لە مەودا و دنیابینیی فراوان و جیاجیادا خۆی نمایش دەکات و دواجار لە بەرهەمەکانیدا جارێك ڕەنگی تۆخ و جارێك ڕەنگی کاڵ دەداتەوە.

ئەو جۆ گە ڕوون و چاوقرژاڵییانەی کە دەڕژێ نە سەر ڕووباری هزر و دنیا ڕووناکبیرییەکەی شێخ نووری، چونیەك نین، هەندێکیان خوڕ و تیژڕەو، هەندێکی تریش مەنگ و قووڵ و هە ندێکی تریش سە ست و کەمخا یەنن و لە قۆناخێکدا لە چەندێتییەوە گۆڕاون بۆ چۆنێتی و جاڕدانی شیعری نوێی کوردیی لێ کەوتووە تەوە، ئە مە جگە لە بوارە فیکری و کۆمەڵایەتییەکان کە هەمیشە لە ڕۆژنا مەکانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە و جێگای تێڕامان بووە.

ئەگەر توخمی شاعیرێتی بەر لە هەر شت بریتی بێت لە بەهرە یەکی خۆڕ سکی خودایی کە ڕژابێ تە خا نەکانی مێ شکەوە، د یارە پا شخانی ڕوو ناکبیری و تاقیکرد نەوەی شیعری و دەورکردنەوەی بەرهەمە ناوازەکان و باوەشکردن بە ئەڵقە زیندووەکانی کۆمەڵگە و ژیا ندا، ئەو بەهرە خۆڕسکە بارگاوی و موتوربە دەکەن و ئەیگەیەننە چڵەپۆپەی داهێنان، هەر بۆیە کە باس لە شاعیرانی ئەو زە مین و زەما نە دەکرێت، یە کەم دەر دوو لە نێوانیا ندا ناوی شیخ نووری دەدرەوشێتەوە، نەك بە تەنیا لە بواری شاعیرێتیدا، بەڵکو لە بواری ڕەخ نەی ئەدەبی وبا بەتی هزری و ڕۆژنامە گەری و وەرگ ێڕان و چیرۆکە شیعر و دەنگخۆ شی و هەڵوێ ستی نە تەوەیی و نیـ شتمانیی جوامێرا نەدا، تەنا نەت لە ١٩٢٣/٦/٣دا کات ێك کە ئینگلیزە کان بە زە بری زۆروزە نگ هاتنەوە سلێمانی، بۆ یە کەم جار شێخ نووریـیان بە ند کرد لە سەر ئەوەی کە لا یەنگرێکی سەر سەختی مەلیك مەحمود بووە.

یەکێك لەو جۆ گە خوڕ و بێگەردا نەی کە ڕژاوە تە ناو ڕووباری داهێنان و ئەفراندنەکانی شێخ نووریـیەوە، بەرهەمی شاعیرە گەورەکانی بەر لە خۆی بووە، نالی و سالم و کوردی و مەولەوی و مەحوی ئەو دڵۆ پە ئاونگا نە بوون کە پەڕیونە تە سەر چرۆی شیعرەکانی و هێـندەی تر بۆ نخۆش و گە شیان کردووە تەوە، با ئەوەش لە بیر نە کەین کە شێخ نووری لە قۆنا خێکی تەمەنیدا وەك شۆڕشگێڕێکی بواری ئەدەب و زمان، لەم لوتـکە کلا سیکییانە یا خی بووە و لوتکە یەکی جـیاوازی سەرکە شی تری بۆ خۆی و نەوەکانی دا هاتوو دەستنیـشان کردووە کە ئەویش ئەو تازەکردنەوە یە بوو لە شیعرەکانی کوردیدا و تا هەنووکەش ئەم ڕەوتە گوڕوتین و ئیدامەی خۆی هەیە.

سیما و ڕەنـگی تازەکرد نەوەی شیعری کوردی لە سەر دە ستی شێخ نووری و گۆران و ڕە شید نەجیب و عە بدولڕەحمان بەگی نـفووس بریتی بوو لە هەو ڵدان بۆ

بەکاربردنی زمانی کوردیی پەتی و پاکژکرد نەوەی ئەم زما نە تێکەڵەیە لە وشەی فارسی و عەرەبی. د یارە ئەم مەبە ستە لە نێو ئەمانەدا پتر لای گۆران بە درەو شاوەیی ما یەوە، هەروەها لادان لە یەکێتیی قاف یە و با بەت و پشتبە ستنی شابەیت (البیت القصید) و دوورکەوتنەوە لە موبالە غەی فووتێکراو و ئە فەرۆزکردنی تەعق یداتی ز مان و شونا سی بێ ئەرزش و خۆدوورخ ستنەوە لە بابە تە ئاییندی یەکان و و شەی قە بە و فەخم. دە توانم بڵێم کە شێخ نووری مامۆ ستای قۆ ناخی گوا ستنەوە بوو لە کۆ نەوە بۆ سەردەمی نوێ. بابە تەکانی شیعری شێخ نووری بە تەنیا لە سەر یەك تەوەر لەنگەریان نەگرتووە، بەڵکو پەلیان هاویشتووە بۆ سروودی خوێندکاران، کە بریتییە لە (٥) چامە، بۆ سۆزی دەروون کە (١٢) چامەی هۆنیوەتەوە، ئە مە جگە لە چیرۆکە شیعر کە (٦) با بەتی چێ کردووە و هەموو ئەما نەش مەر جەکانی چیرۆکیان تێ یا هاتووەتە دی، وەك کات، جێگە، ڕووداو، پا ڵەوان، ئە مە جگە

لە پیاهەڵدان و وەسف و حەما سەت و شیوەن، با ئەوە شم لە بیر نە چێت کە لە بواری ڕەخ نەی ئەدەبیدا چەند هەوڵێکی خستووەتە بەردەممان.

گۆران لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ عه بدولڕەزاقبیماردا دەڵ ێت شێخ نووری پێ شەنگی تازەکرد نەوەی شیعری کوردیـیە. ئەم دانپیانا نەی گۆران خۆی لە خۆیدا گەواهیی سەرامەدێتیی شێخ نووریـیە لەو بوارە گرنگەدا. یەکێکی تر لەو سەر چاوانەی کە ڕژاونە تە سەر ئەفراند نەکانی شێخ نووری، لێونا نە بە پلو سکی ساف و بێ گەردی ئەدەبی عەرەبیـیەوە، د یارە ئەم ئەدە بە لە بواری شیعردا ئێج گار دەوڵەمە ندە و شێخ نووری پ ێی سەر سام بووە و بەهرەی ناوازەی پیێ بەخشیوە، ئەوەتانێ چەند کۆپلەیەك لە شیعرێکی (ایل یا أ بو ماض) بە ناوی (الطلا سم)، وا تە مەتە ڵەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، دیارە ئەم چامەیە یەکێکە لە چامە ناودارەکانی ئەدەبی عەرەبی.

**لەکوێوە بۆ چ ئامانجێکە نازانم کەچی هاتم**

**کە چاوم کردەوە ڕێم گرتە بەر چەشنی خەیاڵاتم**

**ئەبینم ڕێ و ئەڕۆم بۆ خۆم ئەگەر دڵخۆش ئەگەر ماتم**

**لەکوێوە هاتم و ئەم ڕێگە کوێیە تێناگەم؟**

شێخ نووری بۆ (لـ ست أدری) (تێنا گەم)ی دا ناوە، کە ڕا ستییەکەی ( من نازانم)، د یارە جـ یاوازی زۆرە لە ذ یوان (لا أفهم) واتە (تێناگەم) وە (لست أدری) کە نازانمە!

بە عەرەبییەکەی:

**جئتُ لا أعلم من أين، و لكنّ أتيتُ**

**و لقد أبصرت قدامي طريقا فمشيتُ**

**و سأبقي ماشيا إن شئت هذا أم أبيتُ**

**كيف جئت كيف أبصرت طريقي**

**لستُ أدري**

**أين ضحكي و بكائي و أنا طفل صغير**

**أين جهلي و مراحي و أنا غض غرير**

**أين أحلامي و كانت كيفما سرتُ تسير**

**كلها ضاعت و لكن كيف ضاعت**

**لستُ أدري**

کۆی چامەکە بریتی یە لە ٦٤ کۆپلە و لە هەر هەموو یدا پرسیارە سەخت و ئەنتۆلۆژی یەکانی لە مەڕ و جود و عەدەم دەجوولێنێ کە بێ وەڵام ماونەتەوە. ئیلیاش لە کۆتاییەکا ندا دەڵێت (لست أدری). با ئەوەشم لە یاد نەچێت کە مەلا یەکی نەجەفیی کۆپلە بە کۆپلە بە (أ نا أدری) وەڵامی ئیلیای داوەتەوە. دیارە وەڵامەکان لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە دراونەتەوە.

مەولەوی بەر لە ئیلیا ئەم پرسیارە بێوەڵامەی وروژاندووە و پێوەی تلاوەتەوە:

**هەرچیت دی بە چاو ڕۆیی بۆ سەفەر**

**هەرچی ئەبینی وا لەسەر گوزەر**

**کەس حاڵی نەبوو هیچ کەس نەیفامی**

**ئەو بۆچی ڕۆیی و ئەم بۆ هاتە دەر**

شێخ نووری و ئە حمەد هەردی گەلێ سەر سام بوون بە شوعەرای مەهـ جەری وەك ( جبران خلـ يل، ايلـ يا أ بو ماض، ميخائـ يل نعيـ مه). د يارە گ يانی ڕۆ مانتيكی ئەم ئەدە بە دەوڵەمە ندە ئەم دوو شاعیرەمانی پابە ند کردووە بە ڕۆ حی شوعەرای مەهجەرەوە. دیسانەوە شێخ نووری با بەتێکی تری لە سەر ڕۆح وەرگ ێڕاوە و وەك من بزانم، لەو سەروبەندەدا تووشی هەمان دڵەڕاوکێی مەولەوی و گۆتە و مەولانای ڕۆ می بووە، لەمەڕ تەلیسمی ژیان و ڕۆح و وجود و عەدەم.

ئەی ڕۆح: بەڕاستی تۆ کێی نازانم

هێندەم لێ عایەن بوە کە ڕۆژێ

من و تۆ لەیەك جیا ئەبینەوە

بەڵام کەی لە کوێ یەك ئەگرینەوە؟

نازانم ئەمە مەتەڵەم ئەسرارە

قورئانی پیرۆز وەك چارەسەرێك بۆ ئەم كێشە فەلسەفییەی ڕۆح، كە دیارە لەو سەروبەندەشدا هەر جێگەی مشتومڕ بووە، ئەم ئایەتەی كردووەتە دەرمانی برینەكە: (و إذا سألوك عن الروح قل الروح من أمر ربيّ) دیارە بەر لە شێخ نوورییش عومەر خەیام و ئەبوو عەلای موعەری و گۆتە و گەلێكی دی بەدەم تەلیسمی هاتنەدنیا و مردنی بێئیختیار و تراژیدیای چارەنووسی ڕۆح و مەودا بێكۆتایەكانی گەردوونەوە تلاونەتەوە و نەگەشتوونەتە دەرەنجامێكی دڵنیاكەر، هەر ئەم كێشە فەلسەفییانە بوون كە درزی گەورەیان خستە نێوان فیرقەی موعتەزیلە و ئەشعەری و جەبری و قەدەری و خوێنێكی فرە و خەستوخۆڵی لە سەر ڕژا، چاوخشانێك بە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەئموون و دواتریش گەواهیی ئەم ڕاستییەن.

یەكێكی تر لە مەرجەعیاتی ڕوو ناكبیریی شیعریی شێخ نووری، ئەدەبی توركییە. دیارە شێخ نووری زمانی توركیی بە

با شی هەزم کردووە و لەو ڕێگە یەوە بەهرەمە ند بووە بە شاکارەکانی ئەم زمانە، بەتایبەتی شوعەرای فەجری ئاتی کە بریتی بوون لە (عبدالحق حامد، توفیق فکرت، جلال ساهیر و نامق کەمال)، تەنا نەت بەر هەمێکی دلۆ ڤانی ئەو بەرهە مە ناوازە و بەناوبانگانە، شیعرە ناودارە کەی (عبدالحق حا مدە) بە ناوی (مەقبەر – گۆڕ)، ئەم چامەیە شیوەننامەیەکە کە بۆ فاتیـ مەی هاو سەری و تووە. ئەم شیعرە لە بەر گرنـ گی و بەناوبانگییە کەی بۆ ٣٦ ز مان وەرگـ ێڕدراوە. د یارە شێخ نووری بەرهەمێکی فرەی هە یە لە بواری شیعری شیوەندا و هەر ئەمەشە کە هانی داوە بۆ وەرگێڕانی ئەم چامەیە، ئەمەش بەڵـ گەی ئەو وە فا و سۆز و خۆشەویـ ستییەیە بۆ هاوڕێ و کەسەکانی، کە هەمیشە ئەدگارەکانیان لە دڵـیدا قوڵـپیان داوە و دەرگای خە مە ئەبەدیـ یەکانی بۆ خـستوونەتە سەر پـشت و لاواندوونیە تەوە، بەتایـ بەتی برا کانی. سەیرکەن بۆ کۆ چی دوا یی مەلیك مەحمود چ گەرمە شینێك دە کا و چۆن ڕیـشاڵی

**تۆسقاڵە دڵەکەی دراوە بە چڵاکی خەمە ئەبەدیی وئۆقیانووس ئاسادا:**

**چ نووکی خەنجەرێ بو وا بڕی ڕیشەی دڵ و گیانم**

**چ تینی ئاگرێ بو وا بەجارێ جەرگی سوتانم**

**لە سەرچاوەی تەقیوی دڵمەوە خوێناوی ئاڵ و گەش**

**بەناو شەریانەکانا دێنە سەر دوچاوانم**

عبدالحق حامد دەڵێت:

**هاوار من چی بکەم، نە جێ ما نە یار**

**هەر دڵ مایەوە پڕ دەرد و ئازار**

**فاتمە لە مەزار سەرێ دەربێنە**

**ڕەنگی جارانت تۆزێ بنوێنە**

**یاران ئەم جێیە ناشێ مەقبەر بێ**

**ناشێ ئەم چاڵە یانەی دولبەر بێ**

ئەم جۆرە شیوەننامەیەی پیاو بۆ هاوسەرەکەی لە ئەدەبی جیهانیدا ڕەنگی تۆخ و بەرچاوی هە یە، مەولەویی تاوەگۆزی چەندان چامەی سیحرئامێزی بۆ کۆچی عەنبەر خاتوونی هاوسەری وتووە، لە سەردەمێکدا کە نەنگی بووە پیاو لەگەڵ ژنەکە یدا بگەڕێت یان هەر ناوی بهێنێت، لە نێو عەرەبەکانیشدا (محمود بارودی و جەریر توغرائی و اسماعیل صبری) شیوەننامەی قیمەتگرانیان کردووەتە دەست و دیاری بۆ هاوسەرەکانیان.

جەریر دەڵێت:

لولا الحياءُ لعادني استعبار

و لزرت قبرك و الحبيب يزار

بارودییش دەڵێت:

أيد المنون قدحت اي زناد

و أطرحت اي شعلة و بفؤادي

ز مان و ئەدەبی فار سی چ به حوكمی دەوڵەمه ندیی ئەدەبه كە، چ به حوكمی دراو سێیەتی و نزیكی له ز مانی كوردیەوە، چ به حوكمی فەرمانڕەوا یەتیی سەپاو له ناو چەكەدا، ڕۆڵێكی كاریگەر و بەر چاوی هەبووه له ناو ئەدەبی كورد یدا. كەم شاعیری كورد هەیه به زمانی فارسی هۆنراوەی سەرتەڵ و ناوازەی نەوتبێت، هەر له مەولەوی و بێ سارانی و نالیەوە هەتا شێخ ڕەزا و مەحوی و شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی، تەنا نەت زۆربەی ئاڵوگۆڕی نا مه و خوێندنی نێو بەشێك له حوجره كان له سەردەمی بابانەكا ندا به فار سی و فار سی ئامێز بووه، تەنا نەت دەوڵەمه ندی و تەمەندرێژی و هەڵك شانی ئەم زما نه به قوو ڵایی مێژوودا كارێكی ئەوتۆی كردووه كه له زۆر مەڵبه ندی زاذ ستی و كارو باری فەرمانڕەوایی دەو ڵەتی عو سمانی، ز مانی فار سی باڵادە ست بێت و له جوم گەكانی دە سەڵاتدا بەكار ببرێت. بمانەوێ و نەمانەوێت، شێخ نووریيش لێوی تینووی شیعر و

ڕوو ناکبیریی  کوردیی  ناوه  به کانی یه ڕوون و  چەییگەکەی ئەدەبی فارسییەوە و  لەو ڕێگە یەوە  گەلێك  شیعری فارسیی وەرگێڕاوە تە  سەرز مانی  شیرینی  کوردی، تەنا نەت  لە قۆناخێ کدا بەرپرسی بە شە فارسییەکەی ڕۆژنا مەی  بانگی کورد ستان  بووە.  شێخ  نووری (٢٨) کۆپ لە  لە  شیعرەکانی عومەر خەیامی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و زۆربەی ئەو کۆپلا نە ئەوا نەن  کە  باس  لە پیا ڵە و  بادە و ئا  هەنگ و مەجلیسی یاران و یاوەران دەکەن و تەئکید  لە قوربانیدان  بە دا هاتوو  لە پێناوی خۆشی و کاتبە سەربردنەکانی ئێستادا دەکەن، دیارە  ئەم بابەتە هاوئاهەنگە لەگەڵ دنیابینییەکانی شێخ نووریدا،  خودی خۆیشی  بە دەنگە زوڵاڵەکەی هەمیشە سوارچاکی ئەو مەجلیسانە بووە و خەمە قورسەکانی  خۆی و نەتەوەکەی بە با داوە.

**پێك پیاڵە هەزار پیاوی بێ دین دێنێ**

**جۆرێ لە شەراب، کیشوەرەکەی چین دێنێ**

**لە جیهان چی بێ لە مەی خۆشتر بێ**

**تاڵێکە هەزار ڕۆحی شیرین دێنێ**

**دەستی بە کەلامی خواوە دەستی ملی جام**

**کە یاری حەڵاڵین و گەهێ دۆستی حەرام**

**ئێمەین کە لەژێر گومەزی شینی چەرخا**

**نە کافری موتڵەق و نە موسوڵمانی تەمام**

ئەم چوارینەیە لە گەڵ ئەم ئایە تەی قورئا ندا یەك دەگرێتەوە: (وأمّا من أوتي كتابه بيمينه فهو في عيشة راضية، و أمّا من أوتي كتابة بشماله فيقول ياليتني لم أوت كتابيه).

شێخ نووری لە وەرگێڕانی سەرجەمی شیعرەکاندا پشتی بە چێژ و سەلیقەی ئەدەبیی خودی خۆی بەستووە و ئەوەندەی بۆی کرابێت، نموونە باڵا و دلۆڤانەکانی شیعری فارسی و تورکی و عەرەبیی خستووەتە بەردەم خوێنەری کورد و

پە  نجەرەی ئەفرا  ندن و ئید  ستاتیکای  هەرەجوانی  بۆ خستوونەتە سەر پشت و لەم ڕێگەیەوە ئا شنای کردوون بە شیعر و ئەدەبی دلۆڤان و پڕ بەهرە. واتە شێخ نووری وەك ئەو هەنگە ماندوونەناسەی کە چڵاوچڵ و گوڵاوگوڵ، وێڵە بەدوای گوڵە بۆنخۆشەکاندا، ئاوە هاش کیۆ ماڵی هەمیشەیی کردووە بۆ ئەفرا ندنی بە بەهاترین  شیعری قیمەتگران و  ناوازە.  با ئەوەش  لە  یاد نە کەین  کە  سەبکی داڕ شتنی  شیعر  لە کوردستانی باشوور و ئێراندا، بەر لە سەردەمی  شێخ  نووری سێ جۆر بوو، سەبکی هیندی و عێراقی و خوراسانی، کە هەر سەبکە و کۆ مەڵێك  سیفاتی تای بەتی گرتبووە  خۆ،  بەڵام سەبکی  شیعری  نوێی  کوردی لە سەر دە ستی  شێخ  نووری گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هات و مۆرکی داڕشتنی وشە و دەستەواژەی کوردیی پەتی گرتە خۆ و گیانێکی نەتەوەیی کرا بە  بەردا و  لەو ڕێگهیە شەوە هە ست و هۆ شی نە تەوەیی گوڕوتینێکی زۆری بە بەردا کرا.

# تابلۆی هەڵپەڕکێ لە پیشانگای قانیعدا

خو شك و برا یانی کۆنگرەی قانیعی ( شاعیرو ئیذ سان)، بەگەرمی بەخێرهاتننتان دە کەم و دە خوازم هەمیشە ئا سودەو سەربەرزو ئازادبن.

کاتێك کە برای ئازیزم کاك ئە حمەدی نەزیری هەواڵی کۆنگرەی قانیعی پێدام لە مەریوانی لانکی شیعرو سرو شت و جوامێریدا، مەریوانی هەردوو مەحمودخانی دلێرو نیشتمان پەروەر، ئێجگار دڵخۆش بووم بەوەی کە ئەو شارە میهرەبا نە لە ئامێزی گەرمیا قانیع دەلاوێنێتەوە، لە زرێباری زیویندا کەشتی پڕ گەوهەری قانیع بۆ هەموو کوردستان بەڕێ دەکات، ئەم وەفاو قەدرو موحیبەتەی مەریوان بۆ رۆڵە یەکی جوامێری وەك قانیع ئاوڕدانەوەیەکی سۆزو تەقدیرە بۆ ئەدەب و شیعری

کوردی، بۆ نیشتمانێك، کە هەمیشە خەون بە سەرفرازی و بەختیاری و ئازاد یەوە دەبیذ یْت، دە خوازم ئەم رەو تی چالاکیانە در یْژەی هەبیْت و کوا نوی ئەدەب و شیعر لەم شارەدا هەمیشە گەرم و گوڕ بیْت.

قانیع خۆی لە خۆ یدا دانیذ شگایەکی پڕ میذ هرە بۆ و شیارکردنەوەی ئیذ سانی کورد لە خەوی غەفـ لەت و نەزانیندا، قانیع لە هەموو بوارەکاندا تەنیا سوارەی چابووکە، کە لە زۆر بەی دەرگا کانی ژ یانی مرۆ ڤی داوە، هەر بۆ یە نەمزانی لەکویْوە دە ست پیْ بکەم، بەر لە من گەلیْ قە لەم قانیعیان بەسەر کردۆتەوە لە بوارە کانی، نیشتمان پەروەری، ئیذ سان دۆ ستی، کوردا یەتی بیْ پیْچ و پەنا، بەرگری شیْلگیرانە لە جوت یارو کریْ کار، زاذ ست خوازی، ئەڵهای پیْ شکەوتن و تە مەدون، پیرۆز کەری ئیش و ماندونەنا سی، قسەی خۆش و نوکتەجۆیی، ئاوارەیی و دەربەدەری، پاڵەوانی و نە بەردی ذیْو بەندیخا نە، هەژاری و بر سیْتی لە رادە بەدەر،

ئام بازبوونی شێرانه بەرام بەر به هەژاری و نەخۆ شی و نەخوێندەواری. بەندە نەمویست لە سەر ئەم بابەتا نه بدوێم و بڕیارم دا کە دەبێت جیاوازبم و شتێکی نویٚ بنوو سم، ئەوەی سەرنجی راکێشام تائێستا کە سێك دە ستی بۆ ئەم بابه تە نەبردوه، کە ئەویش چامەیەکی قانیعە لە مەڕ هەڵ پەڕکێ و رەشبەڵەکی لادێکانی کوردستان.

جێی رامانه کە مەلا یەکی خاوەن شەرع و قورئان و ئاینی پیرۆزی ئیسلام، مەلایەکی بە تەمەنی هەمیشە هەژارو ماندو و برسی، چۆن پەرژاویەتە سەر وەسفی رە شبەڵەك و چۆن سڵی لە دەوروبەرە چەقبەستۆکەی نەکردۆ تەوه، کە بە حەرامکردن ناوزەدی بـ کەن؟! بە تەنیا وە سفکردنی ئەو دیمە نە دڵڕفێـ نە خۆی لە خۆیدا شەرعیەتدان و بەرگریە لە دیمەنەکە، وێنەگرتن و بە جوان نا سینی تابلۆ کە، سنوور بەزا ندنی داب و نەرێتی داوای شەرع و مەلا بەڕێزەکا نما نە، رازاند نەوەی کەرنەڤاڵە کە جۆرێـ کە لە نا ساندنی ئەم نەرێـ تە بە خوێـ نەری کوردو

خۆشەویست کردنێتی، دیارە قانیع لەمەشدا دەسپێشکەرو رچەشکێن بوە.

قانیع لە سەرەتادا هەوڵی داوە کە جۆری کەلوپەل و خشڵ و ئامرازی رازاندنەوەی ژن و پیاو بە ئێمە بناسێنێ، ئەم ئامێرانەی رازاندنەوانەی ئافرەتە، دوای چەند نەوەیەك پێدەچێت گۆڕانکاریان بەسەردا بێت و ئامرازی رازاندنەوەی نوێ بێتە کایەوە، واتە ئەم ناوانە دەچنە فەرهەنگی کوردیەوە. با ئەوەشم لەبیرنەچێت کە قانیع زۆر وەستایانە هەڵسوکەوت و جووڵەو باری دەرونی هەڵپەڕکێ کەرانی کێشاوە، ئەمە جگە لەوەی کە کێشی شیعری دەبڕگەیی رەسەنی کوردی بۆ هەڵبژاردووە، کە خۆی بە کێشی هەڵپەڕکێ ناسراوە:

ئەمجا، کچ و کوڕ بەزمی رەشبەڵەك

قەتار ئەپێکن، دەس ئەگرن بەیەك

ئەم شان و ئەو شان، وەك کەوی پڕ خاڵ

هەڵ ئەسوڕێنێ، پەی لە پەی دەسماڵ

دەشێت بپرسم تۆ بڵێی مەلایەکی بە شکۆی وەکو قانیع بە مێزەرێ کەوە بەدیار ڕە شبەڵەکەوە دانیش شتبێ و وێ نەی کێشابێت؟! یان ئەم وەسفە وردو وەستایانەیە تاقیکردنەوەی سەردەمی مندالّی یان لاوێتی خۆی بێت و دڵی درابێت بە چلاّکی پرچ و کاکۆڵی کیژۆڵەیەکدا، با شترین بەڵگەش ئەو کەمە شیعرە دڵداریانەیەتی کە پڕن لە شەوق و خۆشەویستی و ئەڤین، وەك شاعیری گەورەی عەرەب (المتنبي) دەڵێت (وعجبتُ كيف يموتُ من لا يعشق)، واتە سەرم سوڕدەمێنێ لەو مرۆڤەی کە بەبێ عەشقکردن دنیا جێ دێڵێت.

دەبا گوێ دێرین لە دڵی پڕ خورپەی قانیعی دڵدار:

تا حەیاتم بێ لە دڵما، شەرتە میهرت دەرنەکەم

ڕۆژ پەرستم تا بمێنم، سوجدە بۆ ئەختەر نەبەم

گەر لە لێوی لەعلی ئاڵت قەترەیێکم دەس کەوێ

ڕوو ڕەشم گەر تەرکی ئاوی زەمزەم و کەوسەر نەکەم

قانیع لەم چامەیەدا شێوازی پەرتکردن و کۆکرد نەوەی بەکارهێناوە، لە سەرەتادا باسی کچ، دوایی باسی کوڕ، ئینجا شایەر، ئینجا هەڵپەڕکێ، واتە لە سێ د یمەنی جیاوازو جودا دیمەن و تابلۆ گەورەکەی رازاندۆتەوە.

بۆ کچ:

چارەکەی خامەك ئەکاتە کۆڵی

خرخاڵ مەچەکی چەشنی سەهۆڵی

ملوێنك لە مل، لولە لەسەر دڵ

چاو پڕ لە غەمزە، رومەت تۆپی گوڵ

برقەی بەرچاوەو، زرنگەی کڵاو زەڕ

ئەگریجەی قرتاو، وەك رێحانەی تەڕ

بۆ کوڕ:

کەواو پانتۆڵی لە فاسۆنی جوان

فەقیانەی دوو گەز ئەخاتە سەر شان

کڵاش هەورامی، پەستەکی بانە

**پشتێن کەتان چین، ڕەسمی زەمانە**

**دەمانچە لە پشت، فیشەك لغ لە مل**

**تەزبیح کارەبا، تۆزی دەنك زل**

زوڕناچی:

**کاکەی دەهۆڵ کوت، دەهۆڵ لەسەر دڵ**

**ئەو لە زوڕناچی، چاکتر دێتە کوڵ**

**بەبێ پێ وتن سا، تف لە گۆچان**

**گرمەی دەهۆڵی، ئەگاتە ئاسمان**

بەزمی هەڵپەڕکێ:

**ئەمجا کوڕو کچ بەزمی ڕەشبەڵەك**

**قەتار ئەپێکن، دەس ئەگرن بەیەك**

**سا دڵ بلەرزێ، سا چاو بڕوانێ**

**سا دەم پێکەنێ، هەتا ئەتوانێ**

**سا خەم هەڕاكا، مل خۆی بشكێنێ**

**سەد هەزار قەیسەر لەویا نانوێنێ**

لە چامەی (مازو چنینی لادێدا) جارێكی تر قانیع دێتەوە سەر وەسفی هەڵپەڕكێ بەڵام لەسەر كێشی حەوت بڕگەیی:

**تێكەڵ ئەبن كچ و كوڕ**

**بە چەشنی مێخەك و دوڕ**

**دەس ئەگرن بە تێكەڵاو**

**كچی شۆخ و كوڕی لاو**

**بۆنی مێخەك و سمڵ**

**ئەدا لەناو پەڕەی دڵ**

ئەم رێبازەی قانیع بۆ نمایشكردنی تابلۆ گەورە كەی هەڵ پەڕكێی كوردەواری پڕ یێی دەوتر یێت یەكێتی ئۆر گانی (الوحدة العضوية). بەپێی تیۆری لاساییكردنەوەی واقیعی ئەرەستۆ، ئەم چامەیە وێنەیەكی درەوشاوەی لاسایی واقیعەو نەخشاندنی كەرنەڤاڵێكی زیندوی كوردەواریەو دەشێت بە

بەر هەمێکی دلۆ ڤان و سەرکەوتو لەقە ڵەم بدرێت، چونکە لە ئامێ تەکردنی ئەم توخم و کەرە سانەدا سۆزو خور پەو راچەنینی مرۆڤ هاتۆتە کایەوەو خودی شاعیریش لە دەرەوەی تابلۆکەدا نەماوەو بۆ تە بە شێکی زیندوو لە د یوی ئەودیوی و شەو ر ستەکاندا، وا تە واقیع و شاعیر لە بۆ تەی هو نەرێکی رەسەندا ئامێتە بوون، گرنگی و ئەهەمیەتی قانیعیش هەر بە خستنە ڕوی دیمەنەکە تەواو نابێت، چونکە شاعیر هە ست و سۆزو لا یەنگری و خۆ شنودی خۆی شی تێ کەڵ کردوەو لە کارلێکی ئەم خودو واقیعەدا، با بەتێکی تر سەری دەرهێناوە کە ئەویش بەر هەمێکی نەوازەی دلۆڤا نە کە بە نەمری دەمێنێتەوە چ لە بواری هو نەر چ لە بواری مێژوی هو نەردا.

مەولای شاعیرانی کورد مەو لەوی تاوگۆزی، لە سەر هەمان رێ چکەو بەر لە قانیع، سیحراوی ترین وێ نەی هەڵ پەڕکێی کوردەواری نەخشاندوە، سەیرەکە لەوەدایە:

١- مەو لەوی تاوگۆزی خاوەنی دەوڵەمە ندترین کاری عیرفانی و سۆفیگەری و خوانا سی بوەو یەکێك بوە لە مەلا گەورەو پایەدارەکانی کوردستان و خۆرهەلاّت، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا رێگای بەخۆی داوە کە عەبقەریەتێکی گەورە لە وێناکردنی هەڵپەڕکێدا بخاتە گەڕ.

٢- ئەحمەد بەگی کۆماسی بە شیعر باسی زەماوەندێکی بۆ مەولەوی کردوەو وتویەتی خۆزگە لێرە دەبویت، بۆ بینینی زەماوەندەکە. مەولەویش بێ ئەوەی شاییەکە ببینێ بە خەیاڵە ناسك و فراوان و ئەندازەییەکەی وەسفی هەڵپەڕکێکەمان بۆ دەکات:

نامەی نەفتینت یەك ڕۆ باد ئاوەرد
کڵپەی بڵێسەی کوورەم زیاد کەرد
صەدای (لاو هەی لاو) زڕەی زەڕ زنجیر
سلْسلەو بانی سەر، بەند زرێ و لاگیر
زیلەی گوارەو زرنگەی زەنگڵەی زەڕ

لەرزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ

شەقەو تەقەی گەرم، چەپڵەو چیڵەی نەرم

چریکەی وەناز، تریکەی وەشەرم

سەمای دەسماڵان، ڕەمای نەوهاڵان

نەمای مەلالان، نمای وەشخاڵان

شاخەی شریخەی خشڵ نیمە ڕەنگ

فرەی فۆتەی شۆڕ، پاژنۆی گوڵەنگ چەنگ

لارەی قەتارەی لاو شەدە لاران

ئیشارەی کەم کەم پەنجە وشاران

وە لیمۆی ئاڵای کاڵای باڵای شەنگ

قرچەو چۆقەی جەرگ دڵ وەخەمان تەنگ

خشەو خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش

عیشوەو نەزاکەت، گریشمەی بێ خەوش

یاران یاوەران، های دەردە داران

بەیدێ بکەردێ من سەنگە باران

لەم  چامەیەدا مەو لەوی لا سایی واقیعی نەکردۆ تەوەو  لە بەشەوە نەچوە بۆ کۆ (لە جزو بۆ کل)، بەڵکو جارێکی دی بە قە ڵەمی خەیا  ڵە دەوڵەمە  ندو ئەۏ  سوناویەکەی د  یمەنێکی دلۆڤانی ئەوتۆی نەخشاندوە، کە هەتا کوردێك بە رۆح مابێت، شانازی پ ێوە دە کات و  بە نمونە یەکی  باڵای خۆر هەڵات دەنا  سرێنێت. رەهە  ندێك  لە رەهە  ندەکانی قوتابخا  نەی رومانتیك ئەم پشت بەستن بە خەیاڵەیە، کە زۆرجار زا ڵدەبێت بەسەر واقیعداو دەبێتە مۆرکی عەبقەریەتی شاعیر لە دنیای نەمریدا، مەولەوی لەم پارچەیەدا گرنگیەکی زۆری بە مۆزیکی ناوەوەی بەی تەکان داوە، دە نگ و  سرپەو خ شپەو زرن گەو هاڕەو جوو ڵەی خ شڵ و  تەڵاو ز یوی هەڵ پەڕکێ  کەرانی بەجۆرێك نەخشاندوە کە خوێنەر پڕ دەکات لە جونبشو نەزمی هەڵپەڕکێ کەو  بەگوێی دڵ  هەموو  سرکەو  چپەو دەن گێ دەبیستێ و تەنا نەت  نەك ئامادەگیەکی رۆ حی دەبێت لەوێ، بەڵکو ئەلهای هاوبەشی کردنیشی دەبێت لەو ئاهەنگەدا.

بەراوردێکی سەرەتایی لەنێوان ئەم دوو نموونە یەدا، دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کە فەنتازیای ئامێتەکردنی رەنگ و دەنگ و مۆزیکاو جوولەی لەش و لاری کنا چانی لادێ لای مەو لەوی، گە شتۆتە چڵەپۆپەو خەیاڵ و زەیـنی خوێـنەری بەتاڵی ئاوریشمینی داهێنان بەستۆتەوە، بەڵام تابلۆکەی قانیع لەگەڵ ئەو هەموو جوانی و فرە رەهەندیەدا پتر لە بیرو خەیاڵی لاواندا خۆی نەخشاندوەو لە تەلی دڵ و هەستی ئەوانی داوە، چونکە رەنگدا نەوەی خولیاو هەستو نەستی ژیانی لاوێتیانە، با ئەوەش بڵێم کە قانیع لە چامەکەیدا ئاوڕی لە پیرەمێرد و بێوەژن و کەسانی تریش داوەتەوەو تابلۆی هەست و بیری بەسالاچوانیشی لەو بۆنەیەدا نەخشاندوە. بەڵام وەسفەکەی ئەحمەد بەگی کۆماسی نەگەشتۆتە ئاستی نەوەی قانیع نە ئەوەی مەولەوی.

نا مەوێت لەم دەرفە تەدا دذ یا جوان و ئەڤ سوناویەکەی گۆرانتان لەکیس بدەم، گۆران لە گەشتەکەی قەرەداخدا بەم شێوە دلۆڤانە وەسفی هەڵپەڕکێیەکمان بۆ دەکات لە قەرەداخ:

خەوە، خەیاڵە؟ عەردە، بەهەشتە؟
هەڵپەڕکێی ژنە یا هی فریشتە؟
پەلکە ڕەنگینەی ئێوارەی بەهار
لە عەزرەت تارای سوور کەوتۆتە خوار
"ئامان لەرزانە! هاڕەی لەرزانە!"
بەستەی هەڵپەڕکێی بالاّ بەرزانە
گوڵ بە ئاهەنگی ئامان لەرزۆکە
پێیە دابنێ و پێیە بەرزۆکە
بە ناز لار بگرە سەری بێ پووشێن
با بریقەی بێ کڵاو زەڕ چێن چێن
پێچکەی پشتە سەر لەسەر زوڵفی ڕەش
با بجریوێنێ وەك ئەستێرەی گەش

**شانی بۆ شل کەو خۆت هەڵسێنەوە**

**سوخمەی سەر مەمك بلەرێنەوە**

**با پێچکەی نقێم گورج گورج بەتاسە**

**لێو بنێتە سەر کوڵمی هەیاسە**

# ئه نجام گیری

١- وردبوو نەوە له هەر سێ بەرهەمه کەی گۆران و مەولەوی و قانیع، جیاوازی کەلوپەل و خشڵ و تەلاو زیوی کنا چان دە سەلمێنێ، وا تە لەم سێ ناو چە نزیك لەیە کەدا بەخشێك لەم ئامێری رازاند نەوەو سیپالانە چونیەك نین و ناوەکاذیان جیاوازە. هەر ئەم جیاوازیانەشە، کە فەرهەنگی کوردی مەڕ ئەم بابەتە دەوڵەمەندتر دەکات و لەوانەشە یەك ئامێر دوو ناوی جودای هەبێت.

٢- د یاردەی هەڵ پەڕکێ و رە شبەڵەك لە ولا تی کوردەواریدا، ئەو داب و نەریتە زیندوەیە کە پێ بە پێ لەگەڵ گە شەی کۆمە ڵدا رەو تی کردوەو بۆ تە بە شێك لە کەلتورە زیندوەکەی ژیانی کوردەواری و توشی دابڕان نەبوە، چونکە رەنگدانەوەی خواست و غەریزە سەرەکیەکانی ئیذسانە لەمەڕ درێژەدان بە بوونی خۆی وەك هەر گیانلەبەرێك.

٣- هاو شێوەی رە شبەڵەکی کوردەواری لە ئەوروپادا جۆرێکی ترە، کە لە شێوەی جووت نێرو مێدایە، ئەمە جۆرێك لە تاك پە سەندیەو هەنگاوێ کە بۆ خود وێ ستی و دوورکەوتنەوە لە گیانی کۆمەڵکاری لە هونەرو ژیا ندا، د یارە هەلو مەرجی گەشە سەندنی م ێژوی هەر نەتەوە یەك کۆ مەڵێك دەرهاویشتەو هەڵسوکەوت و داب و نەرێتی جیاواز لە هەموو بوارەکاندا چێ دەکات.

٤- لایە نە هەرەوەزکارێ کەی ئەم نەرێ تەی کوردەواری قووڵکرد نەوەو فراوانکرد نی گ یانی خۆشەوی ستی مرۆ ڤە، لە چوارچێوەی کۆمەڵ نەك تاك و جوو تدا، ئە مە جگە لە تێ کەڵ بوونی هە ست و سۆزو خۆشەوی ستی لە گەڵ خاك و وەرزی نەخ شینی کورد ستاندا، وا تە رەهە ندەکانی مرۆڤ و زە مین و زە مان، لە دذ یابینی شاعیردا باڵاترین تابلۆی نەمری دەنەخ شێنێ و بە هەر سێکیان دەب نە بە شێك لە م ێژوی ئەنترۆپۆلۆجیا لەسەر نەخشەی ئەم کوردستانە.

# بەر لە کۆتایی

ئەوەی کە تائێ ستا خرابێ تە سەر خەرمانی دیوا نە شیعریەکەی قانیع (زایە ڵەی زرێ باری) مامۆ ستا ئە حمەدی نەزیر یە کە شایانی رێزو خۆ شنودی و دڵ سۆزیەکی فرە یەو کاك ئە حمەد هەوڵ و تە قەللاو ما ندوبوونێکی بێ پا یانی کێ شاوەو کێو ماڵێکی زۆری بۆکردوە، ئەم کتێ بە فەر هەنگی قانیعی ئیذ سان و شاعیرو رو ناکبیری سەردەمەکەیەتی، کەسایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی قانیع لەنێوان ئەم کتێبە بەبایە خەوە دەخوێنرێتەوە، لە دوو تویێی بە سەرهات و ئا کارو قـسەی خۆش و رێذ مایی و مو چیاریەکانی قانیـعەوە، دە توانین کە سایەتی مرۆ ڤی ئەو سەردەمە، جۆرو ئا ستی سایکۆلۆژیان، بارودۆخی کۆمەڵگا، کێشەی هەمیشەیی ذێوان ئاغاو جوتیار، دەوڵەمە ندو هەژار، پیاوانی ئاینی و رەعـیەت لەڕووی سۆ سیۆلۆژی و فەر هەنگی و سیا سی و زاذ ستیەوە

دەستنیشان کەین، ژیان و بە سەرهاتەکانی قانیع ئاوێنە یەکی بالاّ نمای ئەو سەردەمەیە بە هەموو خۆ شی و ناخۆ شی و دوا کەوتن و سەیرو سەمەرەیی ژ یانی گوندذ شینەکانی کوردستانەوە. لە بواری هەژاری و بالاّدەستی عەقلّ و هۆش و پێش سەردەم کەوتندا، قانیع و ئەبو حەیانی تەوحیدی دوو قور بانی دە ستی کۆ مەڵگای دوا کەوتو و سادە لەوح و پرزە ل یێبڕاون، هەر بۆ یە لە بەر هەمی ئەم دوا نەدا، نامۆبوونی ئەنتۆلۆژی هەست پێ دەکرێت.

(زایەڵەی زرێبار) ئەو ئینسکلۆپیدیا پڕ میهرە یە کە لەڕێی قانیعی مرۆڤ و شاعیرو تێکۆ شەرەوە، نمایشی ئا ستی کۆمەڵگای ئەو سەردەمە دەکات و لەپ دەخا تە سەر زا می پڕ لە خوێن و ئازاری نەخۆ شی و هەژاری و بر سێتی و نەخوێندەوار یەوە، د یارە قانیع لەو نمایشی پێ کەنین و گریا نەدا، شانۆکارێکی پێش سەردەم کەوتوی بە هیمەتی سەرکەوتوەو بە در یژایی لا پەڕەکانی کتێبە کە قانیع لە

رووبەڕووبوو نەوەی دلێرا نەدا بوە لە گەڵ سەرجەم نەخۆشیە کو شندەکانی کۆ مەڵگاداو، ئەوە ندەی بۆی لواب ێت و پ ێی کراب ێت، بە شیعر، بە نوک تە، بە مۆ چیاری، بە تەنزە هونەر یەکانی، پا چکاری لە روو خانی ئەو د یاردە پڕ لە نەهامەتیا نەی کۆ مەڵگای کوردەوار یدا کردوەو، دە توانم بڵێم ئەو کەلتورو ئا ستە روناکبیر یە دەوڵەمە ندەی قانیع بۆ سەردەمەکەی، جۆرێ کە لە رێساذ سی تاکەکە سی ذ یۆ رە شە خەڵکەکەی کوردستان.

# دیوانی سالم لە ئامێزی شیکردنەوەی ئەکادیمیدا

سەر لە پەڕی دیوانی سالمم دەورکردەوە لە دوو بەرگی قەشەنگدا، ئەو بەڕێزانەی کە ئەرکی ساخکردنەوەو لێکدانەوەی ئەم دیوانەیان گرتۆتە ئەستۆ، جەنابی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و هەردوو کوڕەکەی کاک فاتیحی بەهەشتی و کاک موحەمەدن، برای بەڕێزیش کاک صدیق صالح ئامادەی کردوەو ئەرک و ماندووبونی زۆری کێشاوەو دەست خۆشی لێدەکەم.

دەبوو ئەم دیوانە دوای دیوانی نالی بەچاپ گەشتبا، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەگەڵ دواکەوتنەکەشیا، کارەکە فەراهەم هاتوەو

خ شتێکی بە قەدرو قیمەت خراوەتە نێو تەلاری ئەدەبی کوردیەوە.

١- ئەوەی کە بەر لە هەر شت سەرنجی راکێشام، سەرلەبەری چامەکانی سالم خراونەتە ژێر دەواری کێشی عەروزی عەرەبیەوە، ئەم دیاردەو هەنگاوە بەپەلەیە لە دیوانی نالی و مەحوی و کورد یدا نابینرێت، بەندەوای بۆ دەچێت ئەگەر مەلا عەبدولکەریمی مودەریس لە ژیاندا بوایە بەمە قایل نەدەبوو!

سەبارەت بە کێشی رمل (٤+٤+٤)، واتە: فاعلاتن، فاعلاتن، فاعلاتن

و کێشی خەفیف (٤+٤+٤)، واتە: فاعلاتن، متفعلن، فاعلاتن

کێشی متقارب (٣+٣+٣+٣)، واتە: فعولن، فعولن، فعولن

خۆرهەڵاتناسی ناسراو گۆستاف گرنباوم دەڵێت: (بنەچەی ئەم کێشانە فارسی پەهلەوین و بەجۆرێك گۆڕانکاریان تیا

کراوە  کە بە گونجێن لە گەڵ  بارودۆخ و مۆ سیقای  شیعری عەرەبیدا، زۆربەی ئەو شاعیرانەی کە لە خۆرهەڵاتی دورگەی عەرەبیدا ژیاون، لە ڕێگای دەوڵەتۆکەی حیرەوە پەیوەندیان بە ئەدەبی فار سیەوە  کردوەو لە سەر  ئەم  سێ کێشە،  شیعری زۆرتریان و توە، وەك  لە کێشەکانی  تر، وەك أحمد أبی دؤاد الأیادي، المتلمس، طرفة، عدی بن زید، الأعشی)(1).

بەڵام توانیویانە بەجۆرێکی باش بیگونجێنن لەگەڵ شیعری عەرەبیداو  پەرەی  پێ  بدەن. ئە گەر ئێ مە  بەتۆپزی  هەموو چامەکانی سالم بخەینە سەر عەروزی عەرەبی و  بەو پێوەدانگە مامە ڵەی لە گەڵ بکەین،  لە را ستە ر ێی زانستانە لا ئەدەین و زوڵمیش لە سالم دەکەین، چونکە (الزحافات والعلل)ێکی زۆر، خۆ دەهاو نە بوونیادی  شیعرەکەوەو دوا جار بە سەر  شاعیردا دە  شکێتەوە، ئە گەر  بەو پێوەدان گە ب ێت دەتوانر ێت  هەر شیعرێکی ئینگل یزی  یان فەرەن سی بخرێ تە ژ ێر دە سەڵاتی عەروزی عەرەبیەوە!

بەپێی ژمارەی بڕگەو فۆنیمەکان و یەکسانیان لە هەردو بەری بەیتەکەدا. لای بەندە باشتر وایە بڵێین ئەم بەیتە (١٠ یان ١١، یان ١٢، یان... هتد) بڕگەییە، دیارە لەو حاڵەتەدا جۆرێك لە تایبەتمەندی هونەری بواری مۆزیك، بۆ شیعری کوردی چێ دەبێت، دە شێت لەم حاڵە تەدا مەهارەتی شاعیر لە بواری یەکسانی یان لەنگی هەردوو دیوە بەیتە کە بپێوین لەڕوی ژمارەی بڕگە، یان دەنگەکانەوە، دیارە زمانی کوردی کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە زمانی عەرەبی، هەر بۆ نمونە وشەی (برد / مرد / ورچ / کرد) لەگەڵ ئەوەی کە سێ پیتە، بەڵام یەك دەنگ دروست دەکەن، واتە دیاردەی وا لە زمانی عەرەبیدا بەدی ناکرێت، جگە لەمەش کۆمەڵێك جیاوازی تر هەن لەنێوان ئەم دوو زمانەدا کە کاریگەری راستەوخۆیان هەیە بەسەر فۆنیمەکانەوەو نامەوێت لێرەدا درێژەی پێ بدەم، بەکوردی و بەکورتی ئەگەر بەگەزو گرێی خەلیلی فەراهیدی و عەروزی عەرەبی شیعرەکانی سالم

بپێوین، وەك ئەوە دەردەچێت کە کراسێکی بچووك بکەینە بەر لەشێکی قەڵەو، یان بەپێچەوانەوە.

٢- پرۆگرا می را ڤەی چامەکان لە شێوەی تاك تاکی بەیتەکاندا فەراهەم هێنراوە، ئە مە ڕێڕەوێکی ئەکادیمیانە یەو لە راڤەی زۆربەی دیوانەکاندا پەیڕەوکراوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم مەنهەجە لە زۆر لاوە سوودی بەرچاوی هەیە، بەڵام کەم تا زۆر بەکێشەیە، مامەڵەکردن لەگەڵ تاك بەیتا دەبێتە هۆی دابڕانی بەش (جزء) لە کۆ (کلّ)، تەنانەت زۆرجار وێنە یەکی شیعری، یان واتا یەکی قووڵ و فرە ڕەهە ند، لە دوو یان سێ بەیتدا نمایش دەکرێت، بەڵام ئەمان ئەو جۆرە حاڵە نەیان فەرامۆش کردوە، واتە یەکێتی ئۆرگانی (الوحدة العضوية) کە لە هەندێ چامەدا بەدی دەکرێت پشتگوێ خراوە، هەر بۆ نموونە لە (ل١٩)دا سالم مەشهەدی بەحرو کەشتی و موسافیرو مەتاع و غەرق بوونی کێشاوە، کە هەمووی بریتییە لە یەك وێنەی

ئاوێتە لە سێ بەیتا، بەڵام بە جیاجیا راڤە كراوەو نەخراوەتە یەك قاڵبەوە بۆئەوەی دیمەنێكی سەربەخۆ نمایش بكات.

زەورەقە دڵ، دیدەیە دەریاو مەردوم ناخودا

جۆشی خاگر وەك شەپۆل و غەم نەهەنگ، لەنگەر جەفا

جان موسافیر، تاجیرە، ئاهم بوخارو تەن مەتاع

گەمیە غەرقە، دوورە ساحیل، دڵ لەرێی بیم و بەڵا

وایە دەركی خەم بەڕوی دڵما، هەتا دونیا هەیە

دەربچەی شادی بە وەعدەی تا قیامەت داخرا (٢)

هەروەها لە (ل٢٧)دا یەك واتا نمایش كراوە لە دووبەیتدا، بەشێوەی پرسیارو وەڵام، بەڵام هێما بۆ یەك مەبەستی و یەك دیمەنی ئەم دووبەیتە پێكرا نەكراوە:

بە تاجی فەقر، ئەگەر ئەدهەم صیفەت جۆیایی سوڵگانی

لە تەختی سەڵگهنەت هەڵسە، وەرە ژێر خەرقەیی مەولا

دڵا! هەركەس دەپرسێ لێت: لەمەولا كێیە مەقصوودت

بڵێ مەولایی دەروێشان، عەلیی عالیی ئەعلا (٣)

دیارە لەم بوارەدا ئێجگار نموونەم زۆرەو ئەوەندە بەسە. با ئەوە شم لەیاد نە چێت کە جار هە یە (ف عل ال شرط) لە بەیتێکدا یەو ( جواب ال شرط) لە بەیتێکی تردا یە، یان بەپێچەوانەوە لە چوارچێوەی پاش‌وپێشدا، بەڵام بە ستنەوەی ئەم دوو بەیتە لەیەك واتاو مەشهەددا پشتگوێ خراوە، د یارە ئە مە لادا نە لە مەذ هەجی را ڤەو رونکرد نەوەو دڵذ یاکردنی خوێنەر.

٣- بۆنەی چامەکان دیاری نەکراوە، بەپێچەوانەی د یوانی مصطفی بەگی کورد یەوە کە زۆر بەی مونا سەبەی چامەکانی د یاریکردوە، من وای دەبینم ساخ کەرەوە (مح قق) ئە گەر ورد تر مامە ڵە لە گەڵ کۆی چامەکەدا بکات وەك یەکە یەکی ئۆرگانی (الوحدة العضوية)، دەتوانێت لە پەراوێزدا هێما بۆ دەستنیشانکردنی هەندێك چامە بکات.

٤- لە چەند بۆنەیە کدا هۆنراوەی سالم و م صطفی بەگی کوردی تێك ئالاون و هی سالم بەکوردی و هی کوردیش بە

سالم پێ شاندراوە، دە کرا ئەم بابە تە کێو ماڵی زۆر تری بۆ بکرایەو باشتر ساخ کرایەتەوە.

٥- سالمی ساحێبقڕان نالی ئاسا، کەم تا زۆر گرنگی داوە بە زانستەکانی جوان ئارایی (العلوم البدیعیة)، چونکە ئەم زانستی جوان ئاراییە ئەگەر زۆر لەخۆکردنی تیا نەبێت و بە خۆرسکی بەدەستەوە بێت، دەبێتە خاڵی بەهێزو داهێنان بۆ شاعیر، بەڵام ساخکەرەوان ئەمەیان پشتگوێ خستوە، وا تە مافی داهێنانی سالمیان خواردوە، دە بوو لا یەك لە مە بکرایە تەوە، چونکە بەکارهێنانی ئەم زانستە یەکێ کە لە خە سڵەتەکانی شیعری کلا سیکی کوردی، تەنا نەت شیعری سەردەمی نالی لای عەرە بەکانی عیراق، هەمان مۆرکی گرنگ یدان بە زانستی جوان ئارایی پێوە یەو جێ گای گرنگیدانیان بوەو بە یەکێك لە داهێنانەکانیان ئەژمار کردوە، نازانم بۆ ئەم حاڵەتە بۆ نالی و مەحوی بەکارهێنراوە، بەڵام بۆ سالم پشتگوێ خراوە؟!

٦- یەکێك لە کۆڵەکەکانی ساخکردنەوەی دەق، تێگەیشتنی وردی واتاو چەشنی ئەدەبی ساف و ڕون و پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئەم بوارە یە، بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنی واتا یەك یان وشەو دەستەواژەیەك لەنێو چەند واتاو دەستەواژەی تردا، واتە ساخکەرەوە ئەو دەسەڵاتەی پێ دراوە، بەمەرجێك بژاردەکەی دروست و با بەتی بێت و نزیك بێت لە ئاوو هەوای چامەکەو فەلسەفەی داهێنانی شاعیرەکەوە.

تکایە با خوێنەر سەیری ئەم نمونەیە بکات لەنێوان دەیان نمونەی لەم شێوەیەدا:

سالم دەڵێت:

با وجودی عەلەفی دەشت و زەلی

ئارەزوی هیچی نیە غەیری کەما [٤]

چامەکە وەسفی ئەسپێکی خوێڕیە لە سنە، کە وازی لە عەلەفی دەشت و زەل هێناوەو بەرەو کەما خواردن ڕۆشتووە،

ئیتر نازانم دە شتی زەڵ ێی چی؟! ئە مە چ بژاردەیە کە؟ چۆن وادەبێت؟!

٧- یەکێك لە ئەرکە سەرەتاییەکانی ساخ کەرەوە (محقق) ئەوە یە کە هەر ناو ێك، جێگاب ێت یان کەس... یان...هـتد دەبێت زانیاری وردو باوەڕپێکراوو بابەتی لەسەر بداو ساخی بکا تەوە، لە لا پەڕە (٦٣)دا چامەیەکی دورو در ێژ لەژێر سەرناوی (در وصف عزیز بگ بابان) نوسراوە، بەڵام زانیاری ورد لەسەر ئەم زاتی عزیز بەگە نەنوسراوە، کێ یە؟ کارە کەی؟ لەکوێ ژیاوە؟ کەی لە ژیاندا بوە؟.

هەر بۆ بەر چاوڕوونی خوێ نەری ئازیزو ساخکەرەوانانی هێژای دیوانی سالم، سێ عەزیز بەگی با بان هە یە: ١- عەزیز بەگی پیرمەسوور، کوڕی عبدالرحمن پا شایە، ناوی هاتوە بە پا ڵەوانی شەڕی پیرمە سوور. ٢- عەزیز بەگی کوڕی ئە حمەد پا شا کوڕی سلێمان پا شا کوڕی محمود پا شا کوڕی خالید پا شای یە کەم، کە ئەکا تە ئامۆزای ع بدالرحمن پا شا، ٣-

ع بدالعزیز بەگ کوڕی مح مود پا شا کوڕی خال ید پا شای یەکەم، کە ئەکاتە برای عبدالرحمن پاشای بابان.

مەبە ست لە عەزیز بەگ لە دیوانە کەدا، عەزیز بەگی پیرمە سوورە، کە خاوەنی هە شت (٨) کوڕ بوە، ١– سلیمان بەگ، ٢–مح مود بەگی جەراح، ٣–عو سمان بەگ، ٤–کوێ خا هۆمەر، ٥–با پیرەی سێتەڵانێکان، ٥–خەسرەو بەگ، ٦–فەرهاد بەگ، ٧–مستەفا بەگ، ٨–حەمەوبەگ.

را پەڕینی عەزیز بەگ بۆ ئە ستاندنەوەی حکو مەتی با بان بوو، ئەوەبو هەوڵی دا کە ه ێزی زۆر لە خز مان و سوارەی عەشایەرو (٥٠٠) سواری بنەماڵەی هەمەوەند بۆ گەڕاندنەوەی ئی مارەت بۆ قەڵا چوالان بەگ شتی، رۆژ ێك عەزیز بەگ لە گەڵ سوارەی خۆی هات بۆ سلێمانی حکومەت لە توانایدا نەمابوو بەرگری لێبِ کات، لە شکری عو سمانی لە تر سی عەزیز بەگ ئارامی لێ هەڵگیرابوو، عەزیز بەگ خۆی لە سەر بەرزای یەك راوە ستا، حە مەمین بەگی کوڕی عو سمان بەگی برازای و

قادربەگ‌و حەسەن بەگی برای ئەحمەد پا شای لە گەڵ هە ندێك لە تایەفەی با بانی  بۆ گرتنی  سلێمانی  نارد، لەولاوە سما یل پاشا تۆپەكانی لەسەربانی سەرا دابەست، فەرمانی تە قەی دا، بەجاریێ (٢٠٠٠) گولـلە دە باری، سوارەی با بان لە بەر زۆری گولـلەو تۆ پەكان سەریان لێ شێوا  لە كۆڵا نەكانی  سلێمانیدا، حەمەمین بەگی كوڕی عو سمان بەگی  برازای بریندار ئەبێت، بەڵام بە بریـنداری خۆی دەر باز ئەكات، دوای سێ رۆژ لە بەر زۆری خوێن رشتن، لە گوندی قەپیلك كۆ چی دوا یی دە كات، قادر بەگ و حە سەن  بەگی  برای‌و برا كانی ئە حمەد پا شاو سلێمان  بەگی هەڵە بجەیی  بە د یل  ئەگیرێن و عەزیز بەگیش رادە  كات (گۆ  ڤاری با  بان،   پایزی ٢٠١٦، ژ  مارە ٢٢، ئامادەكردنی فوئاد محمود عبدالله بابان).

لە د یوانی م صطفی  بەگی كورد یدا  ئەم وردەكاریا نە بەجوانی  ئەنجام دراوەو دە شێت بوترێت، ئەوەی لە د یوانی مصطفی بەگی كورد یدا بەدی دەكرێت، هەم ساخ كرد نەوە،

هەم را ڤەی وردو شیاو هەم ئاوڕدا نەوە لە مێژوی ئەوکاتی سلێمانی و دەوروبەر یەتی. هەروەها لە لا پەڕە (٩٧)دا سالم وە سفی ع بدالله بەگ ناو ێك دە كات كە هیچ چی لەبارەوە نەوتراوەو بە نەنا سراوی ماوە تەوە، بۆ هە ندێك ناوی تر، ساخكەرەوان زۆر بەكورتی شتیان لەسەر و توەو ئە مە نا چێتە خانەی ساخكردنەوەوە.

هە ندێك ناوی تری خۆر هەڵاتی (رو بار، شار، جێ گا) لە ئێستادا گۆڕراون و ناوە كۆنە كە چۆتە فەرهەنگەوە، دەبێت ساخكەرەوە هێما بۆ هەموو ئەمانە بكاو خوێنەر دڵنیا كاتەوە، خوێنەری ئێستا كاتێك كە ناوی هەردوو رو باری (سەیحون / یان جەیحون یان ئەكبەتانە) یان (طوس) دەبیستێ، سەری لێ دەرنا كاو ئە مە كاری ساخكەرەوەیە كە زاذ یاری بداتێ، زاناكانی بواری تەحقیقی وەك عبدالسلام هارون و سامی مكی الـ عانی، هەمیـ شە پێ لە سەر ئەوە دادە گرن، كە مەرج نـ یە خوێنەر هەموو شتێك بزا نێ، دەبێت چاو ساخ و رێپیشاندەر

لەم بوارەدا هەر (محقق) بێت، ناكرێت خوێنەر بۆ ناسینی هەر ناوو جێگا یەك و یڵ بـ یت و  بەدوای سەر چاوەدا بـ گەڕێت، چونكە ئەمە ئیشی ئەو نیە.

٨- ئەو فەرهەنـگەی كە لە كۆتاییدا كراوە بۆ دیوانە كە كارێكی باشەو جێگای دەستخۆشیە، ریزبەندی پیتەكان (ا، ب، ت، پ، ج، ح، خ، د....هـ تد) لە سەر شێوازە كۆنە كەی حوجرە یە، ئەم ریزبەند یە لەم زە مین و زەما نەی ئێ ستادا بەكارنابرێ و ئێستا ریزبەندی (أبجد / هوز / حطي...هـتد) گرنـگی پێ ئەدرێ و لە زانـكۆو خوێندنگەكا ندا بەكاردەهێنرێت. بەندە ئەوەم پێ باشتر بوو كە فەرهەنگی ناو و جێگا بەجیا بوونایە، بۆ ئاسانكاری بەردەم خوێنەر، چونكە لە زۆر بەی كارە ئەكادیمیەكا ندا ئەم جۆرە خشتەیە پەیڕەو دەكرێت و لەم دیوانەشدا ناوگەلێكی فرە سەری دەرهێناوە.

سەبارەت بە را ڤەو لێكدا نەوەی بەیتەكان تێبینیم زۆرەو ناكر یت لـ یرەدا هەمووی بنو سم، تێبینیـ یەكانم لە چەند

نموونەیە کدا دەخە مە بەردەم خوێ نەری ئازیزەوەو ئە گەر فر سەت هەبوو لە دا هاتودا ز یاتر شیکردنەوە لە سەر لێکدانەوەکان ئەنجام دەدەم.

١- خۆزگە دەمزانی لە تارانێ نەجاتم کەی دەبێ
کۆیی یارە مەشهەدم، یا مەدفەنم هەر ڕەی دەبێ (٥)

ئەوەی کە روو نە لێرەدا مەبە ست لە (مە شهەدم) شوێنی شەهیدبوونە نەك شاری مەشهەد کە گڵکۆی ئیمام ڕەزای لێیە، دە ئەوان وتویا نە: (ئاخۆ جێی شەهیدبوونی من، یا شاری پیرۆزی (مە شهەد)ی من...هـ تد)، لێ کدەرەوە دەبێت بژاردە بەهێزو بابەتیەکە دابنێت، نەك هەردوکیان بخا تە ئا ستێکەوە، لەهەمان بەیتداو لە هەندێ بەیتی تریشدا ناوی (ری) هاتوە، بەڵام ئەمان هەر ئەوە ندەیان و توە کە شارێکە لە ئێران، بێ ئەوەی باشتر پێنا سەو شوێنەکەی دەربڕن و بزانین ئا یا ئەو ناوە وەك خۆی ماوە، یان گۆڕانکاری تیا کراوە، یان بۆ تە ناوێکی تر.

٢- سالم دەڵێت:

نەهری ئەشکم بۆ مەداری دڵ گەلێ نەفعی هەیە

ناگەڕێ سەنگ ئاسیا، تا قوەتی ئاوی نەبێ [٦]

بەم شێوەیە راڤە کراوە: (روباری فرمێسکی چاوم بۆ سوڕی خوێنی د ڵم گەلێ سودو قازانجی هە یە، چونکە بەرداش بە هـ ێزی ئاو نەبێ نا گەڕێ). ئەم راڤە یە حەرفـ یەو ئەودیوی بەیتە کەی لـ یك نەداوە تەوە، کە شاعیر مەبە ستی چیەو واتا کەش بەو شێوەیە مـ کانیکی نـ یە، شاعیر دە یەوێت پەیوەندیە ئۆرگانیەکەی نێوان فرمێسك و ترپەی دڵ دەربڕێت و لەو نێوانەوە خە مە گەورە کەی بە فرمێسکی زۆر دەربڕێت، نزیك لەم واتایە نالی دەڵێت:

ناری سینەم گەر نەبێت غەرقم ئەمن

ئاوی چاوم گەر نەبێ سوتاوم ئەز [٧]

هەر لەم بۆنەیەدا ئیبن فارض دەڵێت:

**لولا دموعي أحرقني زفيري**

**لولا زفيري أغرقتني دموعي** (٨)

٣- سالم دەڵێت:

**مەنعی موژگانت مەکە، با باجی خۆی بگرێ لە دڵ**

**شەه بە لەشکر چی بدا، گەر کیشوەری ساوی نەبێ** (٩)

را ڤەی لێک چواندنەکە کورتی هێ ناوە، موژ گانی یار لێکچوێنراوە بە ( شاه) نەك لە شکر، چونکە ج یاوازی زۆرە لەنێوان ئەم دوانەدا.

٤- سالم دەڵێت:

**بەردە بۆ دڵ داشی جانم، دەرنەکا گەر حوکمی خاڵ**

**داوی بەر نووی بۆسەیە گەر داشی کوژراوی نەبێ** (١٠)

راڤەکەران یاری دا مەو تاو ڵەیان لیٚ تیٚکچوە، چونکە داش بۆ دامە بەکاردیٚت، نەك تاوڵە وەك ئەوان وتویانە، بۆ دۆمینەو تاوڵەش پول بەکاردیٚت.

٥- سالم دەڵیٚت:

میهری ڕووت بەسکی لەدڵمایە، شەوی هیجرانت

نیمە یەك زەڕرە لە رۆژا هەوەسی روئیەتی تۆ [11]

دەبێت ساخکەرەوە هەڵویٚستی هەبیٚت بەرام بەر دوودڵ بوون لە سەر و شەیەك و تەرجیح بکات، بە بۆ چونی بە ندە لەجیاتی و شەی (بە سکی) و شەی (عەکسی) کە رەنگدا نەوە دە کات، واتا کەی جیٚگیر تر دەبیٚت لەم حاڵە تەدا، هەر چەندە خودی بەیتە کە واتا کەی هەر ناجیٚگیرەو مشەوە شەو دە بوو ساخکەرەوە ئەمەی روونکردایەتەوە.

٦- سالم دەڵێت:

**تۆ بەچاو عەینی غەزالی و لەچاو عاشقی زار**

**شێری خوونرێزی شکاری نییەتی صەولەتی تۆ [١٢]**

لەجیاتی (شکاری) ڕاسترە بوترێت (شکارە)، چونکە نیوەی ڕستەکە (شێری خوونرێزی شکارە)، تەواوکەرەکەشی (ذیەتی صەولەتی تۆ)، هەڵەیەکی تر کە هاتۆتە گۆڕێ دەبوو لەجیاتی (نییەتی) بوترا یە (ذیەتی) چونکە (نییەت) واتای مەقصەدو مەبەستەو (نیەتی) لە نەبونەوە هاتوە، دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە شێوە نوسینی ئەوسا جیاوازە لەگەڵ ئێستاداو دەبێت ساخکەرەوە بەوردی سەرنجی ئەمە بدات و ڕێنوسی ئێستا هەڵبژێرێت.

٧- سالم دەڵێت:

**نەمەکت حوججەتی خووبی بو لەسەر صەفحەیی ڕوو**

**خاتیمەی حوسنە کەوا (صح)ەیی لێ دا خەتی تۆ [١٣]**

بەیتە کە وا را ڤە کراوە ( سوێری و خو ێداریی تۆ بە سەر لاپەڕەی ڕووتەوە، بوە بە بەڵگەی سەلماندنی جوانیت...هتد) راڤەکە دەری نەخستوە کە مەبە ست لە (سوێری و خوێداری چیە؟) ئایا دەم و چاوی سوێر هەیە؟ مەبەست لە سوێر چیە؟

لە کوردەواریدا (نمەك) بۆ وە فا بەکاردەهێنرێت، دەوترێت فلاّن بە نمە کە وا تە بەوەفا یە، مەبە ست (م لح و زادە کەی) عەرەبە. واتە، نمەك کنایەیە لە (وەفا) لە بواری کۆمەلاّیەتیدا، لە هە ندێك شوێندا مەبە ست لە سوێری ئافرەت بۆ خوێن گەرمی بەکاردێت.

٨- سالم دەڵێت:

هەناسەی سەردی من دێنێ زمستان
گڕەی گەرمی دڵم هاوینە بێ تۆ (١٤)

وا لێکدراوە تەوە ( کە بێ بالاّی تۆ هەنا سەی ساردم دەردەچێ...هتد) کەی لە بەیتەکەدا شتی وا هاتوە؟! راڤەکە لە

سنووری خۆی دەرچووەو شتی تری خراوەتە سەر، ئەمە پێی دەوترێت (تحميل)، واتە زیاد لە توانای خۆی بارکراوە.

٩- سالم دەڵێت:

**لە سینەمدا صەدای ناڵینە بێ تۆ**

**دڵی زارم بەسێ غەمگینە بێ تۆ (١٥)**

داڕشتنی ڕاڤەکەی لاوازو بێ گریکە، ناشێت مەتنەکە سفت و سۆڵ و بەهێز بێت و ڕاڤەکەی لە ئاستیا نەبێت، ڕاڤەی (بێ تۆ) واکراوە (کە بێ تۆم)!!.

١٠- سالم دەڵێت:

**تەفەڕووجگاهی دڵ گوڵزاری ڕووتە**

**هەتا زەنجیرەیی زەنجیری مووتە (١٦)**

ڕاڤەی نیوە دێڕی یەکەم دیارو ئاشکرایە، بەڵام واتای نیوە دێڕی دووەم وەك لە ڕاڤەکەیدا هاتوە نایەتەوە، دەبوو هێما بۆ

ئەم نەساچانە بکرایەو کێشەکە چ لە ساخکردنەوە چ لە جۆری راڤەکەدا یە، ئەوان وا یان لێکداوە تەوە ( باخی روخ سارت سەیرانگای دڵە تا بە زنجیری مووی ئەگریجەت زنجیرکراو بێ)، بەتەنیا مەبەستی سالم لەو تەناسوبەیە کە لەنێوان جوانی دەم و چاوو کاکۆڵی لوولدایە، لەراستیدا خودی بەیتەکە بەدەرە لە شیعریەت و جۆر ێك لە درێژکرد نەوەی بێ ما نای تێدا یەو ئەمانیش (حرفیا) راڤەیان کردوە.

١١- سالم دەڵێت:

بمێنێ رەونەقی یاقوتی لێوت

هەتا بۆ ئەم غەریبی ڕووتە قووتە (١٧)

سەرەتای بەیتە کە تەمەننا یە یان دوعا یە لە شێوەی فەرما ندا (بمێ نێ)، لە راڤە کەدا با سی ( شێت و سەودا سەر) هاتوە، بەدەر لە مەتنە کە!! وا تە ئیزافە یەکی دوور لە سیاقی بەیتەکەی خراوەتە سەر.

١٢- سالم دەڵێت:

**سەوادی ڤیرگون شەبها لە نوسخەی عەنبەرین مووتە**

**سەراسەر ڕەونەقی دونیا لە عەکسی ئاینەی ڕووتە** (١٨)

داڕ شتنی راڤە کە لاوازەو مەبە ستی نەپێکاوە، هەردوو وێنە کە (تـ شبیه مقـ لوب)ە، وا تە تاریکی شەو وەك موە ڕەشەکانتە، ڕەونەقی جوانی هەموو دنیا وەك ئاوێنەی روو تە، وا تە شاعیر موبالە غەی لە ڕە شی مووی یارو جوانی دەم و چاویا کردوە.

١٣- سالم دەڵێت:

**خەمی قەددم لە غەمدا شێوەیی ئەبرووتە تامووتە**

**بەدایم پێچشی خاطر وەکوو گێسووتە تابووتە** (١٩)

ساخکەرەوان راڤەیەکی حەرفی بەیتەکەیان کردوە بۆ پێش و پا شکردنی و شەو دە ستەواژەکان، ناکر ێت شیعر وا لێکبدرێ تەوە، دوا و شەی بەیتە کە (تابوو تە)،

لێکدانەوەکەرانیش هەر لە کۆتایدا لە ئاستی ئەو وتویانە (ئەوەتی هەتبوە)! بێ ئەوەی پاش و پێش لە دارشتنەکەدا بکەن و جێگای کرداری شەرت و وەڵامەکەی بدۆزنەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بە غەفڵەت ئەمەشیان بۆ زیادکردوە، کە هیچ واتا یەك نادات بەدەستەوە (بەدرێژایی مووی ئەگریجەکانت هاتوە)!! دیارە ئەگەر بەیتەکە ئاوا بە حەرفی راڤە نەکرایە تووشی ئەوە نەئەبوون، چونکە راڤەی بەیت دەبێت واتایی بێت نەك وشەیی.

١٤- سالم دەڵێت:

**خەیاڵم یێژە وەك ئەڵماس و هەم لەم فیکرەدا کۆڵە**

**لەبانی خاتەمی دڵبەر مەگەر یاقووتە، یاقووتە** (٢٠)

دارشتنی راڤە کەلاوازە، لەجیاتی بلێن (لێوە ئەنگوستیلەییەکانی دڵبەر کە دەمیەتی) وتویانە (لێوەکانی

ئەنگوستیلەی دڵبەر)!!، دەبێت لەجیاتی (خا تەمی) بوترێت (خاتەمیی)، واتە (خاتەمی) سیفەتە بۆ (لێو).

١٥- سالم دەڵێت:

بەیادی ماهی گوڵ روخ ئەشکی خوێن وا دێ لە دیدەمدا
کەنارم هەر گهرەف، تێ دەفکرم، وەك عەینی گوڵزارە [٢١]

را ڤەی بەیتە کە حەرفێ یەو پێ بە پێ لە گەڵ و شەکانی بەیتەکەدا هاتوە، تەنانەت مەتنی (تێ دەفکرم) رێك لە ئاستی (وەك بیردەکە مەوە) دا بەزیوە، ئەم شێوە راڤە یە بە لاواز دەژمێرێ و نەتوانراوە پاش و پێش لە مەبنای راڤە کەدا بکرێت. با ئەوەش بڵێم کە رستەی (عەینی گوڵزارە)، عەین لێرەدا بەواتای سەر چاوە نا یەت، بەڵکو بەواتای ( هەروەك خۆی عەینەن) دێت، کە لە گرا مەردا بە وشەیەکی سووربون (تأکید) هەژمار دەکرێت.

١٦- سالم دەڵێت:

**ڕەفیقان! ئێوە گەر ئاشوفتەیی یارانی ئەکرادن**

**بە شۆخی، دلبەری من خوسرەوی خووبانی کیشمیرە [٢٢]**

وەك  لە راڤە کەدا دەردە کەوێت دە ستەواژەی (بە شۆخی) ڕۆ ڵی وا تایی د یار ذ یە، وا تای (بە شۆخی) یەکسانە  بە ( لە شۆخیا)، لەوەدەچێت راستکردنەوەی کێش، سالمی تووشی ئەم  چورتمە کردبێت، لەلا یەکی  ترەوە (بە شۆخی)  بەواتای (گاڵتەکردن)یش دێت، چونکە سالم لە دڵبەری ئەکرادەوە بازی داوە بۆ کیشمیر!!

١٧- سالم دەڵێت:

**لە دەوری ناری ڕوو، زوڵفت مەجوسانی سەرەفگەندەن**

**لە تابی فەرقی مەی ئەو کافرانە جوملە هەڵسێنە**

سالم لەم بەیتەدا باسی ئەهەمیەتی گوڕو کڵپەی مەی دەکات، بەڵام لە راڤەکەدا بەهیچ شێوەیەك باسی مەی نەکراوە!!

١٨- سالم دەڵێت:

جوملە ئەجرامی فەلەك مەحون لە نوکتەی خاڵی رووت

مە لە سەیری عاریچت، وەك من بە دایم موشتەری (٢٣)

مەبەست لە (موشتەری) ئەستێرەی موشتەریە، نەك وەك ئەوەی راڤەکەران وتویانە (کڕیار)، واتە: یار وەك ئەستێرەی موشتەریەو تەنانەت مانگیش هەر سەیرکەریەتی.

١٩- سالم دەڵێت:

بە خودایێ کە رۆژو شەو دێنێ

دڵی من هەر ویصاڵی ئەو دێنێ (٢٤)

ئەم بەیتە وەزنە کەی (١٠) بڕگەیە یەو کێشێکی رەسەنی کوردیەو مەولەوی و بێسارانی و زۆربەی شاعیرەکانی زاراوەی گۆران لەسەر ئەمە شیعریان وتوە، ئیتر نازانم بۆ پێی بوترێت (کێشی خەفیفی شەشی مەخبونی ئەصلەم)؟!

٢٠- سالم دەڵێت:

**لە میصری دڵبەری تەنگی دەهانت**

**شکستی قیمەتی قەندو نەباتە [٢٥]**

وا لێکدراوەتەوە (دەمی چکۆلەو تەسکی دڵبەری تۆ ولاتی میسرە....) من تێنا گەم بۆ چی دەمی بچکۆلەی یار لێک بچوێنرێت بە میسر؟! وەجهی شەبەهەکە چیە؟! دەبوو ساخکەرەوانی دیوانە کە زیاتر لێکۆڵینەوەیان لەو شەی (میصر) بکردایە، یان هێمایان بۆ نەساچانەکە بکردایە. تۆ بڵێی لەجیاتی میصر (میهر) نەبووبێ و ئەمەهەڵەی دەستنووس نەبێت؟ دەبێت ساخکەرەوە هەموو ئەمانە تاوتوێ

بکات، نەك ئاوا بەسەریا تێپەڕێت. را ڤەو لێکدا نەوەی د یوانی نالی و مەحوی و مەولەوی لەڕوی سەبك و داڕشتنەوە، سفت و سۆڵ و سەرکەوتووترن لەمەی سالم. دوا وشەم:

تەنیا مەبەست لەم وتارە هاوبەشیکردنە لە با شتر نا سینی سالم و میـ ڤات کرد نی داهێنا نەکانێتی لە سەر د ڵی م ێژوی شیعری کلاسیکی کوردی، د یارە بذکەی ژێنیش لەم بوارەدا رۆ ڵی دڵ سۆزانەی بەر چاوی بیذ یوەو مەر جە پ شتگیری هەمەلایەنەی لیٚ بکرێت بۆ باشتر گەیاندن و خەملاٚندنی پەیام و پرۆژە پیرۆزەکانی.

## سەرچاوەکان:

١. درا سات في الأدب العر بي / غو ستاف  فون غرز باوم /ترجمة احسان عباس / أنيس فريحة / محمد يوسف نجم / كمال يازجي– دار مكتبة الحياة / بيروت / ١٩٥٩ / ص٢٦٦.

هەروەها بنوارِە: المجله الا سيوية (٢) ص٢٢١ / ١٩٣٠، لە سەرچاوەی یەکەمدا ئاماژە بۆ ئەم گۆڤارە کراوە.

٢. دیوانی سالم ل٨ / بەرگی یەکەم و دوەم / بنکەی ژین / ٢٠١٥.

٣. دیوانی سالم ل٢٧.

٤. دیوانی سالم ل٣٥.

٥. دیوانی سالم ل٩٨٣.

٦. دیوانی سالم ل٩٩٠.

٧. دیوانی نالی.

٨. دیوان ابن الفارض.

٩. دیوانی سالم ل٩٩١.

١٠. دیوانی سالم ل٩٩٢.

١١. دیوانی سالم ل٩٩٢.

١٢. دیوانی سالم ل٧٢٥.

١٣. دیوانی سالم ل٧٢٦.

١٤. دیوانی سالم ل٩٩١.

١٥. دیوانی سالم ل٧٢٧.

١٦. دیوانی سالم ل٧٤٧.

١٧. دیوانی سالم ل٧٤٨.

١٨. دیوانی سالم ل٧٤٢.

١٩. دیوانی سالم ل٧٤٥.

٢٠. دیوانی سالم ل٧٥٤.

٢١. دیوانی سالم ل٧٥٤.

٢٢. دیوانی سالم ل٧٦٩.

٢٣. دیوانی سالم ل٨٩٩.

٢٤. دیوانی سالم ل١٠٢٠.

٢٥. دیوانی سالم ل٧٣٨.

# دەقی کراوە لە هۆنراوەکانی مەحویدا

شیتەڵ کردن[1] و خوێند نەوەی دە قە کۆ نەکان بە د ید و پێوا نەو سیـ ستمی ڕوو ناکبیریی نوێی سەردەمی ڕۆ بۆت و ئیذ تەرنێت هەر لەخۆ یەوە جۆرە سرکی و سڵەمینەوەیەك دێنێـ تە گۆڕیّ، د یارە ئەم هەو ڵە موغا مەرە ئامێزە دە شێت چەپکیّ بنەما و مەرجی تایبەتی خۆی هەبێت، کە هە ندێکیان پەیوەندی بە خودی خوێنەرو ڕەخنەگرەوە هە یە وەك ئا ست و بەهرە، هە ندێکی تر یان پەیوە ندی ئۆر گانی بە سیـ ستمی فۆرمەڵەبوونی دەقەوە هەیە:

هەندێك مەرجی تری ئەو خوێندنەوە یە بە ندە بە ڕە گەزی بابەتەکەوە، دەقی ئەدەبی کراوە ئەو تێکستە دەوڵەمەندەیە کە دەتوانێت هەموو تاقیکردنەوە دەوڵەمەند و ئەبستمۆلۆژیەکانی

ڕەخنەگر هەڵمژیٚو پەنجەرەی دەوڵەمەندکردنی دەق لە بەردەم خویٚنەردا بخاتە سەرپشت، پێدەچێت هەندێك جار هیٚند ڕاوبۆچوونی بەهێزو فرەلك لەسەر دەقێك لە خودی دەقەکە وروژێنەرتربێت، دەقی کراوە، هەموو خوێندنەوەیەکی نوێی ژیرانە دەوڵەمەندتری دەکاتو نهێنی داهێنانەکانی باشتر والاّ دەکات، مەرج نییە دەقی کراوە لە بەردەم هەستو بیری خویٚنەردا پابەند بێت بە تەنیا لایەنی هونەریو بەدیهاتنی مەرجەپۆزەتیڤیەکانی میتافۆر، بەڵکو ناوەڕۆکە دەوڵەمەندەکانیشی، یان ئەو تێکستانەی کەکیٚشە مرۆڤایەتیو ئەنتۆلۆژیو ژیاریەکان بەرجەستە دەکات، بەپێچەوانەی دەقی کراوەوە دەقی داخراو هەرگیز ناتوانێت وەلاّمی تیورە نویٚکانی ڕەخنە بداتەوەو خویٚنەریش بخاتە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوەی قووڵو چەند لایەنە، جگە لەوەش لە چەقی خاڵیٚکدا وەستاوەو کونبڕ بووە، قسەکردن لە سەر هۆنراوەکانی مەحویی مەزن، دەشێت پانتاییەکی گەورەی فرە

مەودا بگرێتە خۆ، دیارە فرە مەودابیش حاڵەتێكی ڕەهای وا نی یە كە شیعرەكانی سنوور بەند یەكی ئەوتۆ بكرێن، وەك ئەوەی كە پەیوەندی ئۆرگانی لەنێوانیاندا نەمابێتو كۆمەڵە كێڵگە یەكی بە یەك نامۆ بن، تێكستەكانی دیوانی مەحوی زادەی بیرو ئەندێشەو عەبقەر یەتو داڕشتنو ڕێكخستنی خودی مەحوین، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بكرێت ئاستی هەموو تێكستەكان چوون یەك نین لەبەر كۆمەڵێك هۆی خودیو بابەتی، چونكە ئەو هۆنراوانە لە كاتو تەمەنو ڕووداوی جیاجیادا نووسراون، ئەمە جگە لەوەی كە هەندێك بابەت بۆ شیعر پتر مل دەدا وەك لە بابەتێكی دی.

دیارە ئەم هۆكارانە ڕەنگڕێژی تیروزمی داهێنان لە ئاستو بۆنو بەرامەی شیعردا دەكەن، ئەوی ڕاستی بێت كەم تابێشیٚ فر سەت بۆ لێدوانو توێژینەوە لە سەر مەحوی لەبارو هەڵكەوتووتر بووە وەك لە ( سالمو كوردی)، دیارە ئەم دووانەش كەمتر نەبوون لە مەحوی، بەڵام لەبەر ئەوەی كە

( نالی‌و مەحوی) زانا یەکی گەورەی وەك مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ڕاڤەی کردوون، ئیتر کەمتر خەڵك بەلایا ندا دەچێت چونکە مامۆستا حەقی تەواوی خۆی داونەتێ. با بەتی دەقی کراوە لای مەحوی تا ئێستا دەستی بۆ نەبراوەو پێویستی بە میتۆدی هیرمونتیکا هەیە کە ئەویش لە ئاست تاك گەرایی توێژەرەوەدا پەرت پەرت دەبێت، دیارە تاك گەرایی مەبەست لە دا بڕان‌و ئامرازگەریا نەی خود (الألية) نییە لە پرۆسەی ڕووناکبیریدا وەك دیاردەیەکی سوسولۆژی، دەقی کراوە لای مەحوی ئەو تێکستە داهێنراوانەیە کە چاوە قرژاڵییەکانی شیعرییەتی تیا ئەدرەوشێتەوە، خورپەی نهێنی داهێنانەکان وەك برووسکە لە مێشکی خوێنەردا بارانی جوانی‌و تەئویلی سەرتەڵانە دەبارێنێ، پرۆگرامی ئەم نووسینە دەستنیشان کردنی چەند بەیتێکی کراوەیە کە لە سێبەری نێوانیا نەوە دەشێت خوێنەری پسپۆڕ کەشفی گەلێ پاژتایی‌و دورگەی نەبینراوو دلۆڤانی ئەوتۆ بکات کە لە ئەنجامدا شیعرییەت

بکاتە دەستە گوڵو دەستنیشانی عەبقەریەتو دنیابینی دە قە سەرکەوتووەکانی مەحوی پیٚ بکات.

١- مەحوی دەڵێت:

لە هەر جێ یەك هەڵیٚ خور شیدی عیـ شقی گوڵ ڕۆ خان

"مەحوی"(٢)

ئەگەر عەقڵی ببیٚ، لەو جێگە ئاونگی عەقڵ چبکا؟!

شیعرییەتی ئەم بەیـ تە بەر لە هەر شت مەئلوف کرد نی نامەئلو فە، لە سیـ ستمی باوی داهێنا نە جۆر بەجۆرەکانی شاعیرانی ترو هەڵفڕین ڕووەو لوتـ کە بەرزەکانی داهێـ نان، ئەقڵانیەتی نێوبەیتەکە –نەك دەرەوەی– بۆ تە ئاونگو لە گەڵ هەڵهاتنی لیزگی خۆردا دەبێتە هەڵمو لەبەردەم سوپای خۆری عیـ شقا دەپرنگێـ تەوە، مەحوی وە ستایانە ئەوەی بەرجە ستە کردووە کە پانتاییـ یەکی شێواو (مـ ساحة مـ توترة) لە ـ ذ ێوان هـ ێزی عەقڵ –بەپیٚ چەوانەی ڕۆ شنبیری باوەوە– شکـ ستی لە بەردەم وزە میتافیزیکـ یەکانی خۆشەویـ ستیدا هێـ ناوە، ئەو

شێواوی و دژیەکبوو نە لە ذ یوان گەرمای خۆشەوی ستی و ئاونگی عەقلا داینەمۆی داهێنانەکە یە، ڕولان بارت دەڵێت:[٣] (دەقی لەزەت ئامێز ئەو دەقەیە کە دڵنیامان دەکات، چالاکی و پڕبوو نمان پیّ دەبەخ شیّ و د یارە ئەو دەقا نەش زادەی ڕۆشنبیریی و ئاسوودەیی خوێنەرن).

مەحوی لە دیوانەکەیدا هێند ئەم واتایە سەرنجی ڕاکێشاوە لە چەند بەیتێکی تردا دوو بارەی کردۆ تەوە، بەڵام بەبارگەکردنی واتا و دەلا لەتی نویّ و لە کۆنتێکستی (سیاق) جیاجیادا.

هەر لەم فەزایەدا مەحوی دەڵێت:

کە دڵ دەتوێتەوە بۆ تۆ، دەکەی ئەو ڕۆژە تۆ بڕوا[٤]

کە خۆ دەرخەی وەکو خۆر دڵ وەکو شەونم لە خۆ بڕوا

دیسانەوە دەڵێت:

دەپرسی: بۆچی من دەرکەوتمو، دڵ بوو لە تو غایب[٥]

کە وەختیّ ڕۆژهەلات ئەڵبەت دەبیّ شەونم لەخۆ غایب

د یارە و شەی (غا یب) (رد الـصدر ع لـی الـعـجز)ەو تـ کراری سواو نییە.

دیسانەوە لە هەمان واتا دەڵێت:

تۆ کە دەرکەوتی، مەپرسە چی بەسەردێ جان و دڵ[٦]

حاڵەتی شەونم تەماشا کە بەوەقتێ ڕۆژهەڵات

دیسانەوە بۆ هەمان بابەت دەڵێت:

بە جیلوەی ئەو، وەکو شەونم، فڕی هەر عەقڵ و هۆشێ بوو[٧]

کە سێبەر مەحوە لەو جێیە هەتاوی لەحظە یەك لێ کەوت

وەك هێ مام بۆ کرد ئەقڵ لە کۆ مەڵگاو لە بوارە ئەکادیمیەکا ندا ڕە مزی ما نەوەو لۆژ یك و بەر قەراربوونی تاقیکرد نەوە سەرکەوتووەکانە، بەڵام سۆز بەپێ چەوانەوە دواکۆ تا و دوور لە هاوکێ شەکانی ئەقـ ڵە، مەحوی هەر دوو تەوەرە کەی ( ئەقڵ و سۆز)ی بە وزە نەبینراوو داهێ نەرەکان جێ گۆڕکێ پێ کردووەو بەهێزی میتافۆڕی مەڕ (عەقڵی عەقڵ)

پەنجەرەی دا خراوی  مەڕ وا تای فەر هەنگی وە ستاو لە بەردەم جیهانبینییەکی داهێنراودا کردۆ تەوە، دە شێت منی خوێنەر هەوڵی ئەوەش بدەم کە ئا یا خودی مەحوی لە ناواخنی بەیتەکانیا هێمای ڕاستەوخۆ هە یە بۆ دە قی کراوە یان نا؟ د یارە ئەم بەیتەی مەحوی جۆرە مۆرکێکی ئەو دەلالە تەی پێوەیە: (٨)

لەهەر شیعرێ لە دیوانت دەجۆشێ نەشئەیێ "مەحوی"

صەداییێکی لە یەکتر جویێ دەدا هەر تاری قانوونت

د یارە (نالی)یش هەمان جەختی لە سەر دە قە کراوە کانی خۆی کردوەو دەڵێت:

نەظمی (نالی) میثلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە(٩)

دوو ڕووە بۆ سەیری خاطر: یەك خەفی و یەك ئاشکار

٢- مەحوی دەڵێت:

**ئەگەر ئازادەگیەك بێ لە عەدەمدا بۆمان(١٠)**

**چی هەیە غەیری بەپێچی پەلەپەل داوی حەیات**

مەحوی وەك هەر شاعیرێکی سۆفی و عیر فانی میـتۆدی ژ یان و عەدەم بەخە ستی چۆکی داداوە تە سەر مەبە ستە تایبەتێکانی و بەڕەنگی جۆر بەجۆر لە هۆنراوەکانـیدا ڕەنگی داوەتەوە، سەرجەم وشەکانی نیوە دێری یەکەم جـگە لە (بێ) کراوەو سەر بە واتاگەلی جـیاازن، دیارە جـیاوازی وا تای وشە وەك خودی خۆی لە سیاقدا گۆڕانی چۆنێتی تری بە سەردا د ێت، ن یوە د ێری یە کەم ڕ ستەیەکی مەرجـ یە ( شرط) و وەڵامەکەشی لە نیوە دێری دووە مدا کۆتایی پێ د ێت، بیری سۆفی گەرایی لە هە ندێك حاڵە تدا نوقمی ڕە شبینییەکی سەرتاپاگیری دەبـێت و فەلسەفەی ژ یانیش لای ئەو دەبێـتە جۆر ێك لە نەهلـستیەت، وا تە دە سبەردان لە هەموو ئە گەرە پۆزەتیڤەکانی ژیان، خۆجاریش هەیە لیزگی نوورێکی ئیلاهی

دڕ بە تاریکیەکان دەدا و دەڕژێتە سەر پانتایی زامی گومان و دوودڵ یەکان، و شەی (ئە گەر) لە کۆنتێک ست ( سیاق)ی بەیتەکەدا نەگەشتۆتە بن بەست بوون و لە چەقی دەلالەتێکدا نەوەستاوە، (ئەگەر) دوو ئەنجامی دژیەك لە خۆیدا بارگە دەکا کە بوون و نەبوونە، ئایا لە عەدەمدا وەك مەحوی بەهێما پێمان دەڵێ ئازادی هەیە؟ وشەی (ئازادەگییەك) دیسانەوە وشەیەکی ئێجگار کراوە یەو دە شێت چەندان هیرمۆنتیکای پێ سەنتەر بکر ێت، ئا یا ئازادەگی لای مەحوی چییە؟ چ جۆرە سەربە ستییەکە جە ستەیی ڕۆ حی؟ یان هەردوکیان؟ ئا یا ئازادەگی لە خودی دەقەکەدا ناکاتە جۆرێك لە خامۆشبوونەوە یان پاکژبوونەوەی ڕۆح؟

د یارە وروژا ندنی بیری دوای ئازادەگییە کەی مەحوی پەیوەندارە بەو میتۆدە فەلسەفیەی کە پێی وا یە مرۆڤ بەر لە هاتنە دنیاوە لە (لوح المحفوظ)دا کەینونەی خۆی هەبووە وەك نەخش، د یارە ئەم بیری نەهلستیەی مەحوی ئەنجامی ئەو

د یْزاری و وەر سیەیەتی بەرام بەر کیْ شەو کۆ سپەکانی سەردەمەکەی، مەحوی وەك شاعیریْکی مۆڕاڵی، هەمیشە پابەندی بەها پیرۆزەکانی ژیان بووەو بەموو لای نەداوە لە ڕیسواکردن و بەکەم زانینی ئەو سۆسۆلۆژیا باوەی کە پشت بە دەسەڵات و بنەماڵەو نیْوەندی حوکم دەبەستێ و وەك هەر موتە نەوریْکی بویْری سەردەمەکەی دژی تەوژمی باو وەستاوەتەوەو کۆی لە هیچ چاوسوورکردنەوەیەك نەکردووە، (ئەگەر) بەهەردوو ئەنجامە پۆزەتیڤی و نیْگەتیڤیەکەیەوە، واتە بە بوونی ئازادی لە عەدەمدا یان نەبوونی، دەشیْت هەر لە ئەنجامدا پابەندەمان کات بە داوی پیْچەڵ پیْچی ژیان و لیْی ڕەها نەبین، فەنتازیای بوون (وجود) لای مەحوی لەنیْوان ئەم دیْڕەوە کەوتۆتە نیْوەندی دوو هیْزی ئەوتۆ کە بەدریْژایی میْژووی مرۆڤایەتی لە زۆرانبازیدان، دیارە ئەم فەلسەفەی بوون و نەبوونەو سەرەتاناد یارو پر سیار وروژیْنەکانی، قورسترین کیْشەی ئەنتۆلۆژیەو تائیْستا نەهاتۆتە سانابوون!

لە عەدەمدا ئازادەگی بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە هەبێ یان نەبێ مرۆڤ هەر دەبێت لە نێوەندی گرێ کوێرەکانی ژیاندا پێ بگیرێ و سەرسام بێت، واتە هەر لە ئەزەلەوە ئادەمی دەبێت لە بەردەم کەژی سامناکی مردندا چۆك داداو ئامادەگی هەمیشەیی هەبێت بۆی، دیارە ئامادەیی هەمیشەیی لای سۆفیزم دەکاتە خۆکۆکردنەوەو لە خواترسان و پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئاین، وشەی (عەدەم) دیسانەوە چ وەك خۆی و چ وەك سیاق کراوەیە بەڕووی دوو واتاو دەلالەتێکی ئەودیو دوو واتاکەش، کە یەکێکیان مردنی دوای ژیانەو ئەوی دیش هەر نەبوونە لە ئەزەلەوە، ئەمە جگە لە وشەی (بۆمان) کە چەند دەلالەتێك دەگرێتە خۆ، کە هەریەکەیان پانتاییەکی کراوەیە بەڕووی چەند واتایەکی تردا، (بۆمان) بەواتای بۆ (ئێمە) یان (بۆمانەوە) واتە درێژەدان، یان (بۆ ژیان) کە من ئەمەیان بە ستاندەرتر دەزانم لە هەموویان، دیارە مەحوی بەدەر لە شاعیرە کوردەکان بەوە ناسراوە کە سەبکی تێکستەکانی

قورسن و پێویستیان بە ماندووبوون و پەرت کردن (تفکیك) هەیە، دیارە مەبەستم بەدەر لە لۆژیکی فۆکۆ و ڕۆلان بارتە لە بوارە بونیاتگەراییەکەدا، ئەم گوێ پێدانە فرەیەی مەحوی بە سنعەت، لای هەندێ بە نەنگی کەوتۆتەوە، خوالێخۆشبوو عەلائەدین سەجادی دەڵێت:[11] (نازانم مەحوی چی ناچاری کردۆتە سەر ئەوە کە بەم جۆرە عەزیەتی خۆی بدا بۆ ئەوە شیعر دابنێ...) من وای بۆ دەچم ئەو حوکمانە جۆرە تاك ڕەهەندیەکیان پێوە بێت و لەگەڵ فەزای زۆربەی هۆنراوەکانیا نەگونجێن، ڕەخنەگری گەورە جورجانی دەڵێت: (شاعیریەتی دوور لە سنعەت وەك ئافرەتێکی شۆخی نەزۆکە، بەڵام ئەو دەقەی کە بەهرەو سەنعەتی تیا ئاوێزان دەبێت بەسەر تەڵ و نەوازەتر لەقە ڵەم دەدرێت، کاتی خۆشی ئەبو تەمام هەر بەهەمان تۆمەتی ئێستای مەحوی پێیان دەوت: بۆ شتێ ناڵێی کە خەڵکی لێی تێبگەن؟ ئەویش لە وەڵامدا دەیوت: ئەی ئەم خەڵکە بۆ تێنا گەن؟! مەحوی شاعیری نوخبەو دەستەی

گوڵبژێری سەردەمی خۆی بووەو هەمیشە ویستویێتی وا تا قووڵ و فەلسەفە ئامێزەکان مۆرکی تایبەتی هۆنراوەکانی بن، ئەمە جگە لەوەی کە هەندێك جار ئەبولعەلای مەعەری ئاسا ویستویێتی لە هەندێك چامەدا خۆی بە شتێکەوە ببەستێتەوە کە پێویست نییە (لزوم مالا یلزم) هەروەك کۆتایی هێنانی هەندێك چامە بە (چبکەم، ڕۆژ، شەو...).

٣- مەحوی دەڵێت:

خودا بیدا بەڕەحمەت، داغی دڵ، چاوی دڵە "مەحوی"[١٢]

بە گریە چاو ئەگەر چوو، شك دەبەم چاوێکی بیناتر

مەحوی لەم بەیتەدا کە دەتوانم بە شابەیتی (البیت القصید) قەسیدەکەو تەنانەت دەرەنجامی شیعری دانێم، مامەڵەیەکی نوێی هونەرمەندانەی بەجۆرێك لەگەڵ پێکهاتەی داهێنانەکەدا کردووە، کە لە حاڵەتە ئاساییەکەدا زەینیە فەرهەنگی و ڕۆژانەییە کەوەگوا ستویێتیەوە بۆدۆخی

شیعریەتێکی ئەوتۆ کە کۆمەڵێك ئەرك و پێداویستی نوێی خستۆتە ئەستۆی و شەو دەستەواژەکانەوە، دڵی بێ خەم و شاد لە میتۆدی عیشقی عیرفانی مەحویدا بەتاڵ و عەدەم ئامێزەو لە پانتایەکی بێ بەهادا گڕدەخواو دەخولێتەوە، تەنیا سەر چاوە، کە هێزەو گوڕوتین دەدا بە جیها نە بێ بەراییە کەی دڵو ئاوەدانی دەکا تەوە، ماکی ما نەوەو جیهانبینی پێ دەبەخشێت تەنیا خەم و داخە، ئازارو کسپە بەسوێکان ئەو خوێنە گەشەن کە هەمیشە سیستمی پێکها تە ئۆرگانیزمیەکانی دڵ وەگەڕ دەخەن، ڕستەی (داخی دڵ چاوی دڵە) هێند کراوەیە بەڕووی بیری خوێنەردا چەندان تەئویلی جۆر بەجۆر هە ڵدەگرێت کام داخ و خورپە یەی دڵ و کام چاوەشی؟! بەدوادا چوونی وەڵا می ئەو دوو پرسیارە لە تاك ڕەهەندیەوە دەمانباتە فرە مەودایی و گەلێ وا تا و مەبەست و سەرەنجام بەدەست دێ نێ، شیعریەتی ڕستەکە بریتییە لە فەزا یەك تەم و چڕی و وێناکردنی (تصور) جۆر بەجۆر، کە

لە گەڵ گۆكردنـ یدا پانتای یەك سەر سوڕهاتن دێـ تە  گۆڕێ،  با ئەوەش لەیاد نەكەم كە لەم دۆ خەدا تاقیكرد نەوە خود یەكانی  هەر خوێـ نەرێكیش هێـ ندەی  تر  گەرم و  گوڕیی  تەئویلی جۆربەجۆر ئەڕەخسێنێ، دیارە لەم ڕستەیەدا هەردوو  چەمكی شیعرییەت و هێرمونتیـ كا پێـ كڕا لـ كاون و هارمۆنـ یای تر پەی دڵی خەمبارو چاوی بە فرمێسكی دڵ ڕەنگ دەڕێژن.[١٣]

(پەیوەندی نـ ێوان  شیعرییەت و هێرمونتیـ كا پەیوەند یەكی تەواوكەرانەی سەركەوتووە، هێرمونتیكا لای تۆدۆروف لەیەك كا تدا دەكەوێـ تە  بەر و دوای  شیعرییەتەوە)،  مەحوی  هەر  لە سەرەتای بەیتەكەوە دەڵێت:

(خودا بیدا بەڕەحمەت)، وشەی (بەڕەحمەت) لە ڕەوانبێژیدا هونەرێكی واتاداری گرنگە، كە پێی دەڵێن (إحتراز) و لەهەمان كاتیـ شدا دژێـ كی  نەبینراوی لە گەڵ  خۆی  هەڵگرتووە  كە خوێـ نەری ور  یا دەبـ ێت هە ستی  پێ بـ كات  كە  ئەویش پێچەوانەی ڕەحمەتەو  بە  باری نێگەتیڤیدا دە شكێتەوە، وا تە

ئه گەر ئەو چاوی د ڵه كه لای سۆفییەكان (بـ صیرە)یە، خوا بتداتێ و بەڵام له بواری دژە ڕەحمەتدا بەكاری بهێنی تووشی كاره سات دە بی و بەزیان دە شكێتەوە بۆ خۆت و دەورو بەریش، مەحوی له ذ یوە د ێڕی دووە مدا له ئەركی مەعـنەوی د ڵەوە دەگوێزێ تەوە سەر ئەركی مادی چاو، كه گرنگترین ئامێری مرۆ ڤەو لەوێوە ئا شنا دە بین بە هەموو ئەو دیمەن و وێنەو توخم و دیاردانەی كه سەرا سیمەمان دە كەن و بەهاكانی ژیا نمان پێ دەبەخشن، د یاره لەدە ستدانی چاو له ئەنجامی هەڵهێنانەوە یەتی به ملواذ كه فرمێ سكی در شت و پیرۆز، كه دەكا تە كوژا نەوەی چرای تە مەنی عە شق و خامۆشبوونەوەی هێدی هـێدی تا لێواره بە سوێكانی مەرگ، بەڵام مەحویی وە ستاو شاعیری گەورە وەك كوت و پڕ یەكی چاوەڕوان نەكراو، وەك وزەی شیعریەتێكی بروو سكە ئا سا، چاوێكی جیا لەوەی پێشووتر، بە سیمای ژیا ندا هە ڵدەهێنێ كه گەو هەری مەعریـفەی سۆفیزمە، ڕستەی (چاوێكی بیناتر

شك دەبەم) كە ئالتەرناتیڤی چاوە ئاساییەكەیە، تێكستێكی ئێج گار كراوە یەو دە شێت گە مەی هونەرمەندا نە بەخوێ نەر بـ كات و بیخا تە كەڵكە ڵەی بەدوادا گەڕان و بیركرد نەوەی قووڵەوە، ئە مە جگە لەوەی كە ئەو ڕستەیە خۆی لە خۆیدا جۆر ێك لە سەر سەختی و مل نەدانی مەحو یە نەك بە تەنیا بەرامبەر بە نامۆبوونە ئەنتۆلۆژییەكەی ڕووناكبیرە گەورەكان، بەڵكو بە كارەسات و ڕووداوە سیاسیەكانی سەردەمی خۆشی، چونكە ئەم شاعیرە نەك شایەتە بە سەر سەردەمەكەیەوە بە تەنیا، بەڵكو ڕۆ ڵی تایـ بەتی و بەرچاوی شی هەبووە لەوە ستانەوەی بوێرا نەی بەڕووی تەوژمو شەپۆلە باوە نێگەتیڤەكانی دەسەڵاتی سەردەمەكەیدا. لە بواری ئەم جۆرە واتا كراوەو سۆفیزم ئامێزەدا، دوو ڕێباز سەرهەڵدەدا:(١٤)

( یەكێكیان ئەو نوو سینە سۆفیزمە تاك ڕەهەندا نەن كە تاقیكرد نەوە لادە خەن (انزياح) و بە تەنیا لایە نە زەیز یەكان تیۆریز مە دە كەن، وا تە ئەو پاذ تایی د ڵەڕاوكێ و شێواویەی

ذ یێوان نوو سەرو وەر گر، یان نوو سەرو خودی دەق لەدە ستدەدەن، بەڵام ئەو تێک ستانەی کە لە ئەنجامی گینگ ڵدان و تاقیکرد نەوەی سۆفیانەدا چاویان کردۆ تەوە پر شنگ دەدەن بە گ یانی سۆفیزم، گ یانی د لەڕاوکێ و خۆخوارد نەوەو پەرت بوون و شێواوی، کە ئەم حاڵە تەیان گیانی شیعرییەت دەگرێتەخۆ).

٤- مەحوی دەڵێت:

**بەهارێ بوو جوانی، بوو بە سوخرەی پایزی پیریی[١٥]**

**بەسەرچوو باخ و باقی ماوەوەی مشتێ چڵ و چێوە**

ئەم تێک ستە پێش لەدایکبوونی وەك شیعر لە و یژدانی شاعیرو سروشتی وزەکاندا بە سرکیی، چاوی هەڵهێناوە، بەر لەوەی دەقە کە گۆش بکر یێت، شاعیر بەدوا یدا و یێڵ بووەو ئەڵهای ڕامکردنی کردووە، دیارە زمانی ئەم خیتابەی مەحوی بە فەزا یەکی می تافۆر بار گە کراوە، جوانی و لاوی خەوێکی

بەهارەو لە دەمەدەمی پایزیی پیریا بەئاگادێت، ڕستەی (بوو بە سوخرە) دەقێکی کراوەیەو لە سیاقی بەیتەکەدا بەیەك وا تا دانا کەوێت، دە شێت سوخرە، لێرەدا لە (سخریە)ی عەرەبی واتە گاڵتەجاڕیەوە هاتبێ، خۆ دە شێت بەواتای زۆرو توندی بـ ێت وەك بە سوخرەبردن، وا تە کێڵ گە ڕەنگا ڵەیی و سوورمە چنەکەی بەهاری تە مەن لە بەردەم ڕە شەباو تۆفی پایزدا کزرو پەشمردە بووە، جۆگە لەکانی هەوە سبازی و لەزەت هەڵپرووکان، گەڵاو گوڵ و میوەی زەردو سووری باخی تەمەن بەرەو بەسەرچوون و خەزان دەڕۆن، جەستەی شەکەتی بەر هەڵەمووتی ژیان بریتیە لە مشتێ چڵو چێوی ئەوتۆ کە ئامادەگیی هەمیشەیی هەیە بۆ لەناوچوون و داڕمان؟ ئەم وا تا ئا ساییە[١٦] ( یان هە ندێ زاذ یاری دیاردە کانی تری ژ یان هەرگیز بە فێربوون ناتوانین بیانگەینێ، بەڵام بە چێژو لەزەت ڕام یان دە کەین)، یان کە مرۆۀ دەگا تە ئەو سەردەمی بەساڵا چوونە، ئیتر هەمیـ شە تاپۆی مردن لە بەردەمیا

هاتوچۆیەتی و بە ئامان و زەمان لێی جیانابێتەوە، واتە پیری و بیرکردنەوە لە مردن، تابلۆیەکی خەمباری ئاوابوونی خولیاو ئوم ێدە ئەرخەوانیەکا نە، تەنا نەت شەوقی ئەو سەردەمەش خامۆش و ساردبۆتەوە، بەڵام لای سۆفیەکان سەرەتای تاقیکردنەوەی حەشرو نەشرو ڕەحمەتی یەزدانەو دەشێت بەر لە مردن خۆی بۆ ئامادەکرێت، ئەوە نیە مەولەوی دەڵێت:

ئاخر سەفەرەن ڕاخەیلێ دوورەن

مەنزڵ بێ پایان تۆشە زەرورەن

لە سەرجەم بەیتەکەدا بەپێی میتافۆری شارراوە (الاستعارە الکنائیە) مرۆڤ درەختێکی ڕووت و قووتەو لە بەردەم زستانی مەرگدا یە، د یارە ز مانی هێ ما یەکێ کە لە خە سڵەتە درەوشاوەکانی شیعرییەت، مەحوی لەنێوان بەهارو پایزەوە دوو وەرزەکەی تری بۆ خوێنەر جێهێشتووە، بەهار پەڕیوە بۆ پایز بەسەر هاویندا، پایزیش پەڕیوەتەوە بۆ زستان بەهێمای مشتێ (چڵ و چێودا)، ئەمە جگە لە ڕامکردن و سانابوونی

وەرزە دژەکان لە پانتاییەکی تەباو چنینێکی سفت و سۆڵدا، د یارە ئەم دە قە کراوە یە لەم ئا ستەدا مەحوی[17] (خ ستۆتە نێوەندی دەسەڵاتی خۆیەوەو پێشی کەوتووەو کاریگەریشی خ ستۆتە سەر، ئە مە جگە لەوەی کە دەقە کە بەر لە شاعیر ئامادەگی دەلالی هەبووەو شاعیریش بەدوای ڕامکردنیا وێڵ بووە)، ئا لێرەدا ئەرکی شاعیری گەورە ئەم بەدوادا گەڕان و سۆراخ و وێڵ بوونەیە کە تا هە یە لە خاڵێکی مۆلە قەدا بەبێ ئۆقرەیی دەمێنێ تەوە. دە ستەواژەی (م شتێ چڵ و چێو) ئێجگار کراوەیە بەڕووی هیرمۆنتیکادا، کە دیارترینیان بە کەم و کورت زانی نی تە مەنی مرۆڤو بەهەدەر چوونی ژ یان و بێبایەخی و کاتبەندی تاقیکردنەوەکەیەتی، لەبەرامبەر ژیا نە هەتاهەتاییەکەی تر، لە بواری ئەم کێشە ئەنتۆلۆژیەی نێوان بوون و نەبوو ندا گەلێ بەیتی نەوازەو سەرتەڵ و تراون، کە لێرەدا دوانیان بە نموونە دێنمەوە:

نالی دەڵێت:

**شەوی بەهاری جوانی خەوێ بوو پڕ تەشویر[١٨]**

**لە فەجری پایزی پیریی بەیانی دا تەعبیر**

**هەروەها مەولەویش دەڵێت:**

**دڵ بییەن وەدار سەر کەل لای وەشت[١٩]**

**چەمە ڕای وایێن ڕیشەش بێ وە دەشت**

ئەو خورپەو دڵەڕاوکێیەی مەحوی کە لە ئەنجامی کێشەی وەرزەکا نەوە وێ نا دەکر یێت و شاعیر وە ستایانە لە سەر بەئادەمی کردنیا ندا کاردە کات، خۆی لە خۆ یدا جۆرێ کە لە ڕوانی نە شموولی یەکان، ئامێ تەکردنی دەرهاوی شتەی دیاردە کانی سرو شتو ژ یانی مرۆڤ، هۆ شیاری زە مەنی بەچڵ وچێوبوون لە ئاست بەهاری هەرزەکاری تەمە ندا، خۆی لە خۆ یدا تانوپۆی شیعرییەتی بەیتەکە یەو دەر گای جۆرە نامۆبوونێکی لەزەت ئامێز دەخا تە سەرڕ شت بۆ گ یانی تامەزرۆ و بێ ئۆقرەی شیعرگەراییمان:

٥- مەحوی دەڵێت:

**دڵ لە ئیدراكی حەقیقەت بێ بەشە بێ داغی عیشق[٢٠]**

**"مەحویا" دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بكا**

مەحوی لەم تێك ستەعیر فانی ئامێزەدا و شەو دەستەواژەكانی لە دەسەڵاتی فەرهەنگیی باو قوتار كردوون و خ ستوونیەتە ذ ێو پاذ تایی میتافۆری نو ێوەو لەو ڕێگا یەوە پەیوە ندی هو نەری تازەی چنیوە، لەنێوان كۆنتێك ستە ( سیاق)ە نوێكا نەوە هەوڵی فرەی داوە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، دڵی مەحوی بۆ گەشتن بە پێكها تە مەعریفیەكانی حەق، دەبێ تە وە هم و مەحاڵ، ئە گەرو ئازارو خور پەكانی عیشق پەنجەرەی ئەو حەقیقەتەی بۆ واڵا ئە كەن، لای مەحوی و لەم بەیتەدا گەشتن بە كا یەكانی حەق لە هۆش و عەقڵەوە دەست پێ ناكات، كە ئەمە خۆی ڕە فزی ئا مادەگی (حضور) عەقڵەو پەنابردنە بۆ جیهانە نەبینراو و تەماویەكانی دڵ، كە چاوگی خور پەو سۆزو كسپە بە سوێكانی عیشقەو هەمیشە

دەرزی ئاژنی خە مە گەورەکا نە کە بەدژ دەکەو نەوە لە گەڵ ئەقلانیەت و پێکهاتە دەلالییەکانی، د یارە وێناکردنی مەحوی بۆ گە شتن بەو فەزای حەقیقە تە دەبێت بەو چاوە بێ نایی بکرێت. قەرتاجنی لای وا یە[21] (بێ نەمای نامۆکردنی بارە دەروونی یەکان هۆیە کە بۆ هە ستکردن بە ستاتیکای دەق و بزوا ندنی سەر سوڕهاتن و واق وڕ مان)، لەم دە قە کراوە یەی مەحو یدا یەک سانیی ذ یوان و شەو مەدلول تێ یك دە چێت، تێ یۆریزەکردنی پێ شینەی وا تا لە سەر و شە ڕیتمێ کی تر وەردەگرێت، کە ئەویش هێمایە بۆ واتا ونەکان، ئەو واتایانەی کە خودی خوێ نەر سەرلەنوێ و لە دەرەوەی دە قدا دەینوو سێتەوەو جارێکی دی دەبێ تەوە بە داهێ نەر بەڵام لە فەزاو کەشێکی تردا.

٦- مەحوی دەڵێت:

کە سینەی رێشمی بەو تێغی نازە ئەنجن ئەنجن کرد[22]

وتی پەژموردەیە ئەم لالەزارە، ئاوی تێ دەگرم

لەم بەیتەدا مەحوی ئێجگار وەستایانە پەنجەرەی هێرمونتیکای لە میتافۆرە خەیاڵ ئامێزەکان کردۆتەوە، زۆر هونەرمەندانە جێ گۆڕکێی بە ئامێرەکانی هەست (ترا سل الحواس) کردووە، هەر لە سەرەتاوە سینەی زامداری بە ئاخ و خەمی خۆشەویستی بۆتە باخێکی سیس و ژاکاو، بەڵام نازی یار دەبێتە تیغ و هێندەی دی دڵی ئەنجن دەکاو بەخوێنی گەش گوڵاڵە سوورە سەر دەردێنێ (تیغی ناز) هێند کراوەیە دەشێت سێبەری کۆمەڵێك دەلالەتی جۆربەجۆر بخاتە سەر وێنای خوێنەر، دەشێت ناز دەرهاویشتەی قسە، یا نیگا، یان لەنجەولار یان هەڵسوکەوتی ئەفسوون ئامێز، یان... یان... ئەوەی کە دەبێت لەبیر نەچێت ناز لە سەرەنجامدا بۆتە ئاوو باخچەی دڵە ژاکاو و ڕەنگ پەڕیوەکەی ڕوون و گەش کردۆتەوە، واتە لە یەك چرکەداو لە فەزای یەك پانتاییدا، ناز بۆتە زام و دەرمان، گوڵ و ڕەشەبا، وجود و عەدەم، خوێنەر

بۆی هە یە بپرسێ (نان) و ئاو لە چیا تەبان و لە چیا لێك دادەبڕێن؟!

دە شێت لە وەلاّ می ئەم پر سیارەدا پە نجەرەی ئەنجامگیریەکی دی بکرێتەوە، کە ئەویش هۆو ئەنجام، پەرت بوون و پێ کڕا لـ کان، وا تە جووت بوونی د یاردە دژە کان و مەئلووف کردنیان لە چوارچێوەیەکی هونەریدا، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ماکی شیعرییەتێکی بەرچاوە[٢٣]، (دیارە دۆزینەوەی هاوکێ شە دژە کان، بەرپر سیارێتیی یە کەمی خوێ نەرە بۆ کەشفی ستاتیکاو ڕەهە ندەکانی دەق، لێرەدا دە شێت خودی تێک ستەکە ببێ تە ها ندەرو جووڵێ نەر، وا تە خوێند نەوە لەو دارو بارەدا دەبێ تە کارێکی قورس و دە شێت پ شت بە بەها ستاتیکی و ڕەوانبێژ یەکان ببە ستێ)، مەحویی شاعیرو وەستای بەهرەمەند بە بیری جواننا سی جێگۆڕکێ یەکی وردی لەنێوان سیفەتی ئاو و نازدا کردووە کە (تێگرتنە)، د یارە ئاو لە دۆ خی شلیدا ناگیرێ تە کەس، بەلاّم مەحوی بە هو نەری

مێ تافۆر خه سڵەتی ( نان)ی بەخ شیوه  بە  ئاو و گرتووێتـ یە باخچەی ژاکاوی دڵ،  ئەم کارگۆڕکێی توخما نه (ترا سل ع مل العنا صر) دەرهاوێ شتەی کرا نەوەی دەقێ کی  سەر ل ێوه  لە شیعرییەتدا.

٧-  مەحوی دەڵێت:

خەلاصی بوونی قەت ناوێ ئەسیری زوڵفی زنجیرت[٢٤]

لەبەر تیرت مەلەك بێ، هەڵفڕینی نەبووە نەخچیرت

ڕۆحی بێ ئۆقرەی مەل ئاسای مەحوی لە قەفەزی سینگەوه داویەتی لە  شەقەی باڵ و کەوتۆ تە داوی زوڵ فی زنجیرئا سای یارەوه، لە فەزای زوڵفیا وشەی (زنجیر) بەڕووی دوو مەدلولدا سەردەردێنێ، یەکێکیان جوانییەکەیەتی کە لوولە و ئەوی دی ئەو داوه  کرژ و پێچەڵپێ چەیە  کە  مەلی د ڵی ت یا بە نـد  بووەو قو تاربوونی نی یه،  هەردوو واتا کە  لە کێ شەیەکی هامبەر یدا (م توازن) ئام بازی  یەك بوونە تەوه،  مەحوی  بەم حاڵە شەوه

نەوەستاوە، بەڵکو وشەی (تیرت)ی هێناوەتە فەزای بەیتەکەو دەشێت کۆمەڵێك تەئویل هەڵبگرێت و هێندەی تر جیهانبینی خوێنەر لەو سیاقەدا فراوانترکات، دیارە ئەم گو تارە دەلا لەتی نویٚ نمایش دە کات کە ئەویش گوا ستنەوەی حا ڵە هیومانییەکەیە بۆ قووڵایی ئا سمان و فریشتە، د یارە و شەی (مەلەك)یش دەرگای هێمایەکی تر جگە لە بەئیٚذسان کرد نی، کە هەڵفڕین و ئا سمانە، ئاواڵە دەکات، لابردنی (انزیاح) واتای فەر هەنگی (مە لەك)و بە ستنەوەی بە کۆنتێکستی ( سیاق)ی زەوی و بەئادەمی کردنی فریشتە جۆرێکە لە خۆدەربازکردن لە ئا ستەنگی وە سفی ئامرازگەرای یە (الالـ یە)وە بۆ جیها نە بەپیتە کەی شیعرییەت، کە دەکا تە پەی بردن بە فەزا نەبینراوەکانی ڕۆح و وەستانەوە بەرامبەر تەوژمی وا تا باو و چەقیوەکان، د یارە دە قی کراوە[٢٥] (هەمیشە هانی خوێنەر دەدات بۆ نوو سینەوەی سەرلەنویٚ و دە شێت خوێنەریش کێڵگەی دەقەکان ئەم دیوەو دیوکات و بیوروژێنیٚ بۆ پێکها تە

**نویَ و تازەکان)، دیارە مەحوی بەم واتایە سەرسام بووە بۆیە لە چەند جێیەکدا هەمان واتا دووبارە دەکاتەوە:**

**ئەسیری زوڵفە دڵ، ئەی بازی غەمزە، غیرەتیَ حەیفە[٢٦]**

**زەلیل ئەم عەندەلیبە کەوتووە بەر دەستی قەل چاریَ**

## ئەنجامگیری

خوێنەری ئازیز د یارە من گەلێك دەقی کراوەم لە دیوانە کەدا دەستنیشانکردووەو تەنیا بەم حەوت بەیتە وازدەهێنم و وەك هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی ئەم چەند ئەنجامگیریە دەستنیشان دەکەم:

١. زۆربەی دەقە کراوەکانی مەحوی لەو قەسیدانەدا بەدەر دەکەون کە تاقیکردنەوە زیندوو و ڕۆحیەکانی شاعیری تیا بەدی دەکرێت و لە پانتایە یەکانی ڕێبازی عەشق و سۆفیگەریدا خول دەخۆن.

٢. دیاردەی شیعرییەت و هیرمۆنتیکا (تأویل) لەو دەقە کراوانەدا بەزەقی دەردەکەون و بە هەردووکیان مۆری داهێنانی ڕەسەن دەنەخشێنن.

٣.  زۆربەی دە قە کراوە کانی  مەحوی لە پاذتایی  بەهرەو سنعەتدا چاو دەکەنەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە ڕێژەی ئا مادەگی بەهرە تایبەتەکە پتر لە سنعەت دەدرەوشێتەوە.

٤.    لە دە قە کراوەکا ندا  مەحوی  تەك و زوو  خۆی  لە  شێوازی  سەبکی هیدندی  گرژ و  سنعەت  ئامێز پارا ستوەو گەڕاوە تەوە  سەر ڕێچکەکەی  نالی و  سالم و  کوردی،  کە  بە سەبکی عێراقی ناوزەد دەکرێن.

٥.   لە بەرام بەر دە قی  کراوەدا  مەحوی دە قی دا خراوی زۆرەو   لە   بوارە پە  ند   ئامێزو   ستایش و   سکاڵاکان و هەجوەکاندا دەردەکەون.

٦.  لە دەقە کراوەکاندا هەست بە ڕیتمی مۆزیکی ناوەوەی بەیتەکان دەکرێت و جۆرە خوڕی و گەرم و گوڕیەکی ئاوازەیی تیا بەدی دەکرێت.

## سەرچاوەکان:


1) ڕۆژنا مەی هەرێمی کورد ستان، ژ مارە (٤٠١)، دە قی داخراو دەقی کراوە، ڕەئوف عوسمان.

2) دیوانی مەحوی، ل١٦، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپخانەی کۆڕ، بەغداد، ١٩٧٧.

3) فی الشعریه، کمال أبو دیب، ص٨٤.

4) دیوانی مەحوی، ل٣٥.

5) هەمان سەرچاوە، ل٥٢.

6) هەمان سەرچاوە، ل٥٧.

7) هەمان سەرچاوە، ل٨٦.

8) هەمان سەرچاوە، ل٧٥.

9) دیوانی نالی، ل٤٣٩.

١٠)دیوانی مەحوی، ل٦٤.

١١) هەمان سەرچاوە، ل٥٦٢.

١٢) هەمان سەرچاوە، ل١٢٧.

١٣)الشعرية، تودوروف، ص٢٤.

١٤) في الشعرية، كمال أبو ديب، ص١٠٣، الطبعة الأولى، ١٩٨٧، لبنان، بيروت.

١٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٩١.

١٦)المشاكلة والاختلاف، ص١٠٠،دكتور عبدالله محمد الغذامي، المغرب، دارالبيضاء، ١٩٩٤.

١٧)المشاكله والاختلاف، ص٩٧.

١٨)دیوانی نالی، ل٢٠٤.

١٩)دیوانی مەولەوی، ل٢٠١.

٢٠)دیوانی مەحوی، ل١٩.

٢١)المشاكله والاختلاف، ص٦٨.

٢٢)دیوانی مەحوی، ل٢١٩.

**٢٣)المشاكله والاختلاف، ص١٠٦.**

**٢٤)دیوانی مەحوی، ل٦٦.**

**٢٥)المشاكله والاختلاف، ص١٠٢.**

**٢٦)دیوانی مەحوی، ل٢٩٩.**



تێکستی ئەدەبی ئەو قەواڵە مرۆڤ کردەیە، کە بەدەر لە سنووربەندییەکانی کات و جێگا، هزر و سۆز و هەستەکانی مرۆڤ دەگرێتە خۆ، ئامێتەبوونی هاوکێشەی تێکست و بیری مرۆڤ درێژەدانە بە تەوژمی رەهەندەکانی مەعریفە، خوێنەر و دەق ئەو دوانەیەن کە بێیەك نایان کرێ و بەهەردووکیان کردەی درێژەدانی سەرومڕ بە ژیان و مێژوو بەرهەم دێنن، پرۆگرامی ئەم کتێبە بریتییە لە نرخاندنی ئاستی پەیوەندێکانی مرۆڤ و دەق لە هەلومەرجی بوارەکانی داهێناندا